WWW.RUDAW.NET


# رووداو RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (329) دووشەممە 2014/10/13 21ی رە... (750) دینار

ناسر رەزازی:

## پارەی کۆنسێرتە خێرخوازیەکەمان خورا



**رووداو- هەولێر**

ناسر رەزازی، هونەرمەندی هەرە ناسراوی رۆژهەڵاتی کوردستان رایگەیاند، ئاهەنگێکی خێرخوازییان بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکانی رۆژئاوای کوردستان کە لە سلێمانی بەڕێوەچوو، مایەپووچ بوو، لەبەرئەوەی هەموو پارەی کۆنسێرتەکە خورا.

ناسر رەزازی لە هەڤپەیڤینێکی درێژدا لەگەڵ (رووداو)، دەڵێت کە لەگەڵ هونەرمەند نەجمەدین غولامی کۆنسێرتێکی هاوبەشیان کردووە بۆئەوەی یارمەتی ئاوارەکانی رۆژئاوای کوردستانی پێ بدەن "بەڵام بەداخەوە پارەکەی خورا".

ناسر رەزازی کە لە سوێدەوە بە تەلەفۆن قسەی دەکرد، گوتی "من حەزناکەم ناوی کابرا بهێنم، بەڵام برادەرێک پارەکەی خوارد و کێشەکە کەوتە دادگا و ئێستاش کەس نازانێت پارەکەی چی بەسەر هات. پارەی هەموومان خورا، ئەو پارەیەش کە بڕیار بوو کۆبکرێتەوە ئەویش خورا".

ناسر دەڵێت داهاتی ئەو کۆنسێرتە نزیکەی 30-40 هەزار دۆلار بوو.

7 »



## شەڕڤانە ئەمریکییەکەی PYD بریندارە

6



مستەفا چاوڕەش:

## قاسم سلێمانی لێرەیە و بەری رۆژ بە بێژینگ ناگیرێ

3



## خواست لەسەر کڕینی ئۆتۆمبێل 50% دابەزیوە

8

# دانیشتنی پارتی و یەکێتی بەنێوانگیری نەوشیروان مستەفا بووە

3 »










ئاسیاسێل
کۆماندەکاتەوە

ئێستا لەگەڵ هێڵی "خەڵاتی نوێ"
١٧,٠٠٠ دینار باڵانس + 1GB ئینتەرنێت
تەنها بە ١٧,٠٠٠ دینار


هێڵی خەڵاتی نوێ
نۆفەرێکی بەردەوام

بۆ یەکەمجار لە عێراق و لە ئاسیاسێڵەوە، لەگەڵ پاکێجی «خەڵاتی 1GB» مانگێک ١٧,٠٠٠ دینار بدە و ١٧,٠٠٠ دینار باڵانس وەربگرە لەگەڵ 1GB ئینتەرنێت، کە دەتوانیت بۆ ماوەی ٣٠ رۆژ بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانت بەکاریبهێنیت.
یان پاکێجی «خەڵاتی 250MB» هەڵبژێرە بە نرخی هەفتانەی ٥,٠٠٠ دینار و ٥,٠٠٠ دینار باڵانس وەربگرە لەگەڵ 250MB ئینتەرنێت.
* بەشداربوو دەتوانێت بەشداریی زیاتر لە پاکێجێک بکات و تازەکردنەوە بەپێی دوا پاکێج دەبێت.
بۆ بەشداریکردن پەیوەندی بکە بە # 282 *

/AsiacellConnect

www.asiacell.com ١٣١/١١١ خزمەتگوزاریی بەشداربووان

رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (329) دووشەممە 2014/10/13



## تاتڵیسەس: کۆبانێ ناکەوێت

**رووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژی ناسراوی تورکیا ئیبراهیم تاتڵیسەس پەیامێک لەسەر کۆبانێ بڵاودەکاتەوە و دڵنیایی خۆی دەردەبڕێت کە کۆبانێ ناکەوێت. تاتڵیسەس لە پەیامەکەیدا کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاویکردووەتەوە دەڵێت "ئەگەر کۆبانێ بکەوێت، مرۆڤایەتی دەکەوێت. بەڵام کۆبانێ ناکەوێت، بە پشتی خودا سەرجەم جیهانی مرۆڤایەتی هەستاوەتە سەرپێ. بەڵام نابێت خۆپێشاندانەکان توندوتیژییان تێدابێت، پێویستە بە هێمنی و هێواشی ئەنجام بدرێن". ماوەیەک پێش ئێستا مەحسون قرمزیگوڵیش لە رێگەی ئینستاگرامەوە وێنەی خۆی و ژمارەیەک هونەرمەندی بڵاوکردەوە کە داوای پشتگیری بۆ کۆبانێ دەکەن.

# ئاوارەی فەلەستینیش گەیشتنە کوردستان

**شارمیلا دیڤی**
**رووداو- بەحرکە**

ئیبراهیم مەحمود فەهمی دووجار ئاوارەیە. ئەو پیاوە بە تەمەنە فەلەستینییە لە ساڵی 1948 شاری حەیفای ئیسرائیلی جێهێشت و لە موسڵ گیرسایەوە. لە موسڵیش لەدوای هێرشی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ سەر شارەکە ئاوارەی هەولێر بوو.

ئیبراهیم دەڵێت "ئەم گرووپە لە دژی هەموو کەسێک و هەموو شتێکن بەناوی ئاینەوە. یان دەبێت پەیوەندییان پێوە بکەی یان دەتکوژن. بۆیە بڕیارماندا شارەکە جێبهێڵین".

ئیبراهیم لەگەڵ هاوسەرەکەی و کوڕەکەی لە کەمپی بەحرەکە گیرساونەتەوە. نزیکەی 3000 کەس کە دەکاتە 750 خێزان لەناو خێمەکانی ئەو کامپەدا نیشتەجێبوون و رێکخراوەکانی وەک UNHCR و BCF و دەزگای خێرخوازیی بارزانی هاوکارییان دەکەن.

فەلەستینیەکانی عێراق لە رابردوودا وەک گومانلێکراو تەماشا کراون، بەهۆی پەیوەندی نزیکی رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی بە رژێمی سەدام حوسێنەوە. ئەمەش پاش داگیرکردنی کوێت لەلایەن سەدام لەساڵی 1990 و پشتگیری یاسر عەرەفاتی سەرکردەی ئەو رێکخراوە بۆ سەدام زۆرتر دەرکەوت.

بەرپرسانی موسڵ ناسنامەی عێراقییان بەو خێزانە فەلەستینییە نەداوە، بەڵام وەک پەنابەر لەلایەن کۆمیسیۆنی پەنابەرانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە بەحرەکە ناویان تۆمارکراوە.



ئیبراهیم و ژنەکەی لەژێر خێوەتێکی کەمپی بەحرکەدا

سەمیر ئیبراهیم، فەلەستینیەکی دیکەیە کە هاتبوو بۆ سەردانی ئیبراهیم لە خێمەکەی، گوتی لە ساڵی رابردووەوە دوژمنایەتیکردنی فەلەستینیەکان لەلایەن عەرەبەکانی عێراقەوە تەواو زیادی کردبوو.

"ساڵێک بەرلەوەی داعش کۆنترۆڵی شارەکە بکات، دەمانزانی دۆخەکە بەرەو خراپبوون دەچێ و ژیانمان لە مەترسیدایە". سەمیر دەڵێ "دەمەوێ بەتەواوی عێراق جێبهێڵم و بڕۆمە شوێنێکی دیکە. ژیانی خۆم تەواو بووە، بەڵام دەمەوێ منداڵەکانم ژیانێکی باشتریان هەبێت".

فەهمی دەستی بە چاوەکانیدا هێنا لەکاتێکدا تەماشای ژنەکەی دەکرد، گوتی "زۆر دەترسین لە هاتنی زستان، هەر لەئێستاوە ئاوی خۆشووشتن سارد بووە. چیبکەین کاتێک دەرەوە بە تەواوی دەیبەستێ؟ چی بکەین؟".

بەشی گڵۆپێک و پانکەیەک کارەبا بۆ ناو خێمەکان راکێشراوە، بەڵام ژێر زەوی ناو خێمەکان لە زستاندا پڕ دەبێت لە قوڕ.

رێکخراوە مرۆییەکان لە هەوڵی دابینکردنی پلاستیکن بۆ پۆشینی خێمەکان و دابینکردنی بەتانی زیاتر، بەڵام لە توانایاندا نییە شتێک دابین بکەن بۆ بەرگرتن لە قوڕی زستان لەکاتی باران بارینی.

لە نزیکەی 1.8 ملیۆن ئاوارەی ناوخۆی عێراق لەسەرەتای ئەمساڵەوە، هەرێمی کوردستان نیوەی ئەو ژمارەیەی بەرکەوتووە. جگە لەو ژمارەیەش 250 هەزار ئاوارەی رۆژئاوای کوردستان و سووریا لە هەرێمی کوردستانن.

ئەو سەدان هەزار ئاوارەیەی هاتوونەتە هەرێمی کوردستان بە فەلەستینیەکانیشەوە، جەژنیان نەکرد. بەڵام خەڵک و رێکخراوی BCF گۆشتی مەڕ و مانگایان بەسەر ئاوارەکاندا دابەشکرد.

"خەڵکی لەکاتی جەژندا گۆشت دەخۆن. زۆر خەمبارم بۆ ئەو خەڵکە، بۆیە بڕیارمدا هاوکاریەکیان پێشکەش بکەم". ئەمە قسەی شێرزادە کە دوو بزنی هێنابوو بۆ قەسابخانەی هەولێر بۆ سەربڕین تا دابەش بکرێت بەسەر ئاوارەکاندا.

لەو قەسابخانەیە، خۆبەخشەکانی BCF سەرقاڵی جیاکردنەوەی گۆشت بوون لەناو عەلاگەدا بۆ دابەشکردن بەسەر ئاوارەکاندا "کونسوڵخانەی ئیمارات 300 مەڕی دابینکردبوو، بەڵام باقییەکەی لەلایەن خەڵکی خێرخوازەوە دابینکرا". ئەمە قسەی ئیسماعیل عەبدولعەزیز لێپرسراوی بەشی بەخشینە لە رێکخراوی BCF.

## هەر قوتابیەک 7 هەزار دیناری لێوەرگیراوە

# لە چوارقوڕنە کورسی بە قوتابیان دەکڕدرێت

**فەرمان چۆمانی**
**رووداو- چوارقوڕنە**

لە قوتابخانەی کۆلێنی بنەڕەتی لە شارۆچکەی چوارقوڕنەی سەر بە قەزای رانیە، کۆبوونەوە بە دایکان و باوکان دەکرێت و دواتر داوای پارەیان لێدەکرێت بۆ کڕینی کورسی دانیشتنی قوتابیان، ئەمە لە کاتێکدایە وەزارەتی پەروەردە بڕی 10 ملیۆن دۆلاری لەبەردەستە بۆ کڕینی کورسی و مێزی قوتابیان.

بەپێی زانیاریەکانی (تۆڕی میدیایی رووداو)، ئیدارەی ئەو قوتابخانەیە بە ئامادەبوونی سەرپەرشتیارێکی پەروەردەیی کۆبوونەوەی بە دایک و باوکانی قوتابیان کردووە و دواتر پێیڕاگەیاندوون کە کورسی دانیشتنیان دەستناکەوێت و دەبێت پارە بدەن بۆ کڕینی کورسی.

ئیدارەی قوتابخانەکە بڕیاری داوە بڕی 7 هەزار دینار لە هەر قوتابیەک وەربگرێت، بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی کۆکردنەوەی ئەو پارەیەش نەکەوێتە سەر مامۆستایان و پەروەردە، دوو کەس لە کەسوکاری قوتابیان بۆ کۆکردنەوەی پارەکە کراون بە لیژنە، چونکە کۆکردنەوەی پارە لە ناوەندەکانی خوێندن قەدەغەیە.

م. بەکر گەدرون، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە پشتڕاستیکردەوە کە پارەیان لە کەسوکاری قوتابیان وەرگرتووە بۆ کڕینی کورسی دانیشتنی قوتابیان و گوتی "چەندینجار چووینەتە پەروەردە و پێمانگوتوون کورسیمان نییە، بەڵام بۆیان دابین نەکردووین، لە کۆبوونەوەی دایکان و باوکانیش خۆیان بڕیاریانداوە چارەسەری ئەوە بکەن، بەڵام پەروەردە ئاگادارە و پارەکەش بۆ من نییە و وەستا هاتووە بۆ کورسی دروستکردن.

ئەو قوتابخانەیە بە کابینە دروستکراوە و ژمارەی قوتابیەکانی 190 قوتابییە و تاوەکو پۆلی 8ی بنەڕەتی تێدا دەخوێندرێت. بەپێی زانیاریەکانی (رووداو)، قوتابیان لەسەر دۆشەک دانیشتوون و بەشێکیشیان لەسەر تەختەی کۆنی قوتابخانەکانی دیکە دانیشتوون.

هەروەها ئەو قوتابیانەی کە پارەیان نەداوە، رۆژی 2014/9/28 ناویان خوێندراوەتەوە لە ناو پۆلەکانی خوێندن و ئاگادار کراونەتەوە کە پارەکە بهێنن.

یوسف جەلال، لێپرسراوی راگەیاندنی پەروەردەی رانیە بە (رووداوی) گوت "راستە کۆکردنەوەی پارە قەدەخەیە و ئێمە لەگەڵ کۆکردنەوەی پارە نین بەهیچ شێوەیەک، بەڵام ئەم پارەیە لەلایەن کەسوکاری قوتابیان کۆکراوەتەوە وەک کۆمەک و ئێمەش وەک پەروەردە بە نووسراو سەرووی خۆمان ئاگادار کردووەتەوە بۆ دابینکردنی کورسی و لە ئایندەیەکی نزیکدا کورسییان بۆ دێت".

وەرگرتنی پارە لە قوتابیان لە کاتێکدایە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی 10 ملیۆن دۆلاری بۆ کەرتی پەروەردە تەرخانکردووە، وەزارەتی پەروەردەش بڕیاری داوە بەو 10 ملیۆن دۆلارە کورسی و مێز بۆ قوتابخانەکان بکڕێت.

دروستکردنی ئەو کورسیانە لە رێگەی تەندەرەوە درایە کۆمپانیایەک، بەڵام بەپێی زانیاری (رووداو) لیژنەی وەرگرتنی کورسییەکان بەهۆی خراپی کواڵێتی کورسییەکان، وەرگرتنی کورسییەکانی لەو کۆمپانیایە راگرتووە.

بورهان ئەرگۆشی، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی پەروەردە پێشتر وردەکاری کڕینی کورسییەکانی بۆ (رووداو) باسکردبوو و گوتبووی "بڕی 10 ملیۆن دۆلارمان بۆ دابینکراوە بۆ دروستکردنی 300 هەزار کورسی تاک و 150 هەزار کورسی جووت. پڕۆژەکە خرایە تەندەرینەوە و بۆ کۆمپانیایەک دەرچوو".

# سلێمانی مانگانە 3 ملیۆن دۆلار دەسووتێنێ

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**رووداو- سلێمانی**

کاتێک بەبازاڕی جگەرەفرۆشانی سلێمانیدا تێدەپەڕیت، تەنیا شتێک هەستی پێدەکەیت، ئەو بێدەنگیەیە کە باڵی کێشاوە بەسەر بازاڕەکەدا، بەڵام بەپێچەوانەی بێدەنگیەکەی، وەک کاسبکاران دەڵێن گەرمترین مامەڵەی تێدا دەکرێت "ئەو پارەیەی لێرە مامەڵەی پێوە دەکرێت هەمووی بۆ سووتاندنە".

ئازاد عەلی، خاوەنی کۆمپانیایەکی تایبەت بەهاوردەکردنی جگەرە لە باشووری کوردستان، باس لەوە دەکات کە ئێستا بڕێکی زۆر جگەرە دەفرۆشرێت لەناو خۆی شاری سلێمانی، گرانترین جگەرەش جگەرە ئەڵمانی و هۆڵەندییەکانە کە بەقاچاخ دێنە بازاڕەوە و جگەرەی کۆریش هەرزانترین جۆری جگەرەیە.

لە بازاڕی جگەرەفرۆشانی سلێمانی زیاتر لە 150 جۆر جگەرە هەیە، 25 جۆر لەو جگەرانەش جگەرەی مارلیبۆرۆیە کە زۆرترین داواکاری لەسەرە. ئازاد عەلی دەڵێ "تەنیا لەناوخۆی سلێمانی، لە مانگێکدا 3 ملیۆن دۆلار بەجگەرە دەسووتێ".

لەتیف رەحمان، کە جگەرەکێشە دەڵێت "پارە بەرگەی هەموو شتێک دەگرێت، بەس بەرگەی جگەرە ناگرێت".

لە بازاڕەکانی شاری سلێمانیدا مانگانە زیاتر لە 15 هەزار کارتۆن جگەرە دەفرۆشرێت، هەر کارتۆنێک 50 پارچە جگەرەی تێدایە، هەر پارچەیەکیش 10 پاکەت جگەرە لەخۆدەگرێت، لەهەر پاکەتێکیشدا 20 جگەرە هەیە، بەپێی ئەو ژمارانە، مانگانە 150 ملیۆن جگەرە دەکێشرێت لە سلێمانی.

ئەنوەر مەحموود، وەک جگەرەفرۆشێک زیاتر مامەڵەی جگەرەفرۆشی لەگەڵ بازاڕەکانی دەرەوەدا دەکات. ئەو دەڵێت بەشی زۆری ئەو جگەرانەی دێنە بازاڕەکانی باشووری کوردستان، دواتر دەنێردرێتە بازاڕەکانی دەرەوە. وەک ئەو باسیکرد، لە مانگێکدا 200 کۆنتێنەر جگەرە کە هەر کۆنتێنەر هەزار کارتۆن جگەرەی تێدایە، لە رێگەی سەرمایەدارانی کوردەوە دەچێتە دەرەوەی سنوورەکانی باشووری کوردستان "مانگانە بایی 40 ملیۆن دۆلار باشووری کوردستان مامەڵەی جگەرە لەگەڵ دەرەوە دەکات".

ئازاد عەلی، باس لە گەرمیی بازاڕەکەیان دەکات کە کێشە داراییەکەی باشووری کوردستان هیچ کاریگەری نەبووە لەسەر ئەو مامەڵانە لەو بازاڕە "هیچ قەیرانێک بازاڕی جگەرەفرۆشی راناگرێت، چونکە ئەوانەی جگەرە دەکێشن، لە جگەرە کێشانی خۆیان ناکەون".

لەنێو ئەو 150 جۆر جگەرەیەی لە بازاڕەکانی شاری سلێمانیدا دەفرۆشرێت، وەک جگەرەفرۆشان باسیانکرد، زۆرترین داواکاری لەسەر جگەرەی مارلیبۆرۆیە کە لە مانگێکدا 2 هەزار کارتۆنی لێدەفرۆشرێت. ئەوەش دەکاتە 20 ملیۆن جگەرە لە مانگێکدا، کەمترین داواکاریش لەسەر جگەرەی دوبەیە "چونکە لە بازاڕدا باس لەوە دەکرێت کە 60%ی تووتنەکەی لە مقەبا دروست دەکرێت". ئازاد عەلی وایگوت.

شەقامی پۆزەکە لە شاری سلێمانی، بە شەقامی سەرەکی گەڕەکی بەختیاری دەگوترێت کە خەڵکی، بەتایبەت گەنجان نمایشی ئۆتۆمبێلە گرانبەهاکانی تێدا دەکەن، خەڵکیش بەو کارە دەڵێن پۆز، بەڵام ئێستا لە بازاڕی جگەرەفرۆشان بە گرانترین جۆری جگەرە دەڵێن جگەرەی پۆز، ئەو جگەرەیەش جۆرێکی جگەرەی مارلیبۆرۆیە کە بە قاچاخ لە هۆڵەندا و ئەڵمانیاوە دەگاتە کوردستان و لە بازاڕدا بە جگەرەی ئەڵمانی ناسراوە.

"ئەم جۆرە بەهۆی گرانیی نرخەکەیەوە لە مانگێکدا 20 کارتۆنی لێدەفرۆشرێت، چونکە یەک پارچەی بە 120 هەزار دینارە، واتە پاکەتێکی بە 12 هەزار دینارە، جیاواز لە جگەرەکانی دیکە پاکەتێکی 19 جگەرەی تێدایە، هۆکاری گرانییەکەشی ئەوەیە کە کوالێتی ئەورووپی هەیە، بە بڕوای من خەڵکی بۆ پۆز دەیکێشن". ئەنوەر مەحموود وایگوت.



# باشووری کوردستان یەکەم شەهیدی ژنی دا

## رەنگین بۆ هاوسەرەکەی:

## ئەگەر هەردووکمان شەهید بین، کێ بەسەرهاتەکەمان بۆ منداڵەکانمان بگێڕێتەوە



**شادیە رەسوڵ**
**رووداو- سلێمانی**

ئەوانەی گردبووبوونەوە چاوەڕێی هەواڵی شەهیدبوونی رەنگینی پێشمەرگەیان نەدەکرد، چونکە لەوەتەی شەڕی داعش لەگەڵ پێشمەرگە هەڵگیرساوە، هەواڵێکی لەو جۆرە لە بەرەکانی شەڕەوە نەهاتووە. دایکی رەنگین سەرەڕای ئەو کۆستە گەورەیە، بەڵام دڵخۆشیشە بەشەهیدبوونی کچەکەی لە پێناوی نیشتیماندا.

نەقیب رەنگین یوسف، تەمەن 25 ساڵ، خاوەنی 2 منداڵ بوو (یەسنا 2 ساڵ و مەسنا 9 مانگ)، رۆژی 2014/10/5 لەگەڵ پێشمەرگەکانی لیواکەی دەکەونە بەر هێرشی چەکدارانی داعش لە ناوچەی داقووق و بریندار دەبێت، دوای پێنج رۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە گیان دەسپێرێ.

سیامەند حوسێن، هاوسەری رەنگین، کە پیاوێکی باڵا مامناوەندە، خەمێکی گەورە لە روخساریدا بەدیدەکرا. ئەو گوتی "ئێمە هەردووکمان پێشمەرگەین، بەڵام من زیاتر دەچووم بۆ بەرەکانی شەڕ، ئەو پێشتر بەشداری شەڕی نەکردبوو، بەردەوام خەمی منی بوو".

سیامەند هەرگیز ئەو شەوە لەبیرناکات کە رەنگین پێیگوتووە "ئەگەر هەردووکمان شەهید بین، کێ بەسەرهاتی من و تۆ، بۆ منداڵەکانمان بگێڕێتەوە".

سیامەند باسی ئەو بەیانییەش دەکات کە رەنگین خۆی ئامادەکرد بۆ چوونی بۆ بەرەکانی جەنگ "رەنگین پێیگوتم ئەو جلە کوردیانەم بۆ ئوتو بکە، منیش گوتم جلی کوردیت بۆ چییە؟ گوتی بەبێ جلی کوردی ناڕۆم بۆ شەڕ".

موقەدەم نەسرین حەمەلاو، دایکی رەنگین لە نێو ژنەکانی دیکەدا بە بێدەنگی دانیشتبوو، بێجگە لە رەنگین 3 کچی دیکەی پێشمەرگەیە، هەروەها 2 کوڕی شەهیدن. نەسرین لەسەرخۆ گوتی "دڵخۆشم کە کچەکەم سەربەرزانە لە پێناوی کوردستاندا شەهید بوو".

نەقیب فائیزە عەزیز، هاوڕێی رەنگین لە نێو هاوڕێکانیدا بە بێدەنگی فرمێسکەکانی دەسڕی و خۆی بە تاوانبار دەزانی، چونکە پێیوایە ئەو بەرپرسە لە مەرگی رەنگین "دەبوایە من لە جیاتی ئەو بمرم. من مانگێک لەبەرەکانی شەڕ بووم لە داقووق، بڕیار بوو لە یەکەم رۆژی جەژن دەوام بکەمەوە، بەڵام نەمتوانی. ئەو گوتی من لە شوێنی تۆ دەڕۆم".

رەنگین لە لیوای 106ی فەوجی ژنان پێشمەرگە بوو، پلەکەشی نەقیب بوو. ئەوان بەخێزانەوە پێشمەرگەن، هاوسەرەکەی، دایکی و سێ خوشکی.

ئەوکاتەی رەنگین بریندار دەبێت، نەقیب مژدە سەعید، کە هاوڕێیەتی لەگەڵیدا دەبێت، مژدە گوتی "ئازایەتی ئەوم هەرگیز بیر ناچێتەوە، کاژێر 4ی ئێوارە بوو کە هێرشەکەی داعش دەستیپێکرد، هەموومان ئامادەبووین، دوایین قسەی رەنگین کە گوێم لێبوو گوتی کچەکان هەمووتان کۆببنەوە، لەو کاتەدا دەنگێکی گەورە هات، رەنگین وەستا بوو، بانگم کرد، تەنیا تەماشایەکی کردم و خوێن بە دەموچاویدا هاتەخوارەوە، کاتێ تەماشام کرد ساچمە تۆپێک بەر سەری کەوتبوو".

## کەمپینی نووسەران و هونەرمەندان بۆ پشتیوانیکردن لە کۆبانێ

کۆبانێ تەنیایە، سترانی خنکانی دەڵێ، دەبێ هەمووومان هەناسەبین بۆی، پێویستە هەموومان هاودەنگی ئەم حوزنەی بین، هونەر دەبێ بۆ کۆبانێ بێتە دەنگ، رەنگەکان ئازارەکانی بکێشن، نووسەران خەمەکانی بنووسنەوە.

ماڵی هونەر لە شاری هەولێر رۆژی دووشەممە 2014/10/13 دەبێتە مەکۆی نووسەر و هونەرمەندە دیارەکان بۆ کۆکردنەوەی واژۆی پشتیوانیکردن و دەربڕینی هاوخەمییان بۆ کۆبانی.

رۆژ: دووشەممە: 2014/10/13

شوێن: ماڵی هونەر- هەولێر

ناونیشان: شەقامی 100 مەتری بەرامبەر بەنزینخانەی ئاکار

کاتژمێر: 6ی ئێوارە

هاتن بۆ هەمووانە

ڕووداو
ژمارە (329) دووشەممە 2014/10/13

## دڵی بارزانی بۆ کۆبانی پارچە بووە



**ڕووداو- هەولێر**

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڵێ ئەو سنوورانەی دوای ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ دانراون، پیرۆزییان نەماوە و عێراق و سووریا بە کرداری دابەشکراون و داعش بە ئارەزووی خۆی سنوور دیاری دەکات. بارزانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کاناڵی سکای نیوز، ئاماژەی بە ستراتیژی شەڕ لەگەڵ داعش کرد و ڕایگەیاند "ستراتیژیەتی ئێمە دوورخستنەوەی داعشە لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و ڕێگە نادەین بستێک لە خاکی کوردستان داگیر بکات". سەبارەت بە گەیاندنی دەربارەی بۆ کۆبانێ گوتی "دڵم پارچە بووە کاتێک دەبینم شارێکی کوردی گەمارۆدراوە و بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیایی ناتوانین هیچی بۆ بکەین".

# دانیشتنی پارتی و یەکێتی بەنێوانگیری نەوشیروان مستەفا بووە

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، کە بە کەسی بڕیاربەدەستی ناو یەکێتی دادەنرێ، بەشداری کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی و پارتی نەکرد کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ئەو دوو حیزبە لە سلێمانی بەسترا. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتیش دەڵێت "هێرۆخان خۆی ڕەغبەتی نەبوو ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە ببێ".

کۆبوونەوەی 2014/10/12ی سلێمانی لە نێوان یەکێتی و پارتی تاڕادەیەک بەستەڵەکی پەیوەندی نێوان ئەو دوو حیزبەی تواندەوە کە ماوەی سێ مانگە پەیوەندییەکی ساردوسڕ لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام هەموو کێشەکانی نێوان یەکێتی و پارتی هێشتا کۆتاییان نەهاتووە.

نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕایگەیاند، ئەو ساردییەی لە پەیوەندی نێوان حیزبەکەی و یەکێتی هەبوو نەما. بەڵام ئامادەنەبوونی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە کۆبوونەوەکە، نیگەرانی لای پارتی دروستکردووە لەوەی یەکێتی نیازی چارەسەرکردنی کێشەکانی نییە لەگەڵ پارتی.

### هێرۆخان ڕەغبەتی بەشداریی نەبووە

سەعدی پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە خۆی یەکێک بووە لەوانەی بەشدار بووە لە کۆبوونەوەی نێوان حیزبەکەی و پارتی لە سلێمانی، دەڵێت "کۆبوونەوەکە بۆ گلەیی لە یەکدی نەبوو، بەڵکو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ئەم دوو حیزبە بوو".

سەعدی پیرە لەبارەی ئامادەنەبوونی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لە کۆبوونەوەکە پێیوایە کە "هێرۆخان ڕەغبەتی نەبووە بەشدار بێ لەو کۆبوونەوەیە".

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە دوای غیابی تاڵەبانی بەهۆی نەخۆشییەکەی، کێشەی قووڵی تێکەوتووە سەبارەت بە مەرجەعی بڕیار، ئەوە وێڕای چارەسەرنەبوونی کێشەی باڵباڵێن کە بەردەوام ئەو حیزبە بۆ مینبەری جیاواز دابەش دەکات.

غیابی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لە کۆبوونەوەکەی پارتی و یەکێتی، لە کۆبوونەوەی نێوان پارتی و بزووتنەوەی گۆڕانیشدا باسکراوە کە ئەویش دوای کۆبوونەوەی پارتی و یەکێتی لە سلێمانی بەڕێوەچوو.

بەگوێرەی زانیارییەکانی (ڕووداو)، نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی ئەو بزووتنەوەیە بە شاندی پارتی گوتووە "ئەوانەی بەشداربوون لە کۆبوونەوەی یەکێتی بڕیار بەدەست نین و ناتوانن هەموو کێشەکانی یەکێتی لەگەڵ پارتی چارەسەر بکەن".

هاوکات سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بزووتنەوەی گۆڕانەوە گوتی کە دوو هەفتە لەمەوبەر نەوشیروان مستەفا سەردانی هیرۆ ئیبراهیم ئەحمەدی کردووە و داوای لێکردووە کۆتایی بە پەیوەندییە ساردوسڕەکەی نێوانیان بهێنن نەوەک سەر بکێشێت بۆ کێشەی گەورەتر.

نەوشیروان مستەفا هەروەها داواشی کردبوو کە پارتی و یەکێتی کۆببنەوە، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدیش ڕازی بووە. دواتر نەوشیروان مستەفا پەیوەندی بە مەسعود بارزانییەوە کردووە بۆئەوەی وادەیەک بۆ ئەو کۆبوونەوەیە دابنێن.

### پارتی نیگەرانە

ئەندامێکی باڵای شاندی پارتی نیگەرانی حیزبەکەی لە ئامادەنەبوونی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لەو کۆبوونەوەیەدا نەشاردەوە، بەڵام گوتی "کۆبوونەوەی پێنجشەممە هەموو شتێک یەکلایی دەکاتەوە". بەرپرسەکەی پارتی هەروەها گوتی "مەکتەبی سیاسی یەکێتی گوتیان ئێمە وەکو مەکتەبی سیاسی بەرپرسین و بڕیار دەدەین، پارتیش یەخەی ئەوان دەگرێ".

بەڵام مەحمود محەممەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کە ئەویش یەکێک بووە لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە، دەربارەی بەشدارینەکردنی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد گوتی "کێشەمان نییە کێ بەشدار دەبێ و کێ بەشدار نابێ، چونکە خۆمان ناساند وەکو مەکتەبی سیاسی پارتی. ئەوانیش بەهەمانشێوە".

لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی نێوان نێچیرڤان بارزانی و مەلا بەختیاردا دوای کۆبوونەوەکە، نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی ئاشکرای کرد کە حیزبەکەی داوای کۆبوونەوەی "سێ قۆڵی" لەنێوان پارتی و یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان کردووە.

سەعدی ئەحمەد پیرە لەبارەی ئەو کۆبوونەوە سێ قۆڵییە دەڵێت "پێشنیازەکە وایە پارتی و یەکێتی بۆ ئەو دۆخەی هەیە ڕەشنووسێک بنووسن و بیخەنە بەردەم گۆڕان، گۆڕانیش چی هەیە بۆی زیاد بکات یان کەمی بکات، دواتریش کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی ئەنجامدەدرێ".

### نەهێشتنی گومانی یەکێتی

پارتی دەڵێت کۆبوونەوەی سێ قۆڵی بۆ نەهێشتنی گومانە لەلای یەکێتی، چونکە لەدوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەیوەندی نێوان پارتی و گۆڕان پێشڤەچوونی زۆری بەخۆیەوە بینیوە.

مەحموود محەممەد، لەبارەی کۆبوونەوەی سێ قۆڵی گوتی "کۆبوونەوەکە بۆ ئەوەیە کە یەکێتی هیچ گومانێکی لە پەیوەندی نێوان پارتی و یەکێتی نەبێ و نەڵێت ئەم پەیوەندییە لەسەر حیسابی یەکێتییە".

گوتیشی کە نەوشیروان مستەفا بە بەستنی کۆبوونەوەی سێ قۆڵی ڕازی بووە.



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**گۆڕان بۆ پارتی:**
**ئەوانەی بەشداربوون لە شاندی یەکێتی بڕیار بەدەست نین**

**پارتی:**
**یەخەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەگرین**

# دوای داعش کێشەی کورد لەگەڵ چەکدارانی شیعەیە

**مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی:**
**قاسم سلێمانی لێرەیە و بەری ڕۆژ بە بێژینگ ناگیرێ**

**ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:**
**چۆن بەرپرسێکی ئەمریکی بۆی هەیە بێتە کوردستان قاسم سلێمانیش بۆی هەیە بێت**

**بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە:**
**قاسم سلێمانی هیچ حیسابێک بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ناکات**

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

شەڕی داعش پەردە لەسەر ئامادەگی و چالاکیی قاسم سلێمانی، فەرماندەی سوپای قودسی ئێرانی لە باشووری کوردستان لادەدات کە بە ئاشکرا دەردەکەوێ نەک تەنیا لە بڕیاری سیاسی، بەڵکو لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی شەڕیش بەتایبەتی لەو ناوچانەی یەکێتی تێیاندا باڵادەستە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ.

قاسم سلێمانی، فەرماندەی سوپای قودس و بەرپرسی سیاسەتی ئێرانیشە لە عێراق و سووریا و لوبنان و بە "پیاوە هەرە بەهێزەکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست" دەناسرێ.

سلێمانی ئێستا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی شەڕی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و چەکدارانی داعش دەکات لە ناوچەی داقووق و دوزخورماتوو.

ئەم ئامادەگییەی قاسم سلێمانی کە پێشتر تەنیا لە چوارچێوەی گومان و مەزەندەدا بوو، پاش دزەپێکردنی ژمارەیەک وێنەی فۆتۆ کە لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ لەگەڵ پێشمەرگە گرتوونی، هیچ گومانێکیان نەهێشتەوە.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە باسی پەیوەندیی نێوان حیزبەکەی و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەڵێت "لەبەرژەوەندیی ئێرانە کە هاوکاریی پێشمەرگە بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش".

عەدنان موفتی دەربارەی دەرکەوتنی قاسم سلێمانی لەنێو هێزی پێشمەرگەدا کە خۆدەرخستنێکی بەئەنقەست و پەیامدارە، دەڵێت "وەک چۆن بەرپرسێکی ئەمریکی دێتە هەرێمی کوردستان و ئاساییە، ئێرانیش دێت و بەشدارییان کردووە لە شەڕی دژی داعش، هاتنی قاسم سلێمانی سروشتییە و ئێران دەوڵەتێکی دراوسێیە".

سلێمانی بەدۆستێکی نزیکی یەکێتی دادەنرێ و ڕۆڵی هەبووە لە یەکلاکردنەوەی زۆر مەسەلەی ناو یەکێتی. عەدنان موفتی، ئامادەیی قاسم سلێمانی لەنێو هێزی پێشمەرگە بە سروشتی دەزانێ و دەڵێت "قاسم سلێمانی پێشتر هاتبووە مەخموریش".

بەگوێرەی ئەو قسەیە، لەگەڵ پێشمەرگەی پارتیش شەڕی داعشی کردووە و هاوکاری پارتیشی کردووە لە سنووری هەولێر.

بەڵام چاودێرێکی سیاسی دەڵێت "ئێران لە هەرێمی کوردستان ئەفزەلیەت دەداتە یەکێتی".

جوتیار عادل، مامۆستای زانکۆ لەوبارەوە گوتی "ئێران هەم سنووری فراوانی هەیە لەگەڵ یەکێتی و هەمیش یەکێتی پەیوەندی باشی هەیە لەگەڵ شیعە".

ئەو چاودێرە گوتیشی "لە لوبنان، سووریا، فەلەستین و لە چەندین دەوڵەتی دیکەش حیزب و گرووپی تایبەت هەن کە زۆر نزیکن لە ئێران و بگرە ئەجێندای ئەو وڵاتە جێبەجێ دەکەن، لە باشووری کوردستانیش یەکێتی ئەو ڕۆڵە بۆ ئێران دەگێڕێ".

بەڵام بەرپرسێکی باڵا لە وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێت جیاوازیی زۆر هەیە لە نێوان هاتنی قاسم سلێمانی و فەرماندە سەربازییەکانی دیکەی ئێران بۆ باشووری کوردستان لەگەڵ هاتنی بەرپرسە ئەمریکییەکان "ئەوانەی ئەمریکا کە دێن بۆ هەرێمی کوردستان بە فەرمی دێن و لەڕێگەی فڕۆکەخانەوە دێن و لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆدەبنەوە، بەڵام ئەوانەی ئێران و بەتایبەتی قاسم سلێمانی بەهەماهەنگی نایەن و ڕاستەوخۆ دەچنە بەرەکانی شەڕ".

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی پێشمەرگە کە گوتی ڕێگەپێدراو نییە بەناوی خۆیەوە قسەبکات، وەک ناڕەزاییەک گوتی "قاسم سلێمانی کە دێت هیچ حیساب بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ناکات، هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە ناکات، بەڵکو تەنیا لەگەڵ یەکێتی پەیوەندی هەیە".

هەروەها گوتی "ئێران بە فڕۆکە چەک و تەقەمەنی بۆ یەکێتی دەهێنێ".

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە ئێستا لەبەرەکانی شەڕە لە ناوچەی داقووق، گوتی خۆی چەند جارێک قاسم سلێمانی لەوێ بینیوە.

مستەفا چاوڕەش، کە هاوکات فەرماندەیەکی باڵای سەربازیی یەکێتییە، گوتیشی "ڕاستە قاسم سلێمانی لە ناوچەکەیە و سەرپەرشتی هەموو هێزە چەکدارەکانی شیعە، وەکو بەدر و عەسائیبی ئەهلی حەق و هێزەکانی دیکە دەکات".

ئەو فەرماندەیەی یەکێتی هەروەها دەڵێت "دەرکەوتنی قاسم سلێمانی لەنێو پێشمەرگەدا شتێکی غەریب نییە، ئەو سەرپەرشتی هەموو هێزەکان دەکات کە شەڕی داعش دەکەن".


مستەفا چاوڕەش گوتی کەس ناتوانێ ئەوە بشارێتەوە کە قاسم سلێمانی سەرپەرشتی شەڕەکان دەکات، لەوبارەوە گوتی "بەری ڕۆژ بە بێژینگ ناگیرێ و خۆم لە سەرەتای ئەم مانگەدا لە بەرەی شەڕ بینیومە".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی هۆشداری دا کە لەدوای داعش "کێشەی گەورەتر" بەرۆکی کورد دەگرێ، مەبەستی ئەو، ئەو ژمارە زۆرەی هێزی شیعەیە کە بۆ شەڕ لەدژی داعش هاتوونەتە ناوچەکە و گوتی "کورد تەنیا ناوی هێزی بەدر دەزانێ، بەڵام 10 هێزی دیکەی شیعە لە ناوچەی دوزخورماتوو هەن". گوتیشی "کێشەی کورد تەنیا لەگەڵ داعش نابێ، دوای داعش ئەو هێزانە هەن و دەبێ بڕۆن، ئینجا چۆن دەڕۆن ئەوە کێشەیەکی دیکەیە و ئەم شەڕانە شەڕی دوور و درێژن".



قاسم سلێمانی لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک

رووداو
راپۆرت
ژمارە (329) دووشەممە 2014/10/13



## فوئاد حوسێن: هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵ سووریادا نییە

**رووداو- هەولێر**

فوئاد حوسێن باردۆخی کۆبانێ زۆر بە "مەترسیدار" وەسف دەکات و رایدەگەیێنێت "تاوەکو ئێستا سنووری تورکیا و کۆبانێ داخراوە و ئێمە بە نیازی کردنەوەی ئەو سنوورەین". فوئاد حوسێن پێیوایە ئەگەر داعش دەستبەسەر کۆبانێدا بگرێت کارەسات روودەدات و هەموو لایەک زەرەمەند دەبن لە نێویشیاندا تورکیا "چونکە داعش رێکخراوێکە دۆستی هیچ وڵاتێک نییە، بۆیە پێویستە تورکیا سنووری خۆی لەگەڵ کۆبانێ بکاتەوە و هاوکاری چەکدارانی کورد بکات". فوئاد حوسێن رەتیدەکاتەوە هیچ هەماهەنگییەکیان لەگەڵ بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا هەبێت دژی داعش و دەڵێت "هیچ گفتوگۆیەک لە نێوان هەرێمی کوردستان و رژێمی سووریا نییە".

ئەدمیڕاڵ ئادەم میللەر، فەرماندەی کەشتیگەلی ئەمریکا لە کەنداوی عەرەبی بۆ (رووداو):

# هێرشەکانمان لە دەوروبەری هەولێر زۆر کاریگەری هەبوو لەسەر داعش






> بۆ لەنێوبردنی داعش سەختە بڵێی جیاوازییەکی گەورەمان دروستکردووە، چونکە کاتی زۆرمان پێویستە

> پێشمەرگە زۆر ناوچەی کوردستانی کۆنترۆڵ کردووەتەوە و ئەمە ئاماژەیەکیشە بۆ سەرکەوتنی ئێمە

زیاتر لە مانگێک لەگەڵ ئەمریکییەکان لەسەر خەت بووین، بەتایبەت هاوکارم هەژار برینجی کە رۆڵی سەرەکی هەبوو بۆ رێکخستنی ئەم دیدارە لەسەر کەشتی جۆرج ئێچ دەبلیو بوش. ئەو کەشتیەی بە بەردەوامی پێنج هەزار سەرباز تێیدا کاردەکەن. لەسەر ئەو کەشتییەوە فڕۆکەکانی F18 ی ئەمریکی دەفڕن بۆ لێدانی چەکدارانی داعش لە باشوور و رۆژئاوای کوردستان. ئەمریکاش لە رێگەی ئەو کەشتییەوە هێز و بازووی خۆی نیشانی ناوچەکە دەدات کە چەندە بەهێزە.

ئادەم میللەر زیاتر لە 30 ساڵە لە هێزی دەریایی ئەمریکا کاردەکات. ئێستا فەرماندەی یەکەمی کەشتیگەلی پێنجەم و شەشەمی ئەمریکایە لە کەنداوی عەرەبی کە 7 پاپۆڕی سەربازی لەخۆدەگرێ. (رووداو) لەنێوەڕاستی کەنداوی عەرەبی و لەسەر ئەو پاپۆرە هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ سازکرد. میللەر دەڵێ هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر داعش و باسی پێشمەرگەی کوردستانی کرد و گوتی "پێشمەرگە هاندەرێکی سەرەکییە بۆ ئێمە کە لەو شەڕەدا سەربکەوین، چونکە بەڕاستی پێشمەرگە هێزێکی بەغیرەتە".

هەڤپەیڤین: هیڤیدار ئەحمەد

**رووداو: لە رۆژی یەکەمی هێرشەکانتانەوە بۆ سەر داعش چی گۆڕاوە؟**

**ئادەم میللەر:** کاتێک زانیمان کە داعش خەریکە لە عێراق بڵاودەبێتەوە و هاوکاری ئێمە پێویست بوو، کەشتییە جەنگییەکانمان لە کەنداوی عەرەبی ئامادە کرد. لە 16ی حوزەیران دەستمان کرد بە چاودێریکردن و کۆکردنەوەی زانیاری. بەڵام هێرشەکانمان لە هەشتی مانگی ئاب دەستپێکرد. لەوکاتەوە، ئەوەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکە کە ئیمارات، قەتەر، بەحرەین، ئوردن، سعودیە، فەڕەنسا لەخۆدەگرێت. بەم دواییانەش بەریتانیا هاتە نێو هاوپەیمانێتییەکە کە بۆ پشتگیریکردنی هێزە ئەمنییەکانی عێراق و پێشمەرگە پێکهات لە پێناوی رووبەڕووبوونەوەی داعش.

**رووداو: پێتوایە هێرشەکانتان تاوەکو چەند کاریگەرییان لەسەر داعش هەبووە؟**

**ئادەم میللەر:** ئێمە کاریگەری گەورەمان بینیوە. بەتایبەتی لە موسڵ، کاتێک لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی عێراق و پێشمەرگە کارمان دەکرد بۆ گرتنەوەی بەنداوی موسڵ. هەروەها لە چیای شنگال، کە ئێوەش لەوێ بوون، هاوکاری مرۆییمان گەیاندە ئەوێ. لەوێش لەگەڵ هێزە مەیدانییەکان کارمان کرد بۆ ئەوەی هێرشەکانمان کاریگەرتر بن. لە هەولێریش باروددۆخەکە بەو جۆرە بوو کە داعش لە پێشڕەویدا بوو. لەوێ هێرشە ئاسمانییەکان زۆر کاریگەر بوون.

**رووداو: مەترسی داعش لەسەر هەرێمی کوردستان کۆتایی هاتووە؟**

**ئادەم میللەر:** دەزانم ئەو هێرشە ئاسمانییانەی کە کراون زۆر کاریگەربوون، زۆر وردبووین لە پێکانی ئامانجەکانمان. هەموومان لەوە تێدەگەین کە شەڕەکە درێژە

> پێشمەرگە هێزێکی ئازان و بەکردەوەش ئەوەیان سەلماند

> هێرشی یەکەممان بۆ سەر ئامانجێک بوو کە مەترسییەکی گەورە بوو بۆ سەر هەولێر

دەکێشێت. بۆ لەنێوبردنی داعش سەختە بڵێی ئێمە جیاوازییەکی گەورەمان دروستکردووە، بەڵام بەردەوام دەبین، هەرچەند کاتی زۆرمان دەوێت.

هەروەها دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە پێشمەرگە زۆر ناوچەی کوردستانی کۆنترۆڵ کردەوە، ئەوە هاندەرێکە بۆ ئێمە. پێموایە ئاماژەیەکیشە بۆ سەرکەوتنی ئێمە.

**رووداو: هیچ هێزێکی دیکە هەیە وەکو پێشمەرگە کارتان لەگەڵ بکات؟**

**ئادەم میللەر:** سەرۆک ئۆباما باسی ئەوەی کردووە کە لەگەڵ هێزە میانڕەوەکانی نێو ئۆپۆزسیۆنی سووریا کاربکەین. من ئاگاداری خشتەی زەمەنی دەستپێکردنی ئەو ئۆپەراسیۆنانە نیم. بەڵام لەوە تێدەگەم کە کارکردن لەگەڵ ئەو هێزانە بە زوویی دەستپێدەکات. پێویستمان بە هەندێ کاتە بۆ بەرزکردنەوەی توانای ئەو هێزانە.

**رووداو: تەکنیکەکانی داعش لە سووریا و عێراق یەک شتە؟**

**ئادەم میللەر:** جیاوازیمان نەبینیوە، ئامانجەکانی ئێمە پتر سەرکردایەتی گرووپەکە، مۆڵگەکان و شوێنی مەشقکردنیان بووە. هێرشمان کردووەتە سەر ئامانجە ستراتیژییەکانیان بۆ ئەوەی بتوانین تواناکانیان تێکبشکێنین، نەتوانن هێزەکانیان رێکبخەنەوە و نەتوانن بەردەوام بن لە مەشقدانی چەکداران.

**رووداو: ئەگەر بنکەی سەربازی لە هەولێر بکرێتەوە ئیشی ئێوە چەند ئاسان دەبێت؟**

**ئادەم میللەر:** بەداخەوە هیچ زانیارییەکم نییە لەبارەی کردنەوەی بنکەیەکی سەربازی ئەمریکی لە هەولێر. بوونی ئێمە لێرە بەشێکە لە پرۆسەیەکی ئاسایی، ئێمە هێزەکانمان هەمیشە لەم ناوچەیەن. رەنگە ئەوە بەباشی نەزانرابێت کە ئێمە هەمیشە لێرەین. راستییەکە ئەوەیە ئێمە پێشتریش لێرە بووین. ئێمە لەلایەن کەشتییەکی دیکەوە شوێنمان دەگیرێتەوە، کاتێک ئێمە رۆیشتین. ئەوانیش بەهەمانشێوە، ئەوە شەست ساڵە ئەمریکا لەم ناوچەیە ئامادەیی هەیە. بەشێک لە هۆکاری سەرکەوتوویی هاوپەیمانێتییەکە ئەو هەموو مەشق و راهێنانەیە کە بەهاوبەشی لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان لێرە ئەنجامی دەدەین.

**رووداو: یەکەم رۆژ کەی بڕیاری هێرشکردنە سەر داعش هات؟**

**ئادەم میللەر:** دەتوانم ئەوە بڵێم کە ئێمە هەر لە رۆژی یەکەمەوە ئامادەبووین، واتە لە مانگی حوزەیرانەوە. سەرۆک ئۆباما تەئکیدی کردەوە کە دەستتێوەردانی ئێمە پێویست بوو بۆ پاراستنی گیانی هاونیشتیمانیانی ئەمریکی، هەروەها ئەو ژێرخانەی لە هەولێر هەمانە، لەگەڵ کونسوڵخانەکەمان. سەرەڕای دابینکردنی هاوکاری مرۆیی. ئامانجەکەمان پاراستنی هاووڵاتیانی ئەمریکی و دابینکردنی هاوکاری مرۆیی بوو. هێرشی یەکەممان بۆ سەر ئامانجێک بوو کە مەترسییەکی گەورە بوو بۆ سەر هەولێر. کە هەم پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی بوو هەم پاراستنی کونسوڵخانەی ئەمریکا بوو لە هەولێر. هیچ پەلەیەکی تێدا نەبوو، کەواتە هێرشی یەکەممان لە هەشتی ئاب بوو لە نزیک هەولێر. ئامانجەکە مەترسییەکی گەورە بوو بۆ سەر هەولێر. بێگومان ئێستا پرۆسەکە فراوان بووە و هاوپەیمانێتیەکی گەورە پێکهێنراوە بۆ تێکشکاندنی داعش.

کاری من ئەوەیە کە دڵنیابم لەوەی هێزەکانم ئامادەن و کاری خۆیان بە تەواوی دەکەن، لە رۆژی هێرشەکەدا بەتەواوی ئامادەبوون لەوە بەدواش هەر لە ئامادەباشیدان.

**رووداو: ستراتیژەکەتان گۆڕانی بەسەردا دێت؟**

**ئادەم میللەر:** ئەوەی سەختە بۆ من پێشبینیکردنی داهاتووە لەگەڵ زانینی ئەوەی کە چی روودەدات و چی دەگۆڕێت. تەنیا دەتوانم بڵێم ئامادەیی ئێمە لێرە گۆڕانی بەسەردا نایەت. توانای ئێمە بۆ ئەنجامدانی هێرشی ئاسمانی بەمزووانە گۆڕانی بەسەردانایەت. پێموایە لەگەڵ گۆڕانی تاکتیکەکانی ئەوان تاکتیکەکانی ئێمەش گۆڕانیان بەسەردا دێت.

**رووداو: کوێ زۆر سەختر بوو بۆ ئەنجامدانی هێرشەکان؟**

> توانای ئێمە بۆ ئەنجامدانی هێرشی ئاسمانی بەمزووانە گۆڕانی بەسەردانایەت

> پەیامی من ئەوەیە ئێمە لێرەین و لێرە دەمێنینەوە

**ئادەم میللەر:** ئێمە بە باشی مەشقمان کردبوو بۆ ئەو هێرشانە، هیچ کێشەیەکمان نەبووە لە ئەنجامدانی هێرشەکاندا. ئێمە شانازی دەکەین کە خاوەنی ئەم سوپایەین و دەتوانین لە پێناو عێراق و کوردستان بەکاری بهێنین بۆ تێکشکاندنی داعش. بۆ ئەوەی خەڵک سەرقاڵی ژیانی خۆیان بن بەبێ ترس لە تیرۆر. سوپاسگوزارین کە بەشێکین لەمە و سوپاسی هێزە مەیدانییەکانیش دەکەین، هەروەها هاوپەیمانانیشمان کە هەموویان کۆبوونەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش.

**رووداو: بەشێک لە کارەکانی ئێوە چاودێریکردن و دەستبەسەرداگرتنی نەوتی قاچاخی ئێران و عێراقە لە کەنداوی عەرەبی، چیتان کردووە تاوەکو ئێستا؟**

**ئادەم میللەر:** پرسیارەکەت لەبارەی گواستنەوەی نایاسایی بوو، بەتایبەتیش مەبەستتان فرۆشتنی نایاسایی نەوت بوو. یەکێک لە ئەرکەکانی هەر کەشتییەکی سەربازیی ئەمریکی چاودێریکردن و پاراستنی ئاسایشی ناوچەکەیە، جا گواستنەوەی چەک بێت، سەلامەتی گەشتە ئاسمانییەکان، گواستنەوەی نایاسایی. ئەمانە بەشێکن لە ئەرکی ئێمە وەکو کەشتی دەریایی لەنێو کەنداوی عەرەبی ئەمە بەجدی وەردەگرین.

باشترە ئەم پرسیارە ئاراستەی کەسانی پەیوەندیدار بەو بوارە بکرێت. من تەنیا دەتوانم ئەوە بڵێم کە لەو کاتەوەی ستافی ئێمە لێرە دەستبەکاربووە، تێبینی هیچ گواستنەوەیەکی نایاسایی نەوتمان نەکردووە. ئێمە سەرقاڵی چاودێریکردنی دەریا بووین، نەک تەنیا لەنێو کەنداوی عەرەبی، بەڵکو رێگریشمان کردووە لە گواستنەوەی چەک کە ویستوویانە بۆ مەبەستی نەخوازراو بەکاربهێنرێت.

ئێمە زۆر خەمخۆرین، بۆیە لێرەین و ئۆپەراسیۆن ئەنجامدەدەین. پەیامی من ئەوەیە ئێمە لێرەین و لێرە دەمێنینەوە. لە نزیکەوە لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە کار دەکەین بۆ تێکشکاندنی داعش.

هەرچەندە من فەرماندەی دەریایی و ئاسمانیم و ئەفسەری هێزی وشکانی نیم، بینیومانە کە کاریگەری هێزی پێشمەرگە زۆر بەرچاوە، بێگومان ئازان و بەکردەوەش ئەوەیان سەلماندووە.

هیچ هێرشێکمان نەکراوەتە سەر. هێزی دەریایی ئەمریکی کارەکانیان زۆر پرۆفیشناڵانە ئەنجامدەدەن، ئێمە بەردەوام دەبین لە پاراستنی یەکەکانمان. دڵنیایی دەدەین کە کەنداوی عەرەبی و کەشتیگەلەکانمان بە سەلامەتی دەمێننەوە.

رووداو
راپۆرت
ژمارە (329) دووشەممە 2014/10/13

## نەجمەددین کەریم: پاسەوانی نیشتمانی قبووڵناکەین



**رووداو- کەرکووک**

پارێزگاری کەرکووک لە میانەی کۆبوونەوەی لەگەڵ ژمارەیەک لە رۆژنامەوانانی شارەکەی رایگەیاند "داعش ئێستا هیچ دەوڵەتێکی نییە، بەڵام ئەگەر کەرکووک داگیربکات دەبێتە خاوەن دەوڵەتێکی بەهێز". نەجمەدین کەریم گوتیشی "نابێت شکستی هێزی پێشمەرگە لە هەندێک ناوچەی کوردستان بخەینە ئەستۆی هیچ حیزبێکی سیاسی، چونکە شکست و بردنەوەکان هی هەموومانن و هەموومان وەک یەک بەرپرسیارین لێیان". لەبارەی پرسی دروستکردنی پاسەوانی نیشتمانی بۆ شارەکانی عێراق، پارێزگاری کەرکووک گوتی "ئێمە پاسەوانی نیشتمانی لە کەرکووک قبووڵناکەین، چونکە کەرکووک حاڵەتێکی تایبەتی هەیە و پێویستە ئەو دۆخە تایبەتەی کەرکووک لەبەرچاوبگیرێت".

### وەزیرانی کورد سێشەممە سوێند دەخۆن

# پۆستەکانی بەغدا پێنج حیزبە کوردییەکە کۆدەکاتەوە

**ئاسۆ فیشەگی و مەحموود یاسین**
**رووداو-هەولێر**

نیازی ئۆغلۆ، بڕیاردەری پەرلەمانی عێراق رایگەیاند بڕیارە لە دانیشتنی رۆژی سێشەممەی داهاتوودا وەزیرانی کورد لە حکومەتی عێراق سوێندی دەستووری بخۆن و سەرۆکی لیژنەکانی پەرلەمانیش دیاری بکرێن. جگە لەوەش چاوەڕوان دەکرێ وەزیرانی بەرگری و ناوخۆی عێراق دیاری بکرێن و پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسای بودجەی 2014 بکات.

سەرەڕای تێپەڕبوونی زیاتر لە مانگێک بەسەر دەستبەکاربوونی حکومەتەکەی عەبادی، وەزیرانی کورد هێشتا لە بەغدا دەستبەکار نەبوون، تەنانەت لایەنە کوردستانییەکان هێشتا ناوی کاندیدەکانی خۆیان بۆ وەزارەتەکان بە فەرمی رانەگەیاندووە.

بڕیارە ئەمڕۆ (دووشەممە 12/10/2014) هەر پێنج لایەنە کوردییەکە (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو) لە بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کۆببنەوە بۆ قسەکردن لەبارەی بەشداریی کورد لە کابینەکەی حەیدەر عەبادی.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، پارتی دیموکراتی کوردستان چاوەڕوان بوو هەفتەی رابردوو ناوی کاندیدانی کورد بۆ وەزارەتەکانی پشکی کورد لە بەغدا یەکلابکاتەوە، بەڵام بەهۆی رێکنەکەوتن لەسەر ناوی کاندیدەکان، پێدەچێت ئەو هەفتەیە وەزیرەکانی کورد لە بەغدا دەستبەکار نەبن و دانوستاندنەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دوابکەون.

هاوکات زانا رووستایی، ئەندامی شاندی دانوستاندکاری کورد لەگەڵ بەغدا بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "هیچ وادەیەک دانەنراوە بۆ دەستبەکاربوونی وەزیرانی کورد لە کابینەکەی حەیدەر عەبادی".



(فۆتۆ: AFP)

### گۆڕان و یەکگرتوو کۆچ و کۆچبەرانیان دەوێت

بەپێی زانیارییەکان، پۆستە وەزارییەکانی کورد لە حکومەتی عێراق پێنج وەزارەت دەبن کە بریتین لە وەزارەتەکانی (دارایی، کۆچ و کۆچبەران، رۆشنبیری، کاروباری ژنان، وەزارەتێکی دەوڵەت و پۆستی جێگری دووەمی سەرۆک وەزیرانی عێراق).

پێشبینی دەکرێ هەر پێنج لایەنە کوردستانییەکە کە بریتین لە (پارتی، یەکێتی، بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵ) وەک براوەی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی عێراق، وەزارەتەکان و پۆستە باڵاکانی پشکی کورد لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن.

هەر بەپێی ئەو زانیاریانە، پۆستی جێگری دووەمی سەرۆک وەزیرانی عێراق و وەزارەتی دارایی بۆ پارتی و وەزارەتی رۆشنبیری بۆ یەکێتی یەکلایی بوونەتەوە، هەرچی گۆڕان و یەکگرتووشە پێداگیری لەسەر وەرگرتنی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران دەکەن و بەلای وەزارەتی کاروباری ژناندا ناچن.

(رووداو) زانیویەتی ئەگەر وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران بدرێتە گۆڕان، جەلال جەوهەر ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری کورد لە بەغدا بۆ ئەو پۆستە دەستنیشانکراوە.

زانا رووستایی، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەوبارەیەوە گوتی "وەزارەتی کاروباری ژنان یان وەزارەتێکی دەوڵەت لە پشکی کورد بەر کۆمەڵی ئیسلامی دەکەوێت".

بەپێی لێدوانی بەرپرسانی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان، د.رۆژ نووری شاوێس، کاندیدی پارتییە بۆ پۆستی جێگری دووەمی سەرۆک وەزیرانی عێراق و هوشیار زێباری کاندیدی ئەو حیزبەیە بۆ وەزیری دارایی، فریاد رواندزیش کاندیدی یەکێتییە بۆ وەرگرتنی وەزارەتی رۆشنبیریی عێراق و غازی سەعید، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیش کاندیدی ئەو حیزبەیە بۆ وەرگرتنی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران.

غازی سەعید، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو بە (رووداو)ی راگەیاند، بەپێی سیستەمی خاڵبەندی ئێمە و پارتی خاڵمان ماوە، لە دوای وەزارەتی داراییش بەپێی پلە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران دێت، ئەگەر خاڵەکان حیساب بکەین ئەوا ئەو وەزارەتە پشکی یەکگرتووە، ئێمەش دەست لە ئیستیحقاقی خۆمان هەڵناگرین".

بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) پارتی خۆی لەسەر ئەوە یەکلایی کردووەتەوە کە پشتیوانی بزووتنەوەی گۆڕان بکات بۆ وەرگرتنی ئەو وەزارەتە.

### کارنامەی کورد لە بەغدا

کارنامەی لایەنە کوردستانییەکان لە بەغدا بریتییە لە قایلکردنی بەغدا بە ناردنی مووچەی فەرمانبەران و زیادکردنی بڕی بودجەی هەرێمی کوردستان و ناردنی بودجەی پێشمەرگە و پڕچەککردنی و دەرکردنی یاسای تایبەت بە نەوت و غاز و یاسای دادگای فیدراڵی و پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق و جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری فیدراڵی عێراق. بۆ جێبەجێکردنی ئەو داواکارییانەش کورد تەنیا سێ مانگی بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق دیاری کردووە ئەگەرنا لە حکومەت دەکشێنەوە.

بەپێی سەرچاوە نزیکەکان لە حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق، عەبادی پێداگیری لەسەر دەستبەکاربوونی وەزیرانی کورد دەکات لە حکومەت بۆ پێدانی پێشینەیەک بە هەرێمی کوردستان بۆ خەرجکردنی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان، بەڵام وەک بەرپرسانی عێراق دەڵێن، یەکلاکردنەوەی پرسی ناردنی مووچە و بودجەی کوردستان لەلایەن بەغدا پێویستی بە دانوستاندنی زۆر هەیە و پێش ئەو هەنگاوەش دەبێ کوردستان داهاتی نەوتی هەناردەکراوی خۆی رادەستی بەغدا بکات، لەو دەمەی حکومەتی عێراق هەشت مانگە مووچەی فەرمانبەران و بودجەی هەرێمی کوردستانی نەناردووە.

مەهدی عەللاق، بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق رایگەیاند "بڕیارە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق سێشەممەی داهاتوو کۆببێتەوە بۆ تاوتوێکردنی دوا راپۆرتی وەزارەتی دارایی لەبارەی پرۆژە یاسای بودجەی 2014 و داهاتی نەوتی هەناردەکراو لە هەرێمی کوردستانەوە".

پێشوەختیش نەجیبە نەجیب، ئەندامی کوردی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق رایگەیاند کە بڕیارە حکومەتی عێراق بڕی 4 ملیار دۆلار وەک پێشینە بداتە هەرێمی کوردستان بۆ خەرجکردنی مووچەی فەرمانبەران.

### سەرۆکی هۆزی شەممەر بۆ (رووداو):

# ئەو عەرەبانەی خیانەتیان لە کورد کرد دەبێت سزا بدرێن

**رووداو- دهۆک**

عەبدوڵڵا یاوەر سەرۆکی هۆزی شەممەر، کە یەکێکە لە گەورەترین هۆزەکانی عێراق، پاش سەردانیکردنی ناحیەی رەبیعە باسی پەیوەندییەکانی عەرەبی سوننە و هەرێمی کوردستان و چارەنووسی عەرەبەکان لە دەڤەرەکانی مادەی 140 دەکات و دەڵێت ئەو عەرەبانەی خیانەتیان لە کورد کرد دەبێت سزا بدرێن.

عەبدوڵڵا یاوەر لە یەکێک لە هوتێلەکانی شاری دهۆک باسی هێرشی سەر رەبیعە دەکات و دەڵێت "من 15 رۆژە هاتوومەتە دهۆک، پێش ئەوەی هێرش بکرێتە سەر ناحیەی رەبیعە، لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوومەوە و باسی پلانی هێرشکردنی سەر رەبیعەمان کرد، جگە لە هێزەکانی پێشمەرگە، هێزەکانی هۆزی شەممەریش بەشدارییان لە هێرشەکەدا کرد کە برایەکی منیش لە هێرشەکەدا بوو". بەڵام فەریق جەمال محەممەد، کە سەرپەرشتی هێرشەکەی سەر رەبیعەی کرد، رەتیکردەوە هیچ عەرەبێک بەشداری شەڕەکەی کردبێت و گوتی "جگە لە هێزی پێشمەرگە هیچ هێزێکی دیکە بەشداری لە ئازادکردنی رەبیعەدا نەکردووە".

لە بەشێک لە گوند و شارۆچکەکانی سنووری مادەی 140 کە عەرەبیان تێدا دەژین، لە کاتی هێرشی داعش بۆ سەر موسڵ و دەوروبەری پشتیان لە کورد کرد و چەکیان بۆ داعش هەڵگرت. ئێستا کوردی ئەو ناوچەیە بەو عەرەبانە دەڵێن "عەرەبە خائینەکان".

یاوەر باسی پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەبی لە عێراقدا کرد و گوتی "پەیوەندیی عەرەب و کورد، بەتایبەتی عەشیرەتی شەممەر لەگەڵ کورد پەیوەندییەکی مێژووییە، هەر لە کۆنەوە ئێمە و برایانی کورد پێکەوە ژیاوین، لەبەر ئەوە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو شتەمان باسکردووە و کۆک بووین لەسەر ئەوەی کە ئەو عەرەبانەی خیانەتیان لە کورد کرد، دەبێ بەپێی یاسا سزا بدرێن، چونکە نەدەبوو ئەوان شانبەشانی ئەو تیرۆرستانە شەڕی کوردیان کردبا". دەگوترێ ئێستا لە هەولێر مەشق بە هەندێک هێزی عەرەبی سوننە دەکرێت بۆ لەناوبردنی داعش لە ناوچەکانیان.

عەبدوڵڵا یاوەر لەوبارەیەوە گوتی "نەک تەنیا عەرەبی هۆزی شەممەر، بەڵکو هۆزەکانی دیکەی سوننەش لەگەڵ ئەوەن کە دەبێ تیرۆریستانی داعش لەناوببرێن".

یاوەر کە کەسێکی نزیکی بەدەستی داعش کوژراوە، گەورەترین باڵەخانەی لە ناحیەی رەبیعە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە بە TNT تەقاندرایەوە.



# UN: بودجەی ئاوارەکانی کوردستان روو لە کەمبوونەوەیە

**شارمیلا دیڤی**
**رووداو — هەولێر**

راپۆرتێکی هاوبەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاشکرای دەکات کە نەتەوە یەکگرتووەکان رووبەڕووی کورتهێنانی بودجە بووەتەوە بە بڕی 360 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بۆ دابینکردنی پێداویستی بەپەلە بۆ نزیکەی 860 هەزار ئاوارەی ناوخۆی وڵات کە ئێستا لە هەرێمی کوردستانن.

کێشە و ململانێ و هاتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام لەم هاوینەدا نزیکەی 1.8 ملیۆن ئاوارەی ناوخۆیی عێراقی لێکەوتووەتەوە لە سەرەتای ساڵی 2014دا.

ئەم ژمارە ئاوارەیەی ساڵی 2014 دەچێتە سەر ژمارەی ئەو 250 هەزار ئاوارەیەی لە سووریاوە هاتوون. لەگەڵ 200 هەزار ئاوارەی دیکە کە لە دوای 2003وە روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە.

رەشنووسی راپۆرتەکە کە ناونیشانەکەی بریتییە لە: "وەڵامێکی خێرا بۆ قەیرانی ئاوارە ناوخۆییەکان"، هەندێک پلان لەخۆ دەگرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دۆخەکە.

راپۆرتەکە دەڵێت کێشەیەکی دیکەی دارایی کە باری دارایی ئاوارە ناوخۆییەکانی ئاڵۆزتر کردووە "کێشەی بودجەی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندییە، کە وای کردووە مووچەی فەرمانبەران بۆ چەندین مانگ نەدرێت".

حکومەتی عێراق لە مانگی شوباتی ئەمساڵەوە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی راگرتووە بۆ ئەوەی فشار بخاتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری هەناردەکردنی نەوتدا. حکومەتی نوێی عێراقیش تا ئێستا بەشە بودجەی نەناردووە.

هەرێمی کوردستان و نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە ناحکومیەکان بە هیوان کە بتوانن شوێنی مانەوە و پێداویستیە سەرەتاییەکانی وەکو تەندروستی، خواردن، خوێندنگە بۆ 390 هەزار ئاوارە لە پێش دەستپێکی زستان دابین بکەن.

لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا پارێزگای دهۆک زۆرترین ژمارەی ئاوارەی بەرکەوتووە. دهۆک 63%ی ئاوارەکانی بەرکەوتووە و هەولێر دوای دهۆک دێت بە 20% و سلێمانیش بە 16%ی ئاوارەکان دەکەوێتە دوای هەولێر.

"تۆمارکردنی ناوی ئاوارەکان لە کامپ و دەرەوەی کامپەکاندا پێداویستییەکی گرنگە بۆ ئەوەی کە بزانرێت بۆشاییەکان چین و پێداویستیەکان چین"، راپۆرتەکە هەروەها دەڵێت "هەتاوەکو پرۆسەیەکی تۆمارکردنی رێکوپێک ئەنجام نەدرێت، قەبارەی پێداویستیەکان بەتەواوی نازانرێت".

شوێن گۆڕینی ئەو ئاوارانەی کە لە خوێندنگەکاندا نیشتەجێبوون، بووە بە یەکێک لە ئەولەویاتەکان بۆ ئەوەی ساڵی نوێی خوێندن دەستپێبکات.

لە راپۆرتەکەدا هاتووە کە خزمەتگوزاری بۆ ئاوارەکان دابین دەکرێت بۆ ئەوەی "کاریگەری قەیرانی کەمیی خزمەتگوزاری ئاوارەکان لەسەر ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئاوارەکانی لە خۆگرتووە کەم ببێتەوە".

بەڵام ئەم پلانە پشت بەو گریمانەیە دەبەستێت کە لە ئێستاوە تاوەکو 15ی تشرینی دووەمی داهاتوو هیچ شەپۆلێکی نوێی ئاوارە روو لە کوردستان نەکات. هەروەها پشت بەو گریمانەیەش دەبەستێت کە دۆخی ئەمنی وەکو خۆی دەمێنێتەوە و گۆڕانکاری بەسەردا نایەت و ئاوارەکانیش لە سێ بۆ شەش مانگی داهاتوودا ناگەڕێنەوە.

هەفتەی رابردوو زیاتر لە 150 هەزار ئاوارەی نوێ لە شارەکانی باکووری سووریاوە لەوانە کۆبانی، هەڵاتن و روویان لە تورکیا کرد. بەشێک لەو ئاوارانەش لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە لەگەڵ تورکیا، گەیشتنە هەرێمی کوردستان.

ئەگەر دۆخی مرۆیی هەرێمی کوردستان وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەوا دابەشکردنی خواردەمەنی کەم دەکرێتەوە و لەبری ئەوە پارەی نەخت و بلیتی شتومەک کڕین دەدرێت. بڕیاروایە کە بلیتی شتومەک کڕین بگاتە دەستی 250 هەزار کەس تا کۆتایی ئەم مانگە.

هەر لە راپۆرتەکەدا هاتووە "پارەی نەخت و بلیتی شتومەک کڕین رێگە بە ئاوارەکان دەدات ئەو شتانەی کە لای خۆیان پەسەندە بیکڕن، هەروەها هاوکاری بازاڕە ناوخۆییەکان دەکات، سەقامگیری و دڵنیایی لای ئاوارەکان و بەشداربووانی پرۆگرامەکەش دروست دەکات".

رووداو
کوردستانی
ژماره (329) دووشه‌ممه 2014/10/13



## زیندانییه‌کانی PKK و PJAK مان ده‌گرن

**رووداو- ئاژانسه‌كان**

زیندانییه‌كانی پارتی كرێكارانی كوردستان PKK و پارتی ژیانی ئازادی كوردستان PJAK رایانگه‌یاند 15ی ئه‌م مانگه‌ ده‌ستده‌كه‌ن به‌ مانگرتن له‌ خواردن بۆ كۆبانێ و هه‌تا داواكارییه‌كانیان جێبه‌جێنه‌كرێت ده‌ستهه‌ڵناگرن. ده‌نیز كایا كه‌ به‌ ناوی سه‌رجه‌م زیندانییه‌كانه‌وه‌ لێدوانێكیدا ئاشكرایكرد رۆژی 2014/10/15 ده‌ست به‌ مانگرتن له‌ خواردن ده‌كه‌ن و هه‌تا داواكارییه‌كانیان جێبه‌جێنه‌كرێت ده‌ست هه‌ڵناگرن. كایا گوتی "هه‌تا هه‌ڕه‌شه‌ی كۆمه‌ڵكوژی له‌سه‌ر كۆبانێ و هه‌ماهه‌نگی داعش و AKP به‌رده‌وام بێت و حكومه‌تی توركیا پێداگری بكات له‌سه‌ر نه‌كردنه‌وه‌ی ڕاڕه‌وی هاوكاری بۆ كۆبانێ، مانگرتنه‌كه‌مان به‌رده‌وام ده‌بێت".

# شه‌ڕڤانه‌ ئه‌مریكییه‌كه‌ی PYD برینداره‌



**جه‌یمس ره‌ینڵ**
**رووداو – نیویۆرك**

له‌كاتێكدا شه‌ڕڤانانی یه‌كینه‌كانی پاراستنی گه‌ل YPG به‌رگری له‌ شاری كۆبانیی رۆژئاوای كوردستان ده‌كه‌ن له‌ دژی چه‌كدارانی داعش، گه‌نجێكی ئه‌مریكی بووه‌ته‌ نموونه‌ی قاره‌مانێتی بۆ ئه‌و كوردانه‌ی له‌ ئه‌مریكا له‌ڕێی تۆڕی ئینته‌رنێت و شاشه‌ی ته‌له‌فیزیۆنه‌كانه‌وه‌ چاودێری رووداوه‌كانی كۆبانێ ده‌كه‌ن.

جۆردن ماتسن، ته‌مه‌ن 28 ساڵ، پێشتر سه‌ربازی سوپای ئه‌مریكا بووه‌. ماتسن خه‌ڵكی ولایه‌تی وێسكانسنی ئه‌مریكایه‌ و نزیكه‌ی مانگێك له‌مه‌وبه‌ر له‌ڕێی ئینته‌رنێته‌وه‌ هێزێكی مۆدێرنی له‌ سووریا دۆزیه‌وه‌ تا په‌یوه‌ندی پێوه‌ بكات بۆ شه‌ڕكردن له‌ دژی چه‌كدارانی ده‌وڵه‌تی ئیسلامی له‌ عێراق و شام ناسراو به‌ "داعش".

نه‌وزاد هه‌ورامی كه‌ چالاكڤانێكی كورده‌ له‌ شاری ناشڤێڵی ولایه‌تی تێنێسی ئه‌مریكا، ده‌ڵێت "دوعا بۆ ماتسن ده‌كه‌ین. ئه‌و یارمه‌تی ئه‌و كه‌سانه‌ ده‌دات كه‌ له‌ژێر هه‌ڕه‌شه‌ی داعشدان. ماتسن بۆ پشتگیریی كورد چووه‌ته‌ ئه‌وێ. دوعای بۆ ده‌كه‌ین كه‌ به‌سه‌لامه‌تی بگه‌ڕێته‌وه‌ نێو خێزانه‌كه‌ی".

نزیكه‌ی بۆ مانگێك ده‌چێت شه‌ڕڤانانی YPG له‌ به‌رگرییه‌كی تونددان بۆ پاراستنی شاری كۆبانی له‌ هێرشی چه‌كدارانی داعش كه‌ له‌ سێ لاوه‌ گه‌مارۆی شاره‌كه‌یان داوه‌ و ده‌یانه‌وێت به‌ هه‌ر شێوه‌یه‌ك بێت داگیری بكه‌ن.

شه‌ڕڤانانی YPG كه‌ ته‌نیا چه‌كی سووكیان پێیه‌، ئێستا كه‌وتوونه‌ته‌ شه‌ڕی كۆڵانه‌ و كۆڵان له‌گه‌ڵ چه‌كدارانی داعش.

به‌پێی هه‌واڵێكی رۆژنامه‌ی USA Todayی ئه‌مریكی، ماتسن ئێستا له‌ نه‌خۆشخانه‌یه‌كی باكووری رۆژهه‌ڵاتی سووریا (رۆژئاوای كوردستان) چاره‌سه‌ری بۆ ده‌كرێت به‌هۆی به‌ركه‌وتنی پارچه‌ی گولله‌ هاوه‌نێكی چه‌كدارانی داعش.

ماتسن به‌ رۆژنامه‌كه‌ی گوت "هه‌ر كه‌ توانیم پۆستاڵ له‌پێ بكه‌مه‌وه‌، ده‌ستبه‌جێ ده‌گه‌ڕێمه‌وه‌ بۆ شه‌ڕ".

دكتۆر ئه‌میر شه‌ریفی، زمانه‌وان له‌ زانكۆی ولایه‌تی كالیفۆرنیا، گوتی ئازایه‌تی ماتسن دووباره‌ هیوای پێدامه‌وه‌ به‌ ئه‌مریكا. "زۆر نیگه‌ران بووم له‌و بێخه‌میه‌ی جیهان به‌رامبه‌ر كوردی سووریا، به‌ڵام كاتێك بیستم كه‌ جۆردن ماتسن په‌یوه‌ندی به‌ شه‌ڕڤانانه‌وه‌ كردووه‌ بۆ شه‌ڕكردن له‌ دژی وه‌حشیه‌ جیهادییه‌كان، ئه‌وه‌ هیوایه‌كی زۆری پێدام". شه‌ریفی به‌ (رووداو)ی گوت "جۆردن چووه‌ بۆ یارمه‌تی ئه‌وانه‌ی كه‌ ئێستا په‌رۆشی یارمه‌تین له‌ شه‌ڕێكی نایه‌كساندا له‌ دژی دوژمنێك كه‌ ته‌واوی ناوچه‌كه‌ی تۆقاندووه‌ و كاولكردووه‌ و ڕێگه‌لێگرتنی سه‌خته‌."

له‌كاتێكدا ژماره‌یه‌كی زۆر كورد ستایشی رۆڵی ماتسن ده‌كه‌ن، حكومه‌تی ئه‌مریكا زۆر حه‌زه‌ر ده‌كات. به‌رپرسانی ئه‌مریكا نیگه‌رانن له‌وه‌ی هاووڵاتیه‌كانیان بچنه‌ عێراق و سووریا بۆ شه‌ڕكردن و پاشان بگه‌ڕێنه‌وه‌ وڵاته‌كه‌یان به‌ مه‌شق و بیری توندڕه‌وییه‌وه‌.

هه‌فته‌ی رابردوو گوته‌بێژی وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریكا جێین ساكی گوتی كه‌ ئه‌و ئاگادار نییه‌ له‌وه‌ی هیچ یاسایه‌ك هه‌بێت بۆ رێگرتن له‌ هاووڵاتیانی ئه‌مریكی له‌ شه‌ڕكردن شانبه‌شانی كورد.

"نیگه‌رانین له‌ چوونی هه‌ر هاووڵاتییه‌كی ئه‌مریكی بۆ به‌شداریكردن له‌ ئۆپه‌راسیۆنی سه‌ربازی به‌بێ ره‌چاوكردنی ئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ چ لایه‌كن، به‌ڵام هۆشداری ده‌ده‌ین له‌وه‌ی هاووڵاتیانی ئه‌مریكی گه‌شت بۆ سووریا و عێراق نه‌كه‌ن به‌ هیچ مه‌به‌ستێك".

لانیكه‌م سێ هاووڵاتی ئه‌مریكی له‌ ریزی هێزه‌ كوردییه‌كاندا له‌ دژی داعش شه‌ڕ ده‌كه‌ن. به‌ڵام زۆر زیاتر له‌و ژماره‌یه‌ له‌ ریزی داعشدان.

كورده‌كانی ئه‌مریكا داوا له‌ حكومه‌تی ولایه‌ته‌ یه‌كگرتووه‌كان ده‌كه‌ن هه‌وڵی به‌په‌له‌ بدات بۆ هاوكاریكردنی كوردی رۆژئاوای كوردستان له‌ به‌رگریكردن له‌ كۆبانێ.

به‌درێژایی هه‌فته‌ی رابردوو فڕۆكه‌ جه‌نگییه‌كانی ئه‌مریكا به‌رده‌وام بوون له‌ بۆردومانكردنی پێگه‌كانی داعش له‌ نزیك كۆبانێ، ئه‌وه‌ش هاوكاری یه‌كینه‌كانی پاراستنی گه‌لی كردووه‌ له‌ زه‌مینه‌وه‌ رووبه‌ڕووی داعش ببنه‌وه‌ پاش ئه‌وه‌ی خه‌ریك بوو شاره‌كه‌ بكه‌وێته‌ ده‌ست چه‌كداره‌كانی داعش.

سیاسه‌ته‌كانی واشنتن له‌ژێر كاریگه‌ری توركیای هاوپه‌یمانیدایه‌. ئه‌مریكا به‌رده‌وامه‌ له‌ هه‌ڵمه‌تی سه‌ربازی له‌ دژی داعش له‌ سووریا و عێراق، به‌ڵام دوودڵه‌ له‌ یارمه‌تیدانی شه‌ڕڤانانی یه‌كینه‌كانی پاراستنی گه‌ل كه‌ په‌یوه‌ندیان به‌ پارتی كرێكارانی كوردستانه‌وه‌ هه‌یه‌.

له‌كاتێكدا رۆژی چوارشه‌ممه‌ی رابردوو شه‌ڕ له‌ نێوان هێزه‌كانی پاراستنی گه‌ل و داعش له‌ كۆبانێ زیاتر بڵێسه‌ی ده‌سه‌ند، به‌رپرسانی ئه‌مریكی هۆشداری ئه‌وه‌یان دا كه‌ هێرشی ئاسمانی به‌ته‌نیا به‌س نییه‌ بۆ پاڵپشتیكردنی ئه‌وانه‌ی به‌رگری له‌شاره‌كه‌ ده‌كه‌ن. گوته‌بێژی پێنتاگۆن جۆن كێربی گوتی "به‌ته‌نیا هێرشی ئاسمانی شاره‌كه‌ ناپارێزێ."

فه‌رمانده‌ سه‌ربازییه‌كانی ئه‌مریكا هێرشه‌ ئاسمانیه‌كانیان له‌ دژی داعش له‌ ده‌وروبه‌ری كۆبانێ چڕتركردووه‌ته‌وه‌ و ئۆتۆمبێل و تۆپخانه‌كانی داعشیان كردووه‌ته‌ ئامانج. پلانێكی واشنتن بۆ پڕچه‌ككردن و مه‌شقكردن به‌ 5 هه‌زار چه‌كداری ئۆپۆزیسیۆنی سووری بۆ شه‌ڕكردن له‌دژی داعش هێشتا چه‌ند مانگێكی ماوه‌ بۆئه‌وه‌ی به‌ته‌واوی ئاماده‌ بێت.

هێرشه‌ به‌رده‌وامه‌كانی سێ هه‌فته‌ی رابردووی چه‌كدارانی داعش بۆ سه‌ر شاری كۆبانێ بووه‌ته‌ هۆی كوژرانی زیاتر له‌ 400 كه‌س و ئاواره‌بوونی 180 هه‌زار هاووڵاتی كورد بۆ سنووره‌كانی توركیا.

## پێده‌ڵێن فه‌رهادی سه‌ده‌ی بیسته‌م

# كه‌مئه‌ندامێكی كورد كێوێك كون ده‌كات

**ساڵح قادر**
**رووداو- پاوه‌**

فه‌رهاد بۆ گه‌یشتن به‌ شیرین كێوی بێستوونی داتاشی و وێنه‌ی ئه‌وی له‌سه‌ر نه‌خشاند، به‌ڵام مام حوسێن كۆكه‌ن له‌ حه‌ژمه‌تی له‌ده‌ستدانی خێزانه‌كه‌ی كێوێكی كون كرد.

حوسێن كۆكه‌ن، كورد و فارس به‌ فه‌رهادی سه‌ده‌ی بیسته‌م ناوی ده‌به‌ن. ئه‌ویش به‌ خۆی ده‌ڵێت تاقه‌ سوار.

ده‌مێكه‌ به‌فری ته‌مه‌ن رووخساری داپۆشیوه‌، به‌ڵام هێشتا هێز و توانای لێنه‌سه‌ندووه‌ته‌وه‌. حوسێن سه‌لیم عوسمانی (حوسێن كۆكه‌ن) كه‌ 87 ساڵ ته‌مه‌نیه‌تی، باوكی 3 كوڕ و 3 كچه‌. سێ كوڕه‌كه‌ی و هاوسه‌ره‌كه‌ی له‌ ژیاندا نه‌ماون، یه‌كێك له‌ زاواكانیشی كه‌ لایه‌نگری حیزبی دیموكرات بووه‌، له‌لایه‌ن كاربه‌ده‌ستانی ئێرانه‌وه‌ له‌ سێداره‌ دراوه‌.

مه‌ینه‌تیه‌كانی مام حوسێن زیاتر ده‌بن دوای ئه‌وه‌ی له‌سه‌رده‌می شه‌ڕی ئێران و عێراق (1980 – 1988) تۆپێك به‌ر ماڵه‌كه‌ی ده‌كه‌وێت و ده‌سووتێت. دوای ئه‌و رووداوه‌ مام حوسێن چیدی دڵی به‌ ئاوه‌دانی ناكرێته‌وه‌ و رووده‌دكاته‌ كێو و دۆڵه‌كانی ناوچه‌ی پاوه‌ی رۆژهه‌ڵاتی كوردستان. به‌رهه‌می سێ ده‌یه‌ مانه‌وه‌ی له‌ چۆڵه‌وانیدا كونكردنی كێوی مه‌ی گۆڕێ و دروستكردنی 7 ژوور و گۆڕێك بووه‌ له‌ نێو كێوه‌كه‌دا.

مام حوسێن ده‌ڵێت "كوڕه‌كانم و هاوسه‌ره‌كه‌م له‌ ده‌ستدان، مێردی كچێكیشم به‌هۆی ئه‌وه‌ی دیموكرات بوو، ئێران له‌ سێداره‌ی دا، ئیدی ئۆقره‌م له‌به‌ر بڕا و بڕیارم دا سه‌ری خۆم هه‌ڵبگرم و له‌م دۆڵ و كێوانه‌ بمێنمه‌وه‌".

مام حوسێن به‌ ته‌نیا قاچێك و به‌ قوڵینگێكی زۆر ساده‌وه‌، كارێكی ناوازه‌ی كردووه‌ و توانیویه‌تی كێوێك هه‌ڵبكۆڵێت و 7 ژووری تێدا دروستبكات، له‌ نێو هه‌ر ژوورێكیشدا تاقێكی دروستكردووه‌.

### قوڵینگه‌كه‌ی ده‌به‌ن

مام حوسێن باسی له‌ده‌ستدانی قاچه‌كه‌ی كرد و گوتی كه‌ له‌ كاتی راو و شكاردا گولله‌ تاپڕێك له‌ ده‌ستی ده‌رده‌چێت و به‌ر قاچی ده‌كه‌وێت، به‌وهۆیه‌وه‌ قاچێكی ده‌بڕدرێته‌وه‌. به‌ڵام ئه‌وه‌ نه‌بووه‌ته‌ رێگر له‌به‌رده‌م خه‌ونه‌كه‌ی. به‌ڵكو ئه‌وانه‌ی رێگرییان لێكرد ده‌سه‌ڵاتدارانی ئێران بوون كه‌ بۆ ماوه‌ی 12 ساڵ قوڵینگه‌كه‌ی لێ ده‌ستێنن و ناهێڵن نهۆمی دووه‌می خانووه‌كه‌ له‌ كێوه‌كه‌ ته‌واو بكات، كه‌ به‌ قسه‌ی خۆی بۆ سكرتێری حیزبی دیموكرات سازی ده‌كرد.

مام حوسێن باسی ده‌ستبه‌سه‌رداگرتنی قوڵینگه‌كه‌ی بۆ (رووداو) ده‌كات و ده‌ڵێت "رۆژێكیان 4 مینوبوسی پڕ له‌ مه‌لای تاران سه‌ردانیان كردم، گوتیان مام حوسێن ئه‌وه‌ دیاره‌ نهۆمی یه‌كه‌مت بۆ خۆت ساز كردووه‌، ئه‌ی نهۆمی دووه‌م بۆ كێ ده‌كه‌ی، منیش گوتم بۆ رێبه‌ری حیزبی دیموكرات، ئیدی به‌م قسه‌یه‌ په‌ست بوون و قوڵینگه‌كه‌یان لێبردم، دوای 12 ساڵ ئینجا بۆیان گه‌ڕاندمه‌وه‌".

ئه‌و مه‌لایانه‌ هه‌ر به‌وه‌ش نه‌وه‌ستاون، به‌ڵكو زۆر له‌به‌ر مام حوسێن پاڕاونه‌ته‌وه‌ تاوه‌كو ئاینزاكه‌ی له‌ سوننه‌وه‌ بگۆڕێت بۆ شیعه‌، هه‌رچییه‌كیشی پێویست بێت بۆی ده‌كه‌ن، به‌ڵام ئه‌و داواكاریه‌ی ره‌تكردووه‌ته‌وه‌.

ئه‌و پێیوایه‌ هیچ جیاوازییه‌كی نییه‌ له‌گه‌ڵ عه‌لی خامنه‌یی رابه‌ری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و ده‌ڵێت "من قاچێكم نییه‌ و ئه‌ویش په‌لێكی ناقیسه‌".

وه‌ك مام حوسێن باسی ده‌كات، ناسیاوێكی ئامۆژگاری كردووه‌ كه‌ هه‌ر له‌ نێو كێوه‌كه‌دا گۆڕێكیش بۆ خۆی دروست بكات، بۆ ئه‌وه‌ی له‌ دوا رۆژدا فارس و تورك نه‌بنه‌ خاوه‌نی ئه‌م شاكاره‌.

"شێخ تاهیر شێخ نه‌سیر كه‌ خه‌ڵكی هه‌ڵه‌بجه‌یه‌، پێیگوتم هه‌ر لێره‌ گۆڕێك بۆ خۆت هه‌ڵبكه‌نه‌، چونكه‌ ئه‌گه‌ر گۆڕت نه‌بێت لێره‌ دوای چه‌ند سه‌ده‌یه‌ك ده‌ڵێن ئه‌وه‌ گاور دروستی كردووه‌ و مافی موسڵمانی پێوه‌ نییه‌، با خه‌ڵك بزانێت كه‌ كوردێك به‌ تاقه‌ قاچێكه‌وه‌ ئێره‌ی دروستكردووه‌". مام حوسێن وایگوت.

چیرۆكی شاكاره‌كه‌ی مام حوسێن سنووری رۆژهه‌ڵاتی كوردستان و ئێرانی بڕیوه‌ و زۆر له‌ كه‌ناڵه‌ جیهانییه‌كان باسیان كردووه‌. مام حوسێن ده‌ڵێت ئه‌و بیانیانه‌ی سه‌ردانیان كردووه‌ سه‌ریان سوڕماوه‌ له‌ كاره‌كه‌ی.

مام حوسێن ده‌ڵێت "كه‌ناڵی عه‌ره‌بی، چینی و ئه‌ورووپی و كه‌نه‌دی هاتوونه‌ته‌ لام و وێنه‌ی كاره‌كه‌یان گرتووه‌، گوتوویانه‌ له‌ جیهاندا هیچ كه‌سێك جێی تۆ ناگرێته‌وه‌ كه‌ به‌ ته‌نیا قاچێكه‌وه‌ ئه‌شكه‌وتێكی وا دروست بكات".

ئه‌م كاره‌ی مام حوسێن بووه‌ته‌ سه‌رچاوه‌یه‌ك بۆ بژێوی ژیانی، ئه‌وانه‌ی سه‌ردانی ده‌كه‌ن مام حوسێن داوای شیرینیان لێده‌كات، به‌ڵام ئه‌و له‌م شیرینیه‌ به‌شێكی كه‌می ده‌گێڕێته‌وه‌ بۆ كڕینی پێداوستییه‌كانی خۆی، ئه‌وه‌ی دیكه‌ له‌ كاری خێرخوازی خه‌رج ده‌كات.

مام حوسێن ده‌ڵێت به‌و پاره‌یه‌ی له‌ گه‌شتیارانی وه‌رده‌گرێت تاوه‌كو ئێستا 4 مزگه‌وتی دروستكردووه‌، ئێستاش خه‌ریكی دروستكردنی هۆڵێكه‌ بۆ پرسه‌ی ژنان له‌ یه‌كێك له‌ گونده‌كانی سه‌ر به‌ شارۆچكه‌ی پاوه‌ له‌ رۆژهه‌ڵاتی كوردستان.

ئه‌و ده‌ڵێت "من به‌ڵێنم به‌ خودای خۆم دا كه‌ چۆن یارمه‌تی دام بۆ ته‌واوكردنی ئه‌و كاره‌، منیش ئه‌وه‌ی له‌و كاره‌ ده‌ستم ده‌كه‌وێت له‌ رێگه‌ی خودا بیبه‌خشم، تاوه‌كو ئێستا 4 مزگه‌وتم به‌ داهاتی ئه‌م كاره‌ دروستكردووه‌ و ئێستاش خه‌ریكی دروستكردنی فاتیحه‌خانه‌یه‌كم بۆ ژنان".



مام حوسێن سێ وه‌رزی ساڵ (به‌هار، هاوین و پایز) له‌ نێو یه‌كێك له‌و ژوورانه‌دا ده‌مێنێته‌وه‌ كه‌ له‌ كێوه‌كه‌دا هه‌ڵیكۆڵیوه‌، به‌ڵام زستانی سه‌ختی ناوچه‌كه‌ ناچاری ده‌كات بۆ ماوه‌ی سێ مانگ كێوه‌كه‌ به‌جێبێڵێت و بچێته‌ لای براكه‌ی.


ئێستا كێوه‌ كونكراوه‌كه‌ی مام حوسێن بووه‌ته‌ شوێنێكی گه‌شتیاری، به‌ڵام ته‌واو فه‌رامۆشكراوه‌ له‌لایه‌ن كاربه‌ده‌ستانی ده‌وڵه‌ته‌وه‌، چونكه‌ ئه‌وه‌ی بیه‌وێت مام حوسێن و شاكاره‌كه‌ی بدۆزێته‌وه‌، هیچ ناونیشانێك له‌سه‌ر رێگه‌كه‌دا نییه‌، به‌ڵكو ده‌بێت به‌ پرسیاركردن بگاته‌ لای.



كێوی مه‌ی گۆڕێ كه‌ حوسێن كۆكه‌ن كونی كردووه‌و 7 ژوورو گۆڕی خۆی تێدا دروستكردووه‌ (فۆتۆ: رووداو)

## هونەرمەند ناسر ڕەزازی بۆ ڕووداو:

# لە حیزبەکانی باشوور و ڕۆژهەڵات نائومێد بووم



**ناسر ڕەزازی، هونەرمەندی هەرە ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی پەیوەندی ناکۆکی خۆی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی ئێران- کۆمەڵە دەکات کە ساڵانێک لە ریزەکانی ئەو حیزبەدا بووە، هەروەها دەڵێت کە حیزبەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر نائومێدیان کردووە و سەبارەت بەوانەی ڕۆژهەڵات دەڵێت کە "لە ئایندەدا پڕاک جێیان دەگرێتەوە". ڕەزازی هەر لەم هەڤپەیڤینەدا کە لەڕێی تەلەفۆن لەگەڵی کراوە بەهۆی ئەوەی کە ئێستا لە سوێدە کەسانێک تۆمەتبار دەکات بەوەی پارەی کۆنسێرتێکی خێرخوازیی ئەو و نەجمەدین غولامییان خواردووە کە لە کەرکووک بۆ ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستانیان سازکردبوو.**

**هەڤپەیڤین: ڕێکەوت سەلام**

> حیزبەکانی ڕۆژهەڵات نانخۆری پارتی و یەکێتین

> پارەی کۆنسێرتەکەی کەرکووکمان خورا

**ڕووداو: تۆ هەم هونەرمەند بووی و هەمیشەش پێیەکت لەناو سیاسەت بووە، بەڵام لەم کاتەدا کە کوردستان دەکوڵێ هیچت نەگوت، بۆنموونە بۆ شنگال، بۆ پێشمەرگە، لەسەر ئەو باوەڕە نەماوی کە هونەر دەبێ وەزیفەیەکی سیاسی هەبێ؟**

**ناسر ڕەزازی:** پێم سەیرە کە تۆ شتێکی وەها دەڵێی. من لە ساڵی 1991ەوە کە کۆڕەو کرا و تا ئێستاش ئەگەر بۆتی بژمێرم، چەندین سروودم پێشکەش کردووە و دەتوانم ناوەکانیشت پێبڵێم، هەر لە ریفراندۆمەوە بگرە، هەر لەوکاتەوە کە کۆڕەو دەستیپێکرد و تورکیا لەگەڵ کۆچبەرانی کوردی باشوور زۆر ناشرین جوڵانەوە، ئێمە سروودێکمان تۆمار کرد بەناوی "کوردینە کاتمان کاتە" کە لەیلا فەریقی و مەرزیەی کۆچکردووشی تێدابوو.

**ڕووداو: بەڵام ئێمە باسی ئێستا دەکەین، بۆچی ئێستا بێدەنگیت؟**

**ناسر ڕەزازی:** بێدەنگ نیم، ماوەیەک پێش ئێستاش سروودی کەرکوکم تۆمار کرد، جگە لەوەش مانگێک نابێت من و کیژان و کاک حامید بەرهەمێکمان تۆمار کردووە کە مامۆستا ئەنوەر قەرەداخی کاری موزیکی بۆ کردووە و لە تەلەفیزیۆنەکان بڵاوکرایەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو کارانەی لەلایەن یەکێتییەوە دەکرێن پارتی بڵاویان ناکاتەوە، یان ئەو شتانەی لەلایەن پارتییەوە بڵاودەبنەوە یەکێتی بڵاویان ناکاتەوە. ڕەنگە ئێوە نەتانبینیبێ، بەڵام ئێمە هەر کارمان کردووە و ئێستاش کە لەگەڵ تۆ قسە دەکەم سێ سروودم ئامادەیە بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا جەمال ئامادەی کردوون. ئەو سێ بەرهەمە دوویان تازەن و یەکێکیان کۆنە و نوێی دەکەمەوە.

**ڕووداو: بۆنموونە ئەگەر هەڵکەوت زاهیر پێت بڵێ سروودێکی هەیە، کاری لەگەڵ دەکەی؟**

**ناسر ڕەزازی:** بێگومان بۆ نا؟ من ڕێزم هەیە بۆی و هەرکەسێک بێت لە خزمەتیدام.

**ڕووداو: چۆنە ئێوە، هونەرمەندە گەورەکان بیرتان لە کۆنسێرتێکی خێرخوازی نەکردووەتەوە بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و شنگال؟**

**ناسر ڕەزازی:** بێگومان کراوە، ئێمە ماوەیەک بەر لە ئێستا لە ستۆکهۆڵم کۆنسێرتی خێرخوازیمان کرد، ئاخر بۆیە دەڵێم، ئەوەتا تەنانەت ڕووداویش بڵاوی نەکردەوە، خۆ ئەو کارە پەکەکە نەیکردبوو تاوەکو بڵاوی نەکەنەوە. کۆمەڵێک گەنجی لێهاتووی هەر چوار پارچەی کوردستان لە ستۆکهۆڵم کردیان، ئەوەی من لەبیرم بێت هونەرمەندەکان من و کاک نەجمەدین غولامی و ئەیاد حوسێن و ڕۆژ کەریم و چەندین هونەرمەندی کرمانجی بەشدارییان کرد، لەوێ پارەیەکی زۆر باش کۆکرایەوە بۆ ئاوارەکانی شنگال، بەڕاستی برینی شنگال وای لە من کرد کە ئەنفال و هەڵەبجەی لەبیربردمەوە، چونکە شنگال جیاوازییەکی تایبەتی هەبوو، ئەمە جینۆساید بوو، ئێمە ناتوانین بە هەندێ شت بڵێین جینۆساید، نابێ ناوی جینۆساید خراپ بکرێت، جینۆساید بە کۆمەڵکوژییەک دەڵێن لەشێوەی ئەوەی لە شنگال ڕوویدا. ئەوە جینۆسایدێکی ئاینی و نەتەوەیی بوو.

> من بە دڵنیام گوت کە واز لە کاری هونەری بێنێت و خەریکی ژیانی خۆی بێت

> هیچ باڵێکی کۆمەڵە نەتەوەیی نەبوون و لە ئایندەشدا پڕاک جێیان دەگرێتەوە

**ڕووداو: بەهەمان گەرموگوڕیی جاران لەسەر گۆڕەپانی هونەری نەماوی، ماندوو بووی، نائومێد بووی، یان مەسەلە ئەوەیە ئەو هونەرمەندانەی کاروانێکی درێژ لەکاری هونەری دەبڕن، ترسێکی زیاتریان هەیە لەوەی نەبادا کارێکی خراپ پێشکەش بکەن کە زیان لەو ڕابردووەیان بدات؟**

**ناسر ڕەزازی:** نەخێر ئێمە ماوین لە گۆڕەپانەکە، بەڵام ڕاست دەکەیت وەکو جاران بە گەرموگوڕی نییە و ماندووین، لەبەرئەوەی کە نائومێدین لە حیزبەکان، بەتایبەتی ئەوانەی باشوور و ڕۆژهەڵات، بۆیە بەوپەڕی بوێرییەوە دەڵێم: بە هەموو هەڵەکانیانەوە، بە هەموو کەموکوڕی و ناتەواوییەکانیانەوە، تەنیا حیزبێک کە ئەمڕۆ دەتوانێ وەڵامی خواست و ویستی گەلی کورد بداتەوە پەکەکەیە، بەڕاستی دەبێ بمبەخشن کە ئەو قسەیە دەکەم، دەڵێم سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکانیان کە ڕەخنەم لێیان هەیە و سیاسەتیانم قەبوڵ نییە، بەڵام یەک شتیان هەیە بەلای منەوە زۆر گرنگە، ئەویش ئەوەیە کە بە ئیمانەوە کاردەکەن، حیزبەکانی ڕۆژهەڵات وایان لێکردووین لە هەموو شتێک نائومێد بین.

**ڕووداو: کەواتە تۆ پەکەکە بە باشترین دەزانی لەنێو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان؟**

**ناسر ڕەزازی:** سەد لە سەد و وەک گوتم سەرەڕای هەموو هەڵەکانیان، دیارە من ڕەخنەم هەیە لە هەڵەکانیان کە شتی خراپیش دەکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا تۆ سەیر بکە لە کۆبانێ بێ ئەوەی ئەمریکا یارمەتی بدات، بێ ئەوەی کە باشوور یارمەتییان بدات، داعش نەیتوانی کۆبانێ بگرێت، چونکە بە ئیمانەوە شەڕدەکەن، بەڵام ئەوەی ئێمە وا نییە، پێشمەرگە شنگالی بەجێهێشت، هەڵبەتە ناڵێم پێشمەرگە هیچ نەبوو، پێشمەرگە ئەو چەکەی نەبوو کە بەرامبەر ئەو چەکەی ئەوان بوەستێ، هەرچەندە ئێستاش یەپەگە بەرامبەر بە داعش دیسان لەڕووی چەکەوە زۆر لەوان لە خوارترن و ئەوان بە چەکی گەورە بۆردومانیان دەکەن.

**ڕووداو: زۆر کەس بەرهەمەکانی ساڵانی هەشتای تۆ بە باشتر دەزانن لەوانەی دواتر پێشکەشت کردوون، ژیانی تاراوگە کاریگەرییەکی خراپی لەسەر تۆ هەبووە لەو ڕووەوە؟**

**ناسر ڕەزازی:** تەنیا تاراوگە نییە، دەبێ بڵێین بارودۆخی نەتەوەی کورد لە تاراوگە، تۆ وەرە تەماشا بکە، پەکەکەی لێ دەربچێت کە دەتوانێت لە دەرەوەی کوردستان 200 هەزار کەس کۆبکاتەوە، هەموو حیزبەکانی باشوور و ڕۆژهەڵات ناتوانن 50 هەزار کەس کۆبکەنەوە، ئەمانە ئێمەی تووشی کێشە کردووە. دیارە من پەکەکە نیم، من دۆستی پەکەکەم، دۆستی یەکێتیم و دۆستی پارتیم، دۆستی هەموو حیزبەکانی کوردستانم، بەڵام وەک باسمکرد ئەوان بە پرەنسیپەوە بە ئیمانەوە ئیش دەکەن، پەروەردەیان هەیە، بەڵام حیزبەکانی باشوور و ڕۆژهەڵات پەروەردەیان نییە.

**ڕووداو: لەم ساڵانەدا زۆر هونەرمەندی کوردی ڕۆژهەڵات و تەنانەت فارسیش هاتن و لە هەرێمی کوردستان کۆنسێرتیان کرد، بیرت لەوە نەکردووەتەوە کۆنسێرتێک بکەی کە تایبەت بێت بە کوردی ڕۆژهەڵات و بانگهێشتیان بکەی بۆ ئێرە؟**

**ناسر ڕەزازی:** ئەوانەی کە دەهاتنە کوردستان، بە پارتی و بە یەکێتی و بە دەسەڵاتی کوردستانەوە یارمەتی هونەرمەندانی فارسیان دەدا، بەڵام تا ئێستا دەسەڵاتی کوردستان یارمەتی کام هونەرمەندی کوردی داوە کە کۆنسێرت بکات، تەنها هۆمەر دزەیی لێ دەربچێت کە ئەویش وەزیر برادەری بووە نازانم چی بووە کۆنسێرتێکیان بۆ کرد، جگە لەوە کۆنسێرت بۆ کام هونەرمەندی دیکە کراوە و یارمەتی کام هونەرمەندی گۆرانیبێژیان داوە؟ سەرەڕای ئەوە من و نەجمەدین غولامی دوو کۆنسێرتمان کرد کە یەکێکیان لە کەرکووک بوو بۆ ئاوارەکانی سووریا، بەڵام بەداخەوە پارەکەی خورا، ئەوە دەتوانی لە کاک نەجمەدین کەریم بپرسی، دەتوانیت لە کاک قارەمان کەرکووکی بپرسیت کە ئەوان ئاگادار بوون. من حەزناکەم ناوی کابرا بهێنم، بەڵام برادەرێک پارەکەی خوارد و کێشەکە کەوتە دادگا و ئێستاش کەس نازانێت پارەکەی چی بەسەر هات. پارەی هەموومان خورا، ئەو پارەیەش کە بڕیار بوو کۆبکرێتەوە ئەویش خورا، داهاتی ئەو کۆنسێرتە نزیکەی-30 40 هەزار دۆلار بوو.

**ڕووداو: ئێستا خەڵک بە لێشاو سروود تۆمار دەکەن و بڵاوی دەکەنەوە، تۆ کە زیاتر لە 40 سرووودت هەیە ئەوە چۆن دەبینی؟ هەست ناکەیت ئەم کارانە زیاتر بۆ خۆنیشاندانن؟**

**ناسر ڕەزازی:** دەی هەر ئەوەیە، کارەکە بووەتە هەڕەمەکی بەداخەوە، تۆ دەبێ بڕۆی لە مامۆستا عەبدوڵڵا جەمال بپرسی، دەبێ بڕۆی لە کاک هەڵکەوت زاهیر بپرسی، لە مامۆستا ئەنوەر قەرەداخی بپرسی، دەبێ بڕۆی لە کاک گۆران کامیل بپرسی و لە ئاکۆ عەزیز بپرسی و پێیان بڵێی بۆ وایە و بۆ وای لێهاتووە، دەنگی هەموو کەس بۆ سروود نابێت، ئەمڕۆ لە کوردستان ئەوانەی دەنگیان بۆ سروود دەبێت زۆر زۆر کەمن، بە دەردی خەڵکی سلێمانی دەڵێن پیاو مەدحی خۆی نەکات لەوانەیە هەر ناسر ڕەزازی و چەند کەسێکی تر هەبن، بەڵام کەس ناتوانێت ڕێگایان لێ بگرێت، لەبەرئەوەی کە پاشاگەردانیە بە داخەوە، بەڵام ئەمە لەلایەکی تریشەوە قەیناکە سۆزە و خزمەتە، من حەز دەکەم نە تەنیا ئەو گەنجانە بەڵکو هەموو گۆرانیبێژانی کورد ئەگەر دەنگیشیان بۆ سروود باش نەبێت، ئەگەر بۆیان دەکرێت لەم کاتەدا سروود بۆ نەتەوەی کورد تۆمار بکەن بەتایبەتی بۆ شنگال.

**ڕووداو: زۆر کەس چاوەڕوانییەکی زیاتریان لە دڵنیا ڕەزازی هەبوو، تەنانەت پێیانوابوو جێی مەرزیە خانم پڕدەکاتەوە، هۆی چییە کە بەردەوام نەبوو؟**

> برینی شنگال ئەنفال و هەڵەبجەی لەبیربردمەوە

**ناسر ڕەزازی:** هیچ کەسێک ناتوانێت شوێنی هیچ کەسێکی تر پڕبکاتەوە، هەر گوڵێک بۆنی تایبەتی خۆی هەیە، دڵنیاش کاری هونەری ناکات، تەنیا ئەو ئەلبوومە بوو کە لەبەر ڕێزی دایکی تۆماری کرد و تەواو، من بە دڵنیام گوت کە واز لە کاری هونەری بێنێت و خەریکی ژیانی خۆی بێت باشترە، چونکە ژن لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ڕێزی نییە.

**ڕووداو: تۆ لە هەندێک گۆڤار و ڕۆژنامەوە گلەییت لە هەڵکەوت زاهیر دەکرد، کەچی یەکەم ئەلبوومی دڵنیا بە ئاوازەکانی هەڵکەوت زاهیر دەستیپێکرد؟**

**ناسر ڕەزازی:** من هیچ کێشەم لەگەڵ کاک هەڵکەوت زاهیر نەبووە، هەموو کەسیش ئەوە دەزانێت، کێشەی من لەگەڵ هەڵکەوت زاهیر تەنیا ئەوە بوو کە پێمگوت کاک هەڵکەوت تۆ مرۆڤێکی ژەنیاری، تا ئێستا ئەو هەموو گۆرانییە یان ئەو هەموو ئاوازەت داناوە، بە قسەی خۆی زیاتر لە 500 ئاوازی داناوە، هەر 500 دانە ئاوازەکەی بێنە 10 دانەی کوردی نییە، کاری ئەو ئەرەبێسکە، بەڵام لەپاڵ ئەوەدا سروودێکی هەشتی مارس کە پێکەوە گوتوومانە من و دڵنیا و هۆنراوەکەشی هی خاتوو مەهاباد قەرەداخی بوو، پاشان سروودی ریفراندۆم و ئێستاش ئەگەر کاک هەڵکەوت زاهیر یان هەر کەسێکی دیکە سروودیان هەبێ و بۆ کوردستان و بۆ ئەم بارودۆخە بە کەڵک بێت، من لەسەر سەرمی دادەنێم.

**ڕووداو: بۆچی ئەمساڵ بەشداری ساڵیادی کۆچی مەرزیەت نەکرد؟**

**ناسر ڕەزازی:** من کە گەڕامەوە بۆ سوید نەخۆش بووم و لێرە دوو دەرمانیان پێدام، دەرمانەکە بە داخەوە بەلەشم نەکەوت و یەک مانگی تەواو لە جێگادا بووم، بۆیە ئاگادارم کردنەوە کە من ناتوانم بێمەوە، چونکە باری تەندروستیم ناجێگیرە و لە نەخۆشخانەم و گوتم ئێوە دەتوانن لەجێی من ئەوەی پێتان دەکرێت بیکەن و سوپاستان دەکەم، هیوادارم ئەگەر تەمەن ڕێگە بدات، ئەوە ساڵێکی دیکە منداڵەکان خۆیان کە دەبێتە یادی 10 ساڵەی کۆچی مەرزیەش، ئەوان خۆیان یادی دەکەنەوە، بۆیە من هەموو ساڵێک ئامادە بووم تەنیا ئەمساڵ نەبێت.

**ڕووداو: تۆ ڕۆژانێک کۆمەڵە بووی، هیچ پەیوەندییەکت لەگەڵ ئەوان ماوە، هیچ بەشداری ئەو گفتوگۆ و مشتومڕانە دەکەی کە لەبارەی یەکخستنەوەی باڵەکانی ماوەیەکە لەئارادان؟**

**ناسر ڕەزازی:** زۆر بەداخەوە کۆمەڵە هەر لەسەرەتای دروستبوونییەوە هەتاوەکو ئێستا هیچ باڵێکیان نەتەوەیی نەبوون، هیچ باڵێکیان بۆ کوردستان تێکۆشانیان نەکرد، شەهید فوئادی موستەفا سوڵتانی و شەهید دکتۆر جەعفەری و سدیق کەمانگەر و هەندێ کەسی دیکەی لێ دەربچێت، ئەوانەی ئێستا هیچیان نەتەوەیی نین، لەگەڵ ڕێژم یەکگرتوو نین. لە داهاتووشدا پڕاک جێیان دەگرێتەوە لە کوردستان، من بوێرانە ئەوە دەڵێم، کاتی خۆیشی پڕاک کە هاتن بۆ کوردستان من ئەوانم برد بۆ لای کۆمەڵە، شاهیدەکان ماون، یەکێک لە ئەندامانی سەرەوەی پڕاک بە کاک عەبدوڵڵا موهتەدی گوت: کاک عەبدوڵڵا ئەمە ئێوە واتان کرد ئێمە ببینە پەکەکە. ئەگەر ئێوە ئەم بۆشاییەتان دروست نەکردایە دەبوو ئێستا لەگەڵ ئێوە باین، بەڵام بە داخەوە ئاواتان کرد. سەرەڕای ئەوەش زۆرمان هەوڵداوە و زۆر تێکۆشاوین کە یەک بگرنەوە، بەڵام من بڕوا ناکەم تازە نە تەنیا یەک بگرنەوە، بەڵکو ناتوانن بەرەیەکیش دروست بکەن بۆ داهاتوو، نازانم ئەگەر کۆماری ئیسلامی ڕووخا ئەوان چۆن دەتوانن وەڵامی خواست و ویستی نەتەوەی کورد بدەنەوە، من لەناو کۆمەڵەش نەک تەنیا نەبوومە ئەندام، بەڵکو نەبوومە بەرئەندامیش، چونکە بە منیان دەگوت ناسیۆنالیست. من هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە نەتەوەیی بووم و دژی حیزبی کۆمۆنیست بووم. ئێستاش دەڵێم نە ئیسلام و نە کۆمۆنیست کێشەی نەتەوەی کورد نین، کێشەی کورد کێشەی نەتەوەییە. تۆ ئەگەر ئیسلامی دەبێ بۆ نەتەوەی کورد تێبکۆشی، تۆ ئەگەر ئیسلامی دەبێ بڵێی من مرۆڤم و کوردم ئینجا دەبێ بڵێی ئیسلامم، دەبێ بڵێی کوردم ئینجا کۆمۆنیستم.

**ڕووداو: بەڵام ئەمە هەر بە تەنیا کێشەی کۆمەڵە نییە، بەگشتی ڕەخنەیەکی زۆر لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەگیرێ کە دەڵێن نەک هەر ناتوانن بەرەیەکی کوردستانی دروست بکەن، تەنانەت ناتوانن چارەسەری دابەشبوونەکانی نێوخۆشیان بکەن؟**

**ناسر ڕەزازی:** نەخێر ناتوانن قسەکەت زۆر ڕاستە، لەبەرئەوەی کە لێیان قەوماوە و شەق بوون ئەو هێزەی جارانیان نەماوە، ئەو ڕێزەی جارانیان نەماوە، من نموونەیەکت بۆ دێنمەوە: ئەگەر ئەم حیزبانەی ڕۆژهەڵات شەق و پەق نەبان، کۆمەڵە نەبووایە بە پێنج بەش و حیزبی دیموکرات نەبووایە دوو بەش و وردەکانی تریش نەبوونایە دوو بەش، ئێستا باشووری کوردستان دەیتوانی بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی بیانکاتە کارتێکی گوشار بۆسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەڵام ئێستا کارتی گوشار نین، چونکە ئەو هێزەیان نییە. لەلایەکی ترەوە ئەوەتا یەکێتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیە و پارتی لەگەڵ تورکیایە و ئەوانیش ئەم لەگەڵ ئەوە، لەم حیزبانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کامیان توانیویانە لانیکەم ڕەخنەیەکی تاسێنەر لە یەکێتی و پارتی بگرن؟ نەیانتوانیوە چونکە هەر هەموویان نانخۆری پارتی و یەکێتین.

**ڕووداو: قسەیەکی وا هەبوو کە ژیاننامەی خۆت دەکەیتە کتێبێک؟**

**ناسر ڕەزازی:** بەڵێ دەمێکە خەریکی ئەوەم بیرەوەریی خۆم دەنووسمەوە، هەروەها خەریکی کتێبێکی مێژوویی کورتیشم لەسەر موزیکی کوردی، هەڵبەتە بە یارمەتی یەک دوو کەسی شارەزا لە زانستی موزیک، چونکە ئێمە گۆرانیبێژی ئیحساسین، بۆ نموونە وەکو مامۆستا تاهیر تۆفیق و و مامۆستا حەسەن زیرەک و محەممەدی ماملێ، ڕەنگە مامۆستا مەزهەری خالقی تۆزێک جیاوازیی هەبێت لەگەڵ ئەوان، زۆربەی گۆرانیبێژەکانی ئێمە زانستی موزیک نازانن، سۆڵفێج نازانن، ڕەدیف و قەتارەکانی موزیک بە گشتی نازانن، دیارە تەنیا گۆرانیبێژێک ناتوانێت ئەو کارە بکات، دەبێ کەسی شارەزای لەگەڵ بێت لەباری زانستی موزیکەوە تاوەکو بتوانێت ئەو کارە بکات.

**ڕووداو: چی دەڵێی لەبارەی سەربەخۆیی کوردستان؟**

**ناسر ڕەزازی:** بەم شێوەیەی ئێستا کوردستان نابێتە یەک، جەنابی کاک مەسعود بارزانی باسی سەربەخۆیی کوردستانی هێنایە ئاراوە، لەگەڵ ڕێزم بۆی و زۆرم پێ خۆش بوو، بەڵام بە کام لەشکری یەکگرتووەوە، بە کام پەرلەمانی یەکگرتووەوە؟ هێشتا پارتی و یەکێتی باشووری کوردستانیان کردووە بە دوو بەشەوە، بە چ شێوەیەک دەتوانین کوردستان رزگار بکەین؟ کوردستان بەو شێوەیەی ئێستا رزگار نابێت، مەگەر بارودۆخی کوردستان لەباری ئابوورییەوە بگاتە ئاستێک کە بتوانێ خۆی بەڕێوەبەرێت، ئەویش ئابوورییەکی تۆکمە، ئابوورییەک تەنیا لەلایەن حیزبێکەوە بەڕێوەنەچێت، ئابوورییەک کە لەلایەن دەسەڵاتی کوردستانەوە بەڕێوەبچێت، پەرلەمانی کوردستان پەرلەمان نییە، پەرلەمانی کوردستان پەرلەمانی هەموو حیزبەکان نییە، پەرلەمانی هەموو خەڵکی کورد نییە بە داخەوە.. زۆر بە داخەوە.

**ڕووداو: تاوەکو ئێستا لەگەڵ خانەوادەکەت دانیشتووی و وەسیەتیان بۆ بکەیت؟**

**ناسر ڕەزازی:** بەڵێ کردوومە و مردنیش برا گەورەی هەمووومانە، کێ دەڵێ دوای ئەم وتووێژە من دەمێنم، باسی ئەوەم کردووە کە ئەوانەی کە من نەمکردوون بۆ نموونە کۆکردنەوەی بەرهەمەکان یان نووسینەوەی بەرهەمەکان، دواتریش دیارە کوردستان بۆ من هیچ جیاوازییەکی نییە، بەڵام حەزدەکەم ئەو پارچەیەی خۆم رزگار بێت و لە کوێ لەدایک بووم هەر لەوێش بمنێژن، ئەگەریش نەکرا ئەوە لە دەستی مندا نییە.

**ڕووداو: حەز دەکەیت لای مەرزیە بتنێژن؟**

**ناسر ڕەزازی:** نەخێر ئەو بڕیارەم نەداوە، نەک لەبەرئەوەی ژنی دیکەم هێناوە، نەخێر من لەو ماوەیەدا بە ئێرانی خێزانم گوت ئەگەر نەمام حەز دەکەم لەلای دایکم بمنێژن.

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (329) دووشەممە 2014/10/13

## پێشنیازدەکرێت بودجەی 2014 پەسەند نەکرێ

**ڕووداو-هەولێر**

سەنتەری جیهانیی توێژینەوەی پەرەپێدان لە لەندەن ڕایگەیاند مەترسی هەیە بودجەی 2014ی عێراق زۆرتر لە 75 ملیار دۆلار کورتبێنێ و وەزیرێکی حکومەتی عێراق ڕایگەیاند وەزارەتی دارایی پێشنیازی کردووە بودجەی 2014 پەسەند نەکرێ و بڕی 4 ملیار دۆلاریش وەک سولفە بۆ کوردستان خەرجبکرێ. سەنتەرەکە دەڵێت "خەرجییەکانی عێراق لە ساڵی 2014 دەگاتە 147 ملیار دۆلار، لەکاتێکدا داهاتی خەملێنراوی عێراق لە هەمانساڵ دەگاتە 120 ملیار دۆلار، جگە لەوەی حکومەتی عێراق لەو ساڵەدا زۆرتر لە 60 ملیار دۆلار سولفەی خەرجکردووە، ئەمەش ئابووری عێراق دووچاری کورتهێنانێکی گەورە دەکاتەوە".



# خواست لەسەر کڕینی ئۆتۆمبێل 50% دابەزیوە

### بازرگانێک: چەند کۆمپانیایەکی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ئیفلاسیان کردووە



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

خاوەنی کۆمپانیایەکی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل دەڵێت بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی لە شوباتی ئەمساڵەوە تووشی هەرێمی کوردستان بووە، خواست لەسەر کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بۆ نزیکەی 50% دابەزیوە، بەو هۆیەش "بەدەیان کۆمپانیای ئۆتۆمبێل لە هەولێر مایەپووچ بوون".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان ملیۆنێک و 200 هەزار ئۆتۆمبیل لەهەرێمی کوردستان تۆمارکراون.

لە ئاماری 8 مانگی ڕابردووی تۆماری پۆلیسی هاتوچۆدا دەردەکەوێت کە تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل مانگ بە مانگ کەمی کردووە، بەجۆرێک لە مانگی شوباتدا 8.649 ئۆتۆمبیل تۆمارکراون، بەڵام لەمانگی ئابدا 4.315 ئۆتۆمبیل تۆمارکراون، بەمەش دەردەکەوێت کە خواستی کڕین لەسەر ئۆتۆمبێلی نوێ لە نێوان مانگی شوبات بۆ مانگی ئاب نزیکەی 50% دابەزیوە.

ئەندازیار هونەر عەبدوللەتیف، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای جیهان بۆ بازرگانیی ئۆتۆمبێلی تۆیۆتا لە هەولێر دەڵێت بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی هەرێمی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خواست لەسەر کڕینی ئۆتۆمبێل کەم دەکات.

هونەر دەڵێت "ساڵی ڕابردوو ژمارەیەکی یەکجار زۆر ئۆتۆمبێلمان فرۆشت، پێشبینیمان دەکرد ئەمساڵ بەهۆی بەرزبوونەوەی کوالێتی و گۆڕانکاری لە تایبەتمەندی ئۆتۆمبێلە تازەکانمان ژمارەی فرۆشمان بگاتە نزیکەی دوو بەرامبەر، بەڵام بەهۆی ئەم قەیرانە داراییەی تووشی هەرێم بووە، فرۆش و هاوردەی ئۆتۆمبێلمان بۆ 50% دابەزیوە".

بەهۆی ئەو بێ بازاڕییە کۆمپانیاکەی هونەر عەبدوللەتیف بڕیاریداوە ئۆتۆمبێلەکانیان بەنرخی خۆی و بێ قازانج بفرۆشێتەوە "تەنانەت هەندێ لە ئۆتۆمبێلەکانمان بە کەمتر لەنرخی خۆشی فرۆشتووە، تەنیا بۆ ئەوەی کەمێک جوڵە بخەینە ئاڵوگۆڕ و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلەکانمان".

هەروەها گوتیشی کەمکردنەوەی نرخی ئۆتۆمبێلەکانیان بۆ ئەو نرخە کەمەی ئێستا کاریگەری زۆر نەرێنی لەسەر نرخی ئۆتۆمبێلی تازە مۆدێلی ساڵی ئایندەش جێدەهێڵێ، تەنانەت ئەگەر بارودۆخی دارایی هەرێمیش ئاسایی ببێتەوە، چونکە وەک ئەو دەڵێت "بەرزکردنەوەی نرخ کاتی زۆری دەوێت". گوتیشی "ژمارەیەکی یەکجار زۆر ئۆتۆمبیلی مۆدێل 2013 و 2014مان ماوە، ئێستاش مۆدێلی تازەی 2015 بەڕێوەیە، بێگومان بەهۆی بەسەرچوونی مۆدێل زەرەری زۆر لە فرۆشتنیان دەکەین، بۆیە کاریگەری ئەو قەیرانە داراییە ساڵی ئایندەش لەسەر کۆمپانیاکەمان دەمێنێت".

قەیرانە داراییەکەی هەرێمی کوردستان وایکردووە کە مووچەی فەرمانبەران لە کاتی خۆی دوابکەوێت، بەمەش فەرمانبەران ناوێرن ریسک بە داهاتەکەیانەوە بکەن و خواستی کڕینی کەلوپەل بە گشتی و ئۆتۆمبیل بەتایبەت کەم بووەتەوە.

محەممەد عومەر، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئۆنێل بۆ بازرگانی گشتیی هاوردە و هەناردەی ئۆتۆمبیلی ئەمریکی لە هەولێر دەڵێت بەهۆی کەمیی خواست لەسەر کڕین، نرخی ئۆتۆمبیل بەگشتی بەهەموو جۆر و مۆدێلەکانیەوە 15 تاوەکو 25% دابەزیوە، ئەمەش وایکردووە

**بازاڕی ئۆتۆمبێل دوای قەیرانی دارایی کوردستان:**

- تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلی مۆدێل تازە بە ڕێژەی 50% دابەزیوە
- هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل 60% کەمی کردووە
- نرخی هەر ئۆتۆمبێلێک 15- 25% دابەزیوە
- هەندێک لە خاوەن کۆمپانیاکانی ئۆتۆمبێل ئیفلاسیان کردووە
- تەنیا ئۆتۆمبێلی بچووک و کەم نرخ بازاڕیان هەیە
- ژمارەی گرێبەستەکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی مۆدێل کۆن 75% دابەزیوە
- هەندێک لە ئۆتۆمبێلە ئەمریکییەکان کەس لێیان ناپرسێت
- هەندێک لە ئۆتۆمبێلە مۆدێل بەرزەکان 10 هەزار دۆلار لە نرخیان دابەزیوە

هاوردەی ئۆتۆمبیل بەراورد بە ساڵی ڕابردوو لەلایەن کۆمپانیا بازرگانییە سنووردارەکان بۆ 60% دابەزێت، گوتیشی "بەهۆی بێ بازاڕی و دابەزینی نرخ بەدەیان کۆمپانیای کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبیل لەهەولێر مایەپووچ بوونە و تەنانەت هەندێکیان توانای دابینکردنی کرێی باڵەخانەی کۆمپانیاکەشیان نەماوە".

محەممەد ئیفلاسی نەکردووە، بەڵام دەڵێت بەهۆی ئەو بێ بازاڕیە نیوەی کرێی کۆمپانیاکەی لە گیرفانی خۆی دەدات. گوتیشی "ئەگەر تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ ئەو قەیرانە بەردەوام بێت، دڵنیام زیاتر لە 80%ی کۆمپانیاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بەهۆی بێ بازاڕی دەرگای کۆمپانیاکانیان دادەخەن".


بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئۆنێل پێیوایە جگە لە کاریگەری ئەو قەیرانە داراییە، نەبوونی ڕێگای هاتوچۆی نێوان شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق لەگەڵ کوردستان کاری کردووەتە سەر کاری ئەوان، چونکە وەک ئەو دەڵێت "بەشێکی زۆری کڕیارەکانی کۆمپانیا سنووردارەکان عەرەبی شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقن".


هاوشێوەی کۆمپانیاکان، خواستی کڕین و فرۆشتن لە پێشەنگا کلاسیکییەکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی بەکارهاتووش سەرەڕای کەمیی نرخی ئۆتۆمبێلەکانیان لاوازە.


فریاد حەسەن عەبدوڵڵا، خاوەنی پێشەنگای چۆمان بۆ کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو، دەڵێت پێش ئەم قەیرانە داراییە، لە پێشەنگاکەی ئەو مانگانە زیاتر لە 200 گرێبەستی کڕین و فرۆشتنی تۆمار دەکرد، بەڵام ئێستا ژمارەی گرێبەستەکان مانگانە ناگاتە 50 گرێبەست. گوتیشی "زۆربەی ئەو گرێبەستانەی ئێستا تۆمار دەکرێن بریتین لە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی بچووک و کەم نرخ".

بۆ دابەزینی نرخی ئۆتۆمبێلیش فریاد گوتی "دابەزینی نرخ لەئۆتۆمبێلێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە نرخی ئۆتۆمبێلی لاندکرۆزەر (وەنەوشە) بەگشتی 10 هەزار دۆلار، پیکابی تۆیۆتا (مەرزیە) نزیکەی 7 هەزار دۆلار، دۆجی ئەمەریکی (ئۆباما) 5 هەزار دۆلار دابەزیوە، هەندێ ئۆتۆمبیلیش هەیە 1500 دۆلار تا 2000 دۆلار لە نرخیان دابەزیوە، هەندێ لە ئۆتۆمبێلە ئەمەریکییەکان هەر کڕیاریان نییە".

بەشێک لە خاوەن پێشەنگا و کۆمپانیاکانی ئۆتۆمبیل دەڵێن دوای تێپەڕبوونی ئەم قەیرانە، پێویستە حکومەت قەرەبوویان بکاتەوە. بەڵام شەماڵ نوری کە ئابووریناسە، ئەو داوایە بە ناڕەوا دەزانێت و دەڵێت "بەشێکی زۆر لەو کۆمپانیایانە هیچ سوودێکیان بۆ ئابووریی وڵات نییە، بگرە ساڵانە بەهۆی ئەوانەوە پارەیەکی زۆری هەرێمی کوردستان دەچێتە دەرەوە".




# کوردستان ساڵانە پێویستی بە 80 هەزار تۆن ماسییە

### بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ: بە 10 ساڵی دیکەش ناگەینە ئاستی خۆبژێوی لە گۆشتی ماسی

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری سامانی ماسی لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت کەشوهەوای کوردستان زۆر گونجاوە بۆ پرۆژەی بەخێوکردنی ماسی و خواستێکی زۆریش لای جوتیاران بۆ دامەزراندنی پرۆژەی بەخێوکردن هەیە، بەڵام بەهۆی ئەو بودجە کەمەی بۆ پرۆژەکانی ماسی دابین دەکرێت، بە 10 ساڵی دیکەش ناگەنە ئاستی خۆبژێوی لە گۆشتی ماسی.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان 332 پرۆژەی حەوزی بەخێوکردنی ماسی لە هەرێمی کوردستان هەن (310 حەوزی خۆڵی، 11 حەوزی کۆنکریتی، 11 حەوزی قەفەس)ین بەرهەمی ساڵانەی ئەم پرۆژانە دەگاتە نزیکەی 2 هەزار تۆن ماسی و 1500 تۆنیش لە بەنداوەکان بەرهەم دەهێنرێت، ئەم بڕەش لەگەڵ پێداویستی هەرێمی کوردستان بۆ گۆشتی ماسی یەکناگرێتەوە، کە ساڵانە خۆی دەدات لە 80 هەزار تۆن، ئەگەر بەپێی ستانداردی جیهانی ساڵانە 16 کیلۆگرام گۆشتی ماسی بۆ هەر تاکێک دابین بکرێت.

سیروان سەعید، بەڕێوەبەری سامانی ماسی لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی خەڵک و ڕۆشنبیری تەندروستی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خواست لەسەر خواردنی گۆشتی ماسی لە کوردستان زیاد دەکات، لەبەرامبەریشدا پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی گۆشتی ماسیش زیاد دەکەن، بەڵام بەرهەمەکانیان لەگەڵ ئەو خواستە زۆرە یەکناگرێتەوە، گوتیشی "بەرهەمی ناوخۆ توانای دابینکردنی یەک کیلۆگرام گۆشتی ماسی هەیە بۆ هەر تاکێک لەساڵێکدا، بەڵام پلانمان هەیە بۆ ساڵی 2018 ئەم بڕە بگەیەنینە 2.9 کیلۆ گرام بۆ هەر تاکێک لە ساڵێکدا".

ناوبراو پێیوایە بەهۆی ئەوەی تاکی کورد وەک تاکی ئەوروپی و ئەمەریکی هێشتا خواردنی گۆشتی ماسی نەکردووەتە ژەمی سەرەکی، بۆیە لە 16 کیلۆگرامەی بۆ هەر تاکێک ساڵانە دانراوە کەمتریان پێویستە.

بەپێی پلانی 5 ساڵەی ستراتیژیی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان کە ساڵی ڕابردوو کۆتایی هات، دەبووایە بڕی بەرهەمی ناوخۆی گۆشتی ماسی لە 800 تۆنەوە بۆ 6700 تۆن بەرزببێتەوە، بەڵام بەگوێرەی داتاکان ئێستا بڕی بەرهەمی ماسی لە ساڵێکدا نزیکەی نیوەی ئەو بڕە.

بەڕێوەبەری سامانی ماسی دەڵێت "بەهۆی دابین نەکردنی بودجەی پێویست لەلایەن حکومەتەوە بۆ پرۆژەکان نەمانتوانی بەو ئامانجە بگەین کە لەپلانی ستراتیژی دامانابوو".

ناوبراو پێیوایە بەهۆی ئەو بڕە بودجە کەمەی بۆیان دابین دەکرێت، پرۆژەکانی ناوخۆ بە 10 ساڵی دیکەش ناگەنە ئاستی خۆبژێوی و هەر پێویستیان بە هاوردەکردنی ماسی دەبێت.

بەمەبەستی زیادکردنی پرۆژەکانی هەڵهێنەری پەنجە ماسی، وەزارەتی کشتوکاڵ لەساڵی ڕابردوو بەگوژمەی نزیکەی 584 ملیۆن دینار، لەپاڵ هەردوو پرۆژەی عەنکاوە و دۆکان، بڕیاری دروستکردنی دوو پرۆژەی هەڵهێنەری پەنجەماسی لە دهۆک و گەرمیان داوە.



بەڕێوەبەری سامانی ماسی دەڵێت بۆ پەرەپێدانی بەرهەمی سامانی ماسی، وەزارەتەکەیان لەماوەی ساڵانی 2008 تا 2014 توانیویەتی زیاتر لە 3 ملیۆن و146 هەزار پەنجە ماسی بەنرخی پاڵپشت بەسەر جوتیاران دابەش بکات، لەدوو ساڵی ڕابردووش بەبڕی یەک ملیار و 577 ملیۆن دینار ئالیکی ماسی بەپاڵپشتی لە50%ی نرخی بازاڕ بەسەر خاوەن پرۆژەکان دابەشکردووە، گوتیشی "لەڕێگەی ئەم هاوکاریانە توانیومانە ئاستی بەرهەمی پرۆژەکانی ناوخۆ بۆ زیاتر لە 2 هەزار تۆن بەرزبکەینەوە".

شەمسەدین محەممەد، خاوەنی 5 پرۆژەی حەوزی خۆڵی بەخێوکردنی ماسییە لە سنووری شارۆچکەی دیبەگەی هەولێر، بەرهەمی ساڵانەی پرۆژەکانی دەگاتە نزیکە 18 تۆن.

شەمسەدین، ڕەخنەی زۆری لەوەزارەتی کشتوکاڵ هەیە، کە سەرەڕای خستنە بازاڕی بڕێکی باشی گۆشتی ماسی، بەڵام تائێستا بەبیانوی ئەوەی پرۆژەکانی حەوزی خۆڵییە و پشت بە ئاوی ژێر زەوی دەبەستێ مۆڵەتی پێ نادەن، گوتیشی "بەهۆی نەبوونی مۆڵەت، وەک پلە دوو سەیرمان دەکەن، نیوەی ئەو بەشە ئالیکەمان دەدەنێ، کە دەیدەنە پرۆژەیەکی مۆڵەتدار".

بەڕێوەبەری سامانی ماسی ماسی لەبارەی گلەیی ئەو خاوەن پرۆژەیە گوتی ئەوان زیاتر ڕێگە بەدروستکردنی ئەو پرۆژە هاوچەرخانە دەدەن کە بەشێوەی داخراو و کۆنکریتی و قەفەسی دروست دەکرێن، چونکە لەڕێگەی ئەو پرۆژانە دەتوانرێ لەکەمترین ڕووبەر زۆرترین ماسی بەخێوبکرێت، گوتیشی "لە پرۆژەی داخراودا لەیەک مەتر چوارگۆشە دەتوانرێت 80 ماسی بەخێودەکرێت، بەڵام لە پرۆژەیەکی خۆڵی لە 2.5 مەتر چوارگۆشەدا دەتوانرێت یەک ماسی بەخێوبکرێت، بۆیە مۆڵەت بەپرۆژەکانی خۆڵی نادەین کە پشت بەئاوی ژێر زەوی ببەستێ".

بەگوێرەی ئاماری وەزارەی کشتوکاڵ لەکۆی ئەو 332 پرۆژەیەی لەهەرێمی کوردستان هەن، تەنیا 82 پرۆژەیان لە سنووری پارێزگای سلێمانین، بەڵام بڕی بەرهەمی پرۆژەکانیان بەقەد هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک و ئیداری گەرمیانە، ئەویش بەهۆی بوونی 11 پرۆژەی حەوزی کۆنکریتی و قەفەسییەوە لەو پارێزگایە.

توانا ئیسماعیل ، لێپرسراوی هۆبەی سامانی ماسی لەپارێزگای سلێمانی، پێیوایە خێراترین ڕێگە بۆ زیادکردنی بەرهەمی ماسی پەیڕەوکردنی سیستەمی پرۆژەی حەوزی داخراو و کۆنکریتی و قەفەسییە بەشێوەیەکی زانستیانە، چونکە ئەو دەڵێت "لەڕێگەی ئەو پرۆژانە دەتوانرێ لەکەمترین ڕووبەر زۆرترین ماسی بەخێوبکرێت"

توانا ئیسماعیل گوتیشی "دروستکردنی ئەم پرۆژانە تێچووی زۆرە ، بۆیە پێویستە حکومەت دەستکراوەتر بێت بۆ دابینکردنی بودجە بۆ پرۆژەکانی ماسی و لە هەمانکاتیشدا لەکاتی خۆی بودجەکە بۆ پرۆژەکان دابین بکات".

رووداو
ژمارە (329) دووشەممە 2014/10/13

بەغدا پارە و کۆبۆنی خۆراکیان دەداتێ

# بەهۆی داعشەوە 60 هەزار خێزانی عەرەب هاتوونەتە کەرکووک

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دوور و نزیک، کەمتر قسەی خۆشیان بۆ کەرکووک پێبووە. هیچ رووداوێکی سیاسی بەبێ کاریگەری دانان لەسەر باری دیموگرافی و کۆمەڵایەتیی شارەکە تێنەپەڕیوە. هاتنی هەزاران ئاوارەی دیکەی شەڕ بۆ ئەو شارە، خەریکە ماددەی 140 و قەرەبووکردنەوەی دە هەزارییەکان لەبیری خەڵک دەباتەوە. بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک (پارتی) گوتی کە ئەوان بە تەواوی شەکەت بوون بەدەست چاودێریی ئەوگەڕەکانەی زانیاریی پڕگومانیان بۆ دێت لەبارەیانەوە "ڕەنگە داعش بیەوێت سوود لەو گەڕەکانە وەربگرێت بۆ کاری تێکدەرانە و تەقینەوە لەنێو شاردا". بەڵام بەرپرسێکی پێشمەرگە دەڵێ، ڕێگەی پەڕینەوە بۆ خەڵکی سڤیل هەیە و هاتوچۆ بۆ ناو کەرکووک سنووردار کراوە.

### پشت بە بەڵێنی سەرۆک عەشیرەتەکان نابەسترێ

بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکووک، دەڵێ لە سنووری پارێزگای کەرکووک ژمارەیەکی زۆر عەشیرەت و هۆزی عەرەب دەژین و بەشێکیان دەکەونە سنووری پێشمەرگە و بەشێکیشیان لەژێر دەسەڵاتی داعشدان. بەڵام پرسیاری زۆربەی خەڵک ئەوەیە کە ئاخۆ بەڕوونی ئەو عەشیرەتانە پشتگیری لەکێ دەکەن؟

عەمید سەرحەد قادر پێیوایە چیدی ناتوانرێ پشت بە بەڵێنی سەرۆک عەشیرەتەکان ببەسترێ بەو پێیەی "سەرۆک عەشیرەتەکان ڕۆڵیان نەماوە و دەسەڵاتی تەواویان بەسەر تەواوی دانیشتووانی ناوچەکانیاندا نییە".

هەروەها دەڵێت هۆز و عەشیرەتە عەرەبەکان بۆ خۆشیان بەشێکیان بێزاربوون لە شێوازی حوکمڕانی داعش و ئەو یاسا و ڕێسایانەی دەیسەپێنن "بەڵام ناتوانن بەرەنگاریان ببنەوە، تەنانەت ڕێکخراوی نەقشبەندییەکانیش هیچیان پێنەکرا بەرامبەر داعش، بۆیە ناچارن بەبێدەنگی لەژێر دەسەڵاتیاندا بمێننەوە".

بەڵام محەممەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان بەشێک لەو سەرۆک عەشیرەتانە بە هاوکار و پشتیوانی داعش دەزانێ "تەنانەت هەموو گوندە عەرەبنشینەکانی ئەو ناوچەیەش هاوکارییان دەکەن". گوتیشی تەنانەت لە ناوشاری کەرکووک خەڵک هەیە کاتێک داعشێک دەکوژرێ، بەشەهیدی خۆی دەزانێ.

### 60 هەزار خێزانی عەرەب چوونەتە کەرکووک

هەڵۆ نەجات، بەڕێوەبەری ئاسایشی پارتی لە کەرکووک، نیگەرانە لەهاتنی ژمارەیەکی زۆر لە خێزانە عەرەبەکان لە شارەکانی دیکەوە بۆ ناو کەرکووک بە بیانووی نائارامی و شەڕی داعش. ژمارەی خێزانەکانیش بە نزیکەی 60 هەزار خێزان دەخەمڵێنێ و دەشڵێ "ئەوە نزیکەی 250 هەزار کەس دەکات.. ئەوانەش کە هاتوون بەشێکیان کوڕ و کەسوکاریان لە نێو داعشدان و شەڕی پێشمەرگە دەکەن".

عەمید هەڵۆ نەجات، هەر ئەوەش بە هۆکاری ئەوە دەزانێ کە هێزە ئەمنییەکانی کەرکووک بەتەواوی ماندوو ببن "دەبێ شەو و ڕۆژ بە وردی چاودێری ئەو گەڕەک و ناوچانە بکەین کە ئەو عەرەبانەی تێچوون، جگە لەوانەی بەناو کەرکووکدا پەرشوبڵاو بوونەتەوە".

بە عەرەبکردنی شاری کەرکووک کە لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە لەسەر دەستی ڕژێمی پێشووی عێراق دەستپێکرد، تاوەکو ساڵی 2003 درێژەی کێشا. دواتریش بە بیانووی تێکچوونی ڕەوشی ئەمنی شارەکانی عێراق، دەرگای هاتنی عەرەب بۆ کەرکووک دانەخرا. هەرچەندە ماددەیەکی یاسایی لەنێو دەستووری هەمیشەیی عێراقدا جێگیرکرابوو بەناوی ئاساییکردنەوەی دۆخی دیمۆگرافی کەرکووک و گێڕانەوەی عەرەبە هاوردەکان بۆ شوێنی پێشووی خۆیان.



بەڵام ماددەی 140 نەیتوانی متمانە لە نێوان حکومەتی هەولێر و بەغدا دروستبکات و، لە لیستی خاڵە ناکۆکی لەسەرەکاندا مایەوە تاوەکو ئەوکاتەی شەڕی داعش لە سووریاوە پەڕییەوە بۆ موسڵ و لە عێراق تەشەنەی کرد، ئێستا ئاوارە عەرەبەکان بە ناونیشان و بیانووی دیکەوە بەرەو کەرکووک دێنەوە.

### "ئاسانکاری بۆ بەعەرەبکردنی کەرکووک دەکرێ"

محەممەدی حاجی مەحموود کە بە فەرمانی مەسعود بارزانی، سەرکردایەتی هێزی پێشمەرگە دەکات لە بەرەی کەرکووک، هاتنی بەلێشاوی ئەو خێزانە عەرەبانە بۆ کەرکووک بە مەترسییەکی گەورە دەزانێ و دەڵێ پارێزگاری کەرکووک و سەرۆکی هەرێمی کوردستانی لەو مەترسییە ئاگادار کردووەتەوە.

ئەو لەبارەی ئەو مەترسیانە دەڵێ کە جگە لەوەی حکومەتی بەغدا ئاسانکاریی زۆریان بۆ دەکات بچنە کەرکووک "بەگەیشتنیان بەو شارە بەخێرایی کۆبۆنی خۆراکیان پێدەدرێ و مانگانە بڕی ملیۆنێک دیناریشیان پێدەدرێ و نەخراونەتە نێو کەمپیشەوە بۆ ئەوەی بەنێو شارەکەدا بڵاوببنەوە".

هەرچەندە ئەحمەد عەسکەری، سەرۆکی لیژنەی ئەمنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێت "کەمپ بۆ ئاوارەکان دروستدەکرێ و دەخرێنە کەمپەوە"، بەڵام محەممەدی حاجی مەحموود گوتی تاوەکو ئێستا هیچ هەوڵێکی لەو شێوەیە بوونی نییە "تەنیا لەم دوو مانگەدا نزیکەی 25 هەزار خێزانی عەرەب هاتوون، میوانخانەکان پڕبوون و بەشێک لە گەنجەکانیشیان لەنێو داعشن و شەڕیان بۆ دەکەن". بەپێی زانیارییەکانی (تۆڕی میدیایی رووداو)، سەرباری شەڕی داعش و پێشمەرگە لە چەند میحوەرێکی پارێزگای کەرکووک، هێشتا جموجوڵ و هاتوچۆی کەرکووک و ناوچەکانی دەوروبەری بەتەواوی نەپچڕێنراون، ئەوەش دەکرێ وەک مەترسییەکی پەڕینەوە و دزەکردنی چەکدارانی داعش لێی بڕوانرێ بۆ کاری خۆکوژی. بەڵام عەمید هەڵۆ نەجات دەڵێ زیاتر لە کیلۆمەترێک سنووری کراوە ماوە بۆ پەڕینەوە، پشکنینی توندوتۆڵیش هەیە. بەبڕوای محەممەدی حاجی مەحموود، مەترسی بەعەرەبکردنەوەی کەرکووک بەهۆی مانەوەی ئەو ئاوارانە دیسانەوە بەرۆکی کەرکووکی گرتووە و وەک ئەو دەڵێ "پێویستە کەمپیان بۆ دروستبکرێ، بەڵام لە دەرەوەی کەرکووک بێت، بە سەرۆکی هەرێمی کوردستانم گوتووە، دەبێ یان لە نزیک پردێ یان لە تەکیە کەمپیان بۆ دروستبکرێ".

عەرەب و تورکمان داوای دەکەن

# بە هەرێمکردنی کەرکووک گەرم دەکرێتەوە

**میوا حوسامەددین**
**رووداو- کەرکووک**

هەڕەشەی چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بۆ سەر کەرکووک، جارێکی دیکە نەیارەکانی کورد کۆدەکاتەوە و بابەتی بە هەرێمبوونی کەرکووک دێنێتەوە گۆڕێ. عەرەب و تورکمانەکان ئەمجارە بەجدی ئەو بابەتە دەخەنە لیستی کاری سیاسی خۆیان و کوردیش ترسی هەیە لە مەرامی عەرەب و تورکمانەکان.

ماوەیەکە عەرەب و تورکمانەکانی کەرکووک باس لە بێ دەسەڵاتیی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەکەن و بەدوای ڕێگەچارەیەکدا دەگەڕێن بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتەکانی ئەو ئەنجوومەنە، لەبەرئەوەی لە ساڵی 2005ەوە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک نەکراوە و بەبێ ڕێکەوتنی پێشوەختی سیاسی ئەو ئەنجوومەنە لە توانایدا نییە هیچ پرۆژەیەک پەسەند بکات.

عەلی مەهدی، گوتەبێژ و ئەندامی لیستی بەرەی تورکمانی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کەوتووەتە گێژاوێکی بێدەسەڵاتی و تواناکانی خۆی لەدەستداوە، ئەمە لەکاتێکدایە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بەدەسەڵاتە، ئێمەش وەکو تورکمان ڕێگەچارەیەکمان بۆ ئەم کێشەیە دۆزیوەتەوە".

مەهدی باسی ئەو ڕێگەچارەیەی کرد و گوتی "دەبێ کەرکووک لە ژێر باری حکومەتی عێراق و ماددەی 140 دەربچێت، چونکە لە ساڵی 2003وە هیچ هەنگاوێکمان نەبینیوە بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووک، بۆیە دەبێت کەرکووک بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ و دەسەڵات بۆ کەرکووک بگەڕێتەوە".

عەرەبە سوننەکانی کەرکووک کە ڕێژەیەکی زۆری عەرەبی کەرکووک پێکدەهێنن، هیچ کاتێک بەهیچ پرۆژەیەک ڕازی نەبوونە و بەردەوام دەڵێن کەرکووک شارێکی عێراقییە، بەڵام دوای ڕووداوەکانی 2014/6/10 و هاتنی داعش بۆ موسڵ و ناوچەکانی دیکە، ئەوانیش دەستیان لە گوتنەوەی ئەو دروشمە هەڵگرت و چوونە پاڵ تورکمانەکانەوە و داوا دەکەن کەرکووک بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ.

بورهان مەزهەر عاسی، ئەندامی فراکسیۆنی گردبوونەوەی کۆماری لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێت "پێویستە شاندێکی ئەنجوومەنی پارێزگاری کەرکووک بەزووترین کات بچنە بەغدا و لەگەڵ حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق تاوتوێی دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەن بکەن، ئەگەر سوودی نەبوو ئەوکات بڕیار بدەین لەسەر ئەوەی کەرکووک ببێتە هەرێمی سەربەخۆ و بەمەش کێشەکانمان چارەسەر دەبێت".

بەبڕوای ئەو بەرپرسە عەرەبە، ڕەوشی عەرەبی سوننە لە کەرکووک زۆر خراپە و دەڵێت "لە سێ لاوە هێرشمان دەکرێتە سەر، شیعەکان بەناوی تیرۆریستەوە لێماندەکوژن و داعش بەناوی تۆبە نەکردنەوە، فڕۆکە جەنگییەکانیش بە ناوی بۆردومانکردنی ناوچەکانی داعشەوە گوند و ماڵەکانمان خاپوور دەکەن، بێدەسەڵاتیی عەرەبی سوننەش ئەم دەرفەتەی بۆ ئەوان زیاتر کردووە".

بۆیە دەڵێت "باشترین چارەسەر بۆ ئێمە هەرێمێکی سەربەخۆیە بۆ کەرکووک، بەڵام بەو مەرجەی دەسەڵاتەکان لە نێوان کورد و عەرەب و تورکمان بەڕێژەی 32% دابەشبکرێت و 4%ی دەسەڵاتیش بدرێت بە ئاشوورییەکان".

نەک تەنیا لەلای عەرەب و تورکمان، بەڵام هەندێک لە بەرپرسانی کوردیش پرسی بە هەرێمبوونی کەرکووکیان ورووژاندووە، لەسەرووی هەمووشیانەوە د.نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک.

ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک تاوەکو ئێستا زۆربەی کارەکانی بەپێی یاسای پۆڵ بریمەر، حاکمی پێشووی مەدەنی عێراق بەڕێوە دەبات. هەرچەندە نۆ ساڵە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکە نەکراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا دوو سەرۆک ئەنجوومەن و پارێزگارێک گۆڕدراون.

کورد بەردەوام پرسی کەرکووکی خستووەتە نێو هەگبەی ئەو داواکاریانەی دەیانخاتە بەردەم حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق. چارەسەرەکەشی بەلای کوردەوە جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستووری عێراقە.

ئیبراهیم خەلیل، ئەندامی فراکسیۆنی برایەتی کەرکووک لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە (رووداو)ی گوت "تورکمان و عەرەبەکان ماوەیەکە باس لە بێدەسەڵاتیی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەکەن، ئەگەر ئێمە دەسەڵاتمان نەبێت چۆن دەتوانین دوو سەرۆک ئەنجوومەن و یەک پارێزگای کەرکووک بگۆڕین".

ناوبراو پێیوایە مەبەستی عەرەب و تورکمان کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئەنجوومەنە بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک نەتوانێت لە ئایندەدا هیچ بڕیارێکی سیاسی بدات و تەنانەت توانای بەکارهێنانی ڤیتۆشی نەبێت لەسەر هیچ پرۆژەیەکی سیاسی، ئەمەش بەلای ئەوەوە مەترسییەکی گەورەیە.

ئیبراهیم خەلیل هەروەها دەڵێت "ئێمە خاوەن دەسەڵاتی خۆمانین و تەنها پێویستمان بە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە بۆ ئەوەی پشتیوانی لیستی برایەتی بکات، تاوەکو بتوانین هەڵوێستێکی سیاسی گەورە وەربگرین و کەرکووک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی ئێمە بە هەموو شێوەیەک بە هەرێمبوونی کەرکووک و جیاکردنەوەی کەرکووک لە هەرێمی کوردستان ڕەتدەکەینەوە".

لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی چەند شارۆچکە و شارەدێیەکی سنووری پارێزگای کەرکووک و سەلاحەدین لەلایەن داعشەوە، ئەوانیش پرۆژەیەکی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ کەرکووک. ئەوان لە ڕاگەیاندنەکانیان کەرکووک بە ویلایەتێک لە ویلایەتەکانی خەلافەتەکەیان ناودەهێنن.

داعش شارەدێی سلێمان بەگی بە کەرکووکەوە بەستووەتەوە و بەشێک لە حەویجە و زابشی خستووەتە سەر ویلایەتی نەینەوا، ویلایەتی کەرکووک لەلای داعش گرنگی خۆی هەیە. بۆیە لەلای خۆیەوە والی و سەرۆکی ئیدارەی شارەوانی و چەند فەرمانگەیەکی بۆ داناوە.



ئاسۆ مامەند، لێپرسراوی مەڵبەندی یەکێتی لە کەرکووک:

# مام جەلال داوای کردووە سەردانی کەرکووک بکات بەڵام نەمانهێشتووە





هیوا حوسامەددین
ڕووداو- کەرکووک

ئاسۆ مامەند، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان، ئاشکرای کرد کە باسی گۆڕینی پارێزگاری کەرکووک هەبوو، ئەوکاتەی ویستی خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق کاندید بکات، بەڵام ئێستا ئەو باسە نەماوە.

ئاسۆ مامەند کە لە هەمانکاتدا لێپرسراوی مەڵبەندی دووی کەرکووکی یەکێتییە، لەبارەی گلەیی کادیر و بەرپرسانی پارتی لە یەکێتی لە کەرکووک دەڵێت "ئێمە لە کەرکووک لەگەڵ هەموو پارت و لایەنەکان پەیوەندییەکی زۆرباشمان هەیە، بەتایبەتی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام ئەم ماوەیە بەهۆی سەرقاڵبوونمان بە شەڕی داعش نەمانتوانیوە کۆبوونەوەی فراوان بکەین".

## ئەگەر پارتی گلەیی هەبێت ئێمەش هەمانە

## باسی گۆڕینی پارێزگاری کەرکووک نەماوە

گلەیی پارتی لە کەرکووک بە پلە یەک لە د.نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووکە، بەڵام ئاسۆ مامەند لەوبارەیەوە دەڵێت "کێشەی ئێمە و پارتی پەیوەندی بە تاکە کەسەوە نییە، ئەگەر ئەوان گللەییان لە ئێمە هەبێت، ئێمەش گلەییمان لەوان هەیە. نەجمەددین کەریم پارێزگاری هەموو کەرکووکە بە یەکێتیشەوە. ئەو نێو ماڵی کەرکووکی تێکنەداوە، بەشایەتی

## گۆڕانکاری گەورە لە پۆلیسی کەرکووکدا دەکرێت

هەموو کەرکووکییەکان سیمای شاری کەرکووکی گۆڕیوە، ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن چاویان بە دکتۆر و کارەکانی هەڵنایەت".

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هێزی باڵادەستی کەرکووکە و لەدوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا توانی 6 کورسی لە کۆی 12 کورسی شارەکە بەدەستبهێنێت. زۆر لە بەرپرسە ئیدارییەکانی شارەکەش یەکێتین.

گلەییەک کە لە یەکێتی دەکرێت ئەوەیە دەڵێن پەیوەندی لەگەڵ عەرەب و تورکمانەکان باشترە، لە پەیوەندی لەگەڵ هەندێک پارتی سیاسی کوردی.

ئاسۆ مامەند دەڵێت "لەگەڵ ئەو عەرەبانە زۆر باشین کە بڕوایان بە پێکەوە ژیان هەیە، زۆر خراپین لەگەڵ ئەو عەرەبانەی کە پاشماوەی بەعس و دژی هەموو شتێکی جوان و سپین، بەلای ئێمەوە سزای ئەو عەرەبانەش قورسە کە لەگەڵ هاتنی داعش بۆ ناوچەکانی باشووری کەرکووک دەیانگوت حەقی خۆمان لە ڕێگای داعش دەکەینەوە و ئێستاش هەزار دەرگا دەکوتن بۆ ئەوەی لەدەستی داعش ڕزگاریان بێت".

دوای ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی شاری کەرکووکی کرد، بڕیاری دا محەممەدی حاجی مەحمود بکرێتە بەرپرسی میحوەری کەرکووک، بەڵام دەگوترێ فەرماندە سەربازییەکانی یەکێتی گوێ بە فەرمانەکانی ئەو نادەن.

ئاسۆ مامەند کە زۆرجار لەبەرەکانی شەڕی دژی داعش دەبینرێت، لەبارەی دەسەڵاتەکانی محەممەدی حاجی مەحمود گوتی "من دەزانم کە کاکە حەمە تێدەگات و پێکەوە دانیشتووین و قسەمان لەسەر ئەو بابەتە کردووە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کەرکووک ئەوەی نەگوتووە کە کاکە حەمە فەرماندەی هێزە چەکدارەکان بێت، بەڵکو ئەو پیاوە کەسێکی دڵسۆزە و وەکو پێشمەرگەیەک هاتووە بۆ پشتگیریکردن لە هێزەکانی پێشمەرگە، بەڵام میحوەر و بەرەکانی شەڕ فەرماندە و لێپرسراوی خۆیان هەیە و ئەوان سەرپەرشتی دەکەن نەک کاکە حەمە".

ئێستا هێزێکی زۆری شیعەکان بە تایبەتیش میلیشیا خۆبەخشەکان لەوانەش هێزی بەدر لە سنووری پارێزگای کەرکووکن و هەندێک لایەنیش یەکێتی بە بەرپرسیاری هاتنی ئەو میلیشیایانە دەزانن و دەڵێن نیازیان باش نییە.

ئاسۆ مامەند دەڵێت "ئێمە یەک چەکداری شیعەمان نەهێناوە، بەڵام ئەو کاتەی داعش دەستی گەیشتە موسڵ و ئەو ناوچانە، خەڵکێکی زۆری شیعە بۆ پاراستنی ناوچەکانیان دەستیان دایە چەک. دواتریش ئەو هێزانە بەهاوکاری هێزی پێشمەرگە زۆر ناوچەیان ڕزگار کردووە، کە ئەمەش کارێکی باشە".

سەبارەت بە پرسی دەرکردنی پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هاتنی گەریلاکانی PKKش بۆ میحوەری کەرکووک، ئاسۆ مامەند ڕەتیکردەوە کە ئەوان پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵاتیان دەرکردبێت و گوتی "ئێمە پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتمان دەرنەکردووە، کاتێک مەترسی لەسەر کەرکووک هەبوو، ئێمە پێویستمان بە بچوکترین هاوکاریی سەربازی هەبوو، پەکەکەش وەکو هێزێکی سەربازی کوردی بۆ هاوکاریی ئێمە هات".

لە کەرکووک تەنیا پارتی نییە کە گلەیی لە یەکێتی هەیە، بەڵکو هەندێک لە عەرەبەکانیش لە لێدوانەکانیاندا یەکێتی بە پاوانخواز تۆمەتبار دەکەن، بەڵام ئاسۆ مامەند گوتی "کەرکووک لە ڕابردوودا قەڵای سەوز بووە و ئەمڕۆش هەروا سەوزە و لە ئایندەشدا هەر بە سەوزی دەمێنێتەوە".

ئێستا زۆر قسە لەسەر سنووری پارێزگای کەرکووک دەکرێت و زۆر لە چاودێران پێیانوایە نابێت کورد خۆی بە ناوچەیەکی وەکو حەویجەوە ماندوو بکات کە زۆربەی دانیشتووانەکەی عەرەبن.

ئەو بەرپرسەی یەکێتیش هەمان بۆچوونی هەیە و دەڵێت "ئێمە وازمان لە حەویجە و سنوورەکەی هێناوە، دەبێت سوپای عێراق بیپارێزێت و کورد ئامادە نییە بۆ ئەو سنوورانە کوڕی خۆی بە کوشت بدات، بەڵام ئەو شوێنانەی کە بوونەتە سنووری کوردستان وەکو چاومان دەیپارێزین".

## ناهێڵن مام جەلال سەردانی کەرکووک بکات

ئاسۆ مامەند ئاشکرای کرد کە مام جەلال دوای گەڕانەوەی لە ئەڵمانیا چەند جارێک داوای لێکردوون سەردانێکی بۆ کەرکووک بۆ ڕێکبخەن، بەڵام دەڵێت "بەهۆی ئەو ڕەوشەوە هەر جارە و بەبیانوویەک پێی دوادەخەین و بەدڵنیاییشەوە سەردانی کەرکووک دەکات".

سەبارەت بە دەنگۆی لادانی د.نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک. ئاسۆ مامەند گوتی "ئەوکاتەی کە ویستی خۆی کاندید بکات بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق باسێکی گۆڕینی هەبوو، بەڵام ئەو باسە نەما". گوتیشی کە هەندێک گۆڕانکاری گەورە لە ڕیزەکانی پۆلیس و بەشە کارگێڕییەکانی کەرکووکدا دەکرێت.

بەهۆی ئەوەی دەنگی حیزبەکان لەیەکەوە نزیکە

# یەکگرتوو بۆ هەڵەبجە پێشنیازی پارێزگارێکی بێلایەن دەکات

جەمال ئەحمەد جەمیل
ڕووداو – سلێمانی



(فۆتۆ: سیروان عەزین)

هاوشێوەی ئیدارە خۆجێییەکەی سلێمانی، پێکهێنانی ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجەش بووەتە کێشە لەنێوان لایەنەکاندا و تاوەکو ئێستا گفتوگۆکان بۆ ئەو مەبەستە نەگەیشتوونەتە ئەنجام، هەرچەندە هەموو لایەنەکان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بکرێنە بنەمای دیاریکردنی پۆستەکانی پارێزگای هەڵەبجە، بەڵام یەکگرتووی ئیسلامی دەڵێت چوار میکانیزمی جیاوازیان بۆ پێپکهێنانی ئیدارەی لۆکاڵی پێشنیاز کردووە کە یەکێکیان دانانی پارێزگارێکی بێلایەنە.

ئەکرەم ئەنوەر، بەرپرسی مەڵبەندی 5ی یەکگرتوو لە هەڵەبجە، دەڵێت ئەوان 4 میکانیزمیان خستووەتە بەردەم حیزبەکان بۆ پێکهێنانی ئیدارەی خۆجێیی پارێزگای هەڵەبجە "کەسێکی بێلایەن دابنێن، یان لەڕێگەی فۆرمێکەوە خەڵکی سیڤی خۆی پێشکەش بکات، یان بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، یاخود پێکهێنانی ئیدارەی پارێزگاکە ببەسترێتەوە بەشێوازی دیاریکردنی پۆستی پارێزگاکانی دیکەوە".

ناوبراو گوتیشی حیزبەکان کۆکن لەسەر دانانی پارێزگار و ئەنجوومەنی پارێزگا لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 30ی نیسانی ڕابردوو.

8 حیزب لە سنووری پارێزگای هەڵەبجەدا سەرقاڵی ڕێکخستن و کاری حیزبی و جەماوەرین و لە هەڵبژاردنەکەی 30 نیسانی ئەمساڵ بەشدارییان کردووە و دەنگیان بەدەستهێناوە، کۆدەنگییەک لەنێوانیاندا هەیە کە حکومەتی خۆجێیی پارێزگاکە بەڕێککەوتنی سیاسی نێوان خۆیان پێکبهێنن.

ئەکرەم ئەنوەر دەڵێ "لەم سنوورە دەنگی حیزبەکان نزیکن لەیەکەوە و زۆرترین دەنگ زیاتر لە 10 هەزار دەنگە، لەبەرئەوە هیچ حیزبێک بێبەش نابێت لە وەرگرتنی پۆست، دەنگە کەمەکانیش پۆستیان بەردەکەوێت".

بەڵام گرفتەکە شێوازی دابەشکردنی پۆستەکانە. چونکە بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، هاوشێوەی پارێزگای سلێمانی، گۆڕان و یەکێتی کێبڕکێ لەسەر پۆستی پارێزگاری شارەکە دەکەن و لەلایەکی دیکەوە ئیسلامییەکانیش خۆیان بە ژمارەیەکی کاریگەری ئەو پارێزگایە دەزانن.

ڕۆژی 2014/3/13، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیاری بە پارێزگابوونی شارەکەی بەفەرمی دەرکرد و دواتر بە ئامادەبوونی نوێنەری حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئەو ناوچەیە، بڕیارەکەی واژۆکرد.

بەر لە جەژنی قوربان، لیژنەیەکی 6 کەسی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی قوباد تاڵەبانی پێکهێنرا، بۆ بەدواداچوون و پێکهێنانی ئیدارەی خۆجێیی پارێزگاکە.

مەحموود حاجی سالح، وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان، وەکو ئەندامی لیژنەکەی حکومەت ئەوە دەخاتەڕوو کە هەرچەندە لیژنەکە پێکهێنراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا بەفەرمی پێیان نەگوتوون دەستبەکاربن "ئێمە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، باسی تایبەتمەندی شاری هەڵەبجەمان کردووە، نابێت وەکو شارەکانی دیکە سەیری هەڵەبجە بکرێت". هەروەها گوتیشی "هەڵبژاردن نەکراوەو دەبێت بەتەوافوق بێت، حیزبەکان خۆیان دوابڕیار لەسەر پێکهێنانی دەدەن".

ناوبراو باس لەوە دەکات کە بەپێی یاسا سەرۆکی حکومەت دەتوانێت پارێزگار دابمەزرێنێت، بەڵام لیژنەکەی حکومەت نایەوێت ئەو کارە بکات، بۆ ئەوەی پێکهێنانی ئیدارەی خۆجێیی هیچ کێشەی بۆ دروست نەبێت، نایانەوێت پێش تەوافوقی حیزبەکان بکەوێت "هەرکات ئەوان گەیشتنە بڕیاری کۆتایی، ئێمە بڕیاری بۆ دەردەکەین".

ئەرسەلان عابید، بەرپرسی ئەنجوومەنی ڕێکخراوەکان لە پارێزگای هەڵەبجە، باس لەوە دەکات کە کۆبوونەوەی لایەنەکان ئومێدبەخش نییە و دەڵێ "کۆبوونەوەکان لە ئاست چاوەڕوانی ئێمەدا نییە و لە بەرژەوەندی خەڵک و دەستوبردکردنی پێکهێنانی ئیدارەی خۆجێیی نییە". هەروەها گوتیشی "ئەوەی من تێبینیم کردبێت لەکۆبوونەوەکان حیزبەکان ڕایەکیان هەیە و لەدەرەوەش ڕایەکی دیکەیان هەیە".

هەموو ئاماژەکان بەرەو ئەوە دەڕۆن، ساخکردنەوەی ئیدارەی پارێزگا نوێیەکە شانبەشانی کێشەکانی پارێزگای سلێمانی بڕۆن، چونکە زۆرجار لە گفتوگۆکانی پێکهێنانی ئیدارەی پارێزگای سلێمانیدا ژمارە و پۆستەکانی هەڵەبجەش تێکەڵ بەو پرسە دەکرێن و لە کێشانە و پێوانە سیاسییەکاندا دەخوێنرێنەوە.

بەرپرسەکەی یەکگرتوو پێیوایە هەر لایەنێک کێشە دروست بکات، هەڵەبجەییەکان لێی قبوڵ ناکەن. گوتیشی "بڕیاروایە لیژنەکە سەردانی پەرلەمان بکات تاوەکو یاسایەک دەربکات کە یاسا کۆنەکە هەموار بکاتەوە بۆ دانانی پارێزگاری هەڵەبجە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو کۆبوونەوەیە نەکراوە، بەهۆی سەفەری سەرۆک و جێگری حکومەت پێش جەژن کۆبوونەوەکان نەکران".

بەقسەی ئەکرەم ئەنوەر، وەکو ئەندامی لیژنەی پێکهێنانی ئیدارەی خۆجێیی پارێزگای هەڵەبجە، حیزبەکان ڕێککەوتوون تا هەڵبژاردن دەکرێت، بەتەوافوق ئەنجوومەن و ئیدارەکە پێکبهێنن، بەپێی زانیارییەکانی ناوبراو، 25 کەس دەبنە ئەندامی ئەنجومەن و هەر حیزبە بە قەبارەی خۆی بەشدار دەبێت.

ڕۆژێک لەگەڵ پاڵەوانانی چیا

# "هەر خولەکێک ژیان لەسەر ئەم چیایە شەرەفێکە بۆ من"

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- چیای شنگال**

لە پێچەکانی سەر چیای شنگال، بەدیوی شارۆچکەکەدا، لە پەنای هەر بەردێکدا جەنگاوەرێکی چەک بە شان چاودێریی دەشتەکە دەکات. لە هەر یەکێکیانم دەپرسی دەیگوت "ئێمە زلامێت قاسم دەربۆینە". ئەم دیمەنە بەشی دووەمی فیلمی (رامبۆ)م دێنێتەوە یاد کە لە ئەفغانستان وێنە گیرابوو.

ڕەنگە هۆلیوود بە دەیان ملیۆن دۆلار خەرج بکات، بۆ دروستکردنی چەند گرتەیەکی هاوشێوەی ئەوانەی ئێستا لە چیای شنگال دەبینرێن.

ئەوان ناهێڵن هیچ کەسێکی نامۆ بە ئاسانی بەوێدا تێپەڕێت، داعش نەیتوانیوە هەنگاوێک بەرەو چیاکە سەربکەوێت "چەند ڕۆژێک پێش ئێستا ئۆتۆمبێلێکی داعشەکان، بەرەو سەر چیا هات، بەڵام لێماندا و دەستمان بەسەر هەموو چەکەکانیشدا گرت". جەنگاوەرێکی ئێزدی وایگوت.

ئەو هێزەی لە چیای شنگال ماون، بە جەنگاوەرانی ئێزدی بانگدەکرێن. هێزێکی تەواو تۆکمە و ئامادەیە بۆ کاتی هێرشکردنە سەر قەزای شنگال.

هێزەکە دابەشکراوە بەسەر شەش فەرماندە. فەرماندەکان بەسەر ناوچەکاندا دابەشکراون بۆ پاراستنی ئەو ناوچانەی تاوەکو ئێستا داعش دەستی پێیان نەگەیشتووە، دەڤەرەکانی لوفا، قەندیل، مەزارگەی چلمێران و گەلیێ زەر لەلایەن فەرماندە قاسم دربۆ دەپارێزرێن. هەردوو فەرماندە قاسم شەشۆ و قاسم سمێر مەزارگەی شەرفەدین، گوندی بورک، گوهبەل و دۆهلا دەپارێزن. هەروەها هێزەکانی فەرماندە خەیری شێخ خدر، ناوچەکانی سکینی و حسێن سەعید، ناوچەکانی مزرکەنداو بەدەل خەلەف، ناوچەکانی گەلی کەرسێ دەپارێزن.

قاسم دربۆ، یەکێک لە فەرماندەی جەنگاوەرەکان، لە بەرزترین شوێنی چیای شنگالدا بە دووربینەکەی دەستی سەیری جموجوڵی چەکدارانی داعشی دەکرد، ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "هێزەکانمان بەسەر خاڵە بەرگرییەکاندا دابەشکردوون، هەریەکە و شوێنی خۆی دەزانێت، پلانی پێشوەختە دادەڕێژین بۆ هێرش، ماوە ماوە گۆڕانکارییان پێدەکەین، بەشێکیش لە جەنگاوەرەکان خواردن بۆ شەڕکەرەکان دروست دەکەن".

هەر لەسەر ئەو چیایە، چەندین تەنووری لە بەرد و قوڕ دروستکراو دەبینی کە چەند ئافرەتێک نانی لەسەر دروست دەکەن بۆ جەنگاوەرەکان، یەکێک لە ئافرەتەکان کە لە تەنیشت تەنوورەکەوە دانیشتبوو، گوتی ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی نانی گەرم بۆ پارێزەرانمان دروستبکەین "ڕۆژانە 300 نانی گەرم بۆ جەنگاوەرەکان دروستدەکەین، جلوبەرگەکانیشیان بۆ دەشۆین".

قاسم دەربۆ، موختاری گوندی قەندیلە، لەگەڵ هاتنی داعش بۆ شنگال، دەستی دایە چەک و هێزێکی لە خەڵکی گوندەکەی دروستکرد. دواتر وردە وردە خەڵکی دیکەی ئێزدیش هاتنە نێو هێزەکەی ئەو کە ناوی لێناوە "جەنگاوەرانی ئێزدی".

ئەوکاتەی خەڵکی شنگال رووی لە چیا کرد، قاسم چەند خاڵێکی سەرەکی لە پێشەوەی چیاکە گرت و نەیهێشت داعش بەرەو سەر چیا بچێت، بەم شێوەیە بەرگری لە ئاوارەکانی سەر چیا کرد. ئەو دەڵێ "سەرپەرشتی هێزێکی گەورە دەکەم، بەڵام لە هەر خاڵێکەوە شەڕ دروست بێت، دەچمە ئەوێ".

درێژیی چیای شنگال 72 کیلۆمەترە و 1400 مەتریش بەرزە، ئەو چیایە دەکەوێتە پشت سەنتەری قەزای شنگال و لە نزیک سنووری ڕۆژئاوای کوردستانە، هەردوو پارێزگای موسڵ لە عێراق و حەسەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان پێکەوە دەبەستێتەوە. بە دوو ڕێگاش بە قەزای شنگالەوە بەستراوەتەوە، ڕێگاکان لەلایەن جەنگاوەرانی ئێزدییەوە کۆنترۆڵ کراون.

قاسم دربۆ دەڵێ "هێزەکانی پێشمەرگە و جەنگاوەرانی ئێزدی و شەڕڤانانی YPG لەسەر چیای شنگالن، هاوئاهەنگییەکی تەواو لە نێوانماندا هەیە، لەبەرئەوە تاوەکو ئێستا دەیان هێرشی داعش بۆ داگیرکردنی چیای شنگال تێکشکێنراون".

جەنگاوەرانی ئێزدی کە ژمارەیان زیاتر لە 500 جەنگاوەرە، بەنێوی هیچ حیزب و لایەنێک شەڕ ناکەن، وەکو خۆیان دەڵێن ئەو قۆناخە دەخوازێ بە ناوی ئێزدییەکان شەڕ بکەین. قاسم دەربۆ کە پێشتر کادرێکی پارتی بووە، دەڵێ "ئێستاش من کادرێکی پارتیم، بەڵام لەم شەڕەدا بۆ بەرگریکردن لە خەڵکی شنگال و پیرۆزییەکانی ئێزدی دەجەنگین".

کە بە لۆفەکانی چیاکەدا سەردەکەویت، چەندین ئۆتۆمبێلی تێکشکێنراو و تەرمی چەند داعشێک دەبینی لە لا ڕێگادا کەوتوون کە بە دەستی جەنگاوەرانی ئێزدی کوژراون. لە هەندێک شوێن زەوی بە تەواوی داپۆشراوە بە قەوانی دۆشکە و بیکەیسی و کلاشینکۆف. قاسم دەربۆ دەڵێت تەنیا لە سنووری ئەودا هەشت هێرشی داعش تێکشکێنراون.

## 10 هەزار کەس لەسەر چیای شنگالن

نزیکەی 10 هەزار کەس لە چیای شنگال ماون کە بەشێکیان ئاژەڵدارن و بەشێکیشیان خێزانی جەنگاوەرانی ئێزدین. بەهۆی گرتنی 3 گوندی ڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن چەکدارانی داعش، ئێستا چیای شنگال گەمارۆ دراوە، تەنیا بە ڕێگەی ئاسمانی چەک و خواردن بۆ جەنگاوەران دەنێردرێت.

قاسم دەربۆ دەڵێت "سەرەتا PKK هاوکاری کردین، بەڵام ئێستا سەرۆک بارزانی بە چەک و بە خواردن لە ڕێگەی فڕۆکەوە هاوکاریمان بۆ دەنێرێ، ئەگەر ئەو هاوکارییانەمان پێنەگەن، ناتوانین بەرگری بکەین".

بەدەل خەلەف، فەرماندەیەکی دیکەی جەنگاوەرەکانە و زیاتر لە 300 جەنگاوەری هەیە، دەڵێت "زۆرجار چەکمان پێدەگات، بەڵام ئەو چەکانە بەس نین، لە ڕێگەی (ڕووداو)ەوە داوا دەکەین چەکی زیاترمان بۆ بنێرن".

لە نێو جەنگاوەرانی ئێزدی هەموو تەمەنە جیاوازەکان هەن، پیر و گەنج و مێرمنداڵ. ناسر حەسەن، جەنگاوەرێکی مێرمنداڵی ئێزدییە و کلاشینکۆفێکی بە شانەوەیە دەڵێ "ڕاستە ئێمە گەمارۆ دراوین، بەڵام هیچ ترسێکم نییە، ئێمە لەپێناو ئازادی دەجەنگین، هەتاوەکو دڵۆپێک خوێن لە لاشەم هەبێ، بەرگری لە شنگال دەکەم".

جەنگاوەران جلوبەرگەکانیان جۆراوجۆرن، بە تەمەنەکان جلوبەرگی کوردی و گەنجەکانیش کاوبۆی و تیشێرتیان لەبەرکردبوو، ئەوان وەکو هێزێکی نیزامی هەڵسوکەوتیان دەکرد.

بەشێک لە جەنگاوەران لە ئەوروپاوە هاتوونەتەوە بۆ بەرگریکردن لە ئێزدییەکان، مەحلۆیێ حەسەنێ، گەنجێکی 20 ساڵانە و لە ئەڵمانیاوە گەڕاوەتەوە و بووەتە جەنگاوەر، ئەو دەڵێ "ئەڵمانیا زۆر خۆشە، پارک و خواردنی خۆشی هەیە، بەڵام هەر خولەکێک ژیان لەسەر چیای شنگال بۆ بەرگریکردن شەرەفێکە بۆ من".



# 400 منداڵی شنگالی لە سلێمانی ناتوانن بخوێنن

**ڕۆژان ئەبوبەکر**
**ڕووداو- سلێمانی**

لە تەنیشت ئەو خێوەتانەی بەڕیز هەڵدراون و چەندین خێزانی ئاوارەی شنگال و دەوروبەوری تێیدا دەژین، منداڵەکان دێن و دەچن. هەرچەندە ئەوان وەک گەورەکان پەست و بێزار دەرناکەون و سەرقاڵی یاریکردنن، بەڵام خەفەت لەوە دەخۆن کە ناتوانن بخوێنن "دەمانەوێ بخوێنین، حەزمان لێیە بچینە پۆلەکانەوە و مامۆستا وانەمان پێبڵێتەوە" یەکێک لە منداڵەکان وایدەگوت.

زیاد خەلەف، تەمەن 12 ساڵ، یەکێکە لەو منداڵانەی کە جەنگ ئاوارەی کردووە و لە کەمپی عەربەت لەگەڵ خێزانەکەی نیشتەجێیە و خوێندکاری قۆناغی شەشەمی بنەڕەتی بووە لە شنگال. کەمپەکە بە تەلبەندێکی دڕکاوی دەورە دراوە و ڕۆژانە زیاد و منداڵەکانی دیکەی کەمپەکە، ئەوانەی تامەزرۆن بچنەوە پۆلەکانی خوێندن، لەودیوی تەلبەندەکەوە سەیری ئەو هاوتەمەنانەی خۆیان دەکەن کە دەڕۆن بۆ قوتابخانە "حەز دەکەم بخوێنم، بیری کتێب و مامۆستاکانم دەکەم". زیاد بە دڵتەنگییەوە وایدەگوت.

یادەوەریی منداڵەکان، ئەوەی جێیانهێشتووە ژیانێک بوو بە هەموو پێوەرەکان باشترە لەوەی ئێستا. بەڵام هەرچۆنێک بێت ئێستا ئەوانیش ڕاهاتوون لەسەر ئەوەی ئەمڕۆ ئاوارەن. کەرەستەکانی یاریکردن و جانتا و پەرتووکەکانی خوێندن و کۆڵانەکانی کات بەسەربردنیان جێهێشت، یان ناچار بوون جێیبهێڵن بۆ ئەوەی نەکەونە دەست چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام.

لەنێو کەمپەکەدا هەموو خێمەکان لە نێو نائومێدیدا نوقم نەبوون، چونکە یەکێک لە ڕێکخراوە خێرخوازییەکان یاریگایەکی بۆ دروستکردوون تاوەکو یاری تۆپی پێی تێدا بکەن، بەڵام ئێستا کاتی دەستپێکردنەوەی خوێندنە و دەیانەوێ خوێندنیشیان دەستبکەوێ.

سەعدوڵڵا عەبدوڵڵا، تەمەن 10 ساڵ، هاوشێوەی زیادی هاوڕێی دڵتەنگە بەوەی ژیانی نێو کەمپ زۆر لە خەون و ئاواتەکانی لێسەندووەتەوە "دەمانەوێت خوێندنگەمان بۆ بکەنەوە و ئێمەش بە زمانی کوردی بخوێنین، چونکە ئێمە پێشتر بە کوردی نەماندەخوێند".

پێشتر ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لەو کەمپەدا بوون، ئەوانیش بەهەمانشێوە خۆشحاڵ بوون کاتێک لەنێو خوێندنگەی کەمپەکەدا بۆ یەکەمینجار بە کوردی خوێندنیان دەستپێکرد.

ئەو کابینەیەی پێشتر لە نێو کەمپەکەدا منداڵانی ئاوارەی ڕۆژئاوای کوردستان وانەیان تێدا دەخوێند، ئێستا لەبەر نەبوونی مامۆستا داخراوە، بۆ ساڵی نوێی خوێندن نزیکەی 400 منداڵ ناونووسکراون و مافی خوێندنیان هەیە، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی کەمپەکە لە چاوەڕوانی وەڵامی وەزارەتی پەروەردەدان، ئاخۆ مامۆستا و پێداویستییەکانی خوێندنیان پێ دابین دەکرێت یان نا.

پەیام سەلام، ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتیاریی کەمپی عەربەت، بە (ڕووداو)ی گوت "ئاماری ئەو منداڵانەمان ناردووە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی و پێداویستی خوێندنمان هەیە، تەنیا پێویستمان بە مامۆستایە".

بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕۆژهەڵاتیش دەڵێ ئامارەکانمان بەدەست گەیشتوون و لە هەوڵی بەردەوامرداین بە زووترین کات دەرگای خوێندن بە ڕوویاندا بکرێتەوە. نازدار ئەحمەد، بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕۆژهەڵاتی سلێمانی گوتیشی ناتوانین مامۆستا لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە بنێرین بۆیان "دەبێت ئەو مامۆستایانە بە گرێبەست وانە بڵێنەوە کە خەڵکی شنگالن و ئاوارە بوون، یان چاوەڕێی دامەزراندنی ئەو مامۆستایانە بین، کە وەزیر بڕیاری دا بە گرێبەست دابمەزرێن".

بەشێک لەو ئاوارانەی ناوچەی شنگال کە ڕوویان لە شارەکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانی کردبوو، هێنرانە کەمپی عەربەت، کە پێشتر ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستانی لێنیشتەجێ کرابون. جگە لەئاوارەکانی شنگال، 10 خێزانی عەرەبی تێدایە لەگەڵ ژمارەیەک ئاوارەی کوردی شەبەک، کە کۆی خێزانەکان لە 1 هەزار و 150 کەس پێکدێن و 220 خێزانن، بەڵام نزیکەی 75%ی دانیشتووانی کەمپەکە منداڵن.



(فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم)

## یەکەم بەرهەمی کچە فارسەکە بە کوردییە



**رووداو- هەولێر**

ئاوازدانەر هەڵکەوت زاهیر ئێستا کار بۆ کچێکی فارس دەکات کە تاوەکو ئێستا هیچ گۆرانییەکی نەگوتووە و یەکەم بەرهەمیشی بە زمانی کوردی دەبێت. هەڵکەوت زاهیر بە (رووداو)ی گوت "ئێستا کار بۆ کچێک دەکەم کە فارسە، بەڵام بە زمانی کوردی گۆرانی دەڵێت و ناوی نەدایە". گوتیشی "گۆرانییەکە لە تێکست و میلۆدیی خۆمە و لە داهاتوویەکی نزیکدا کاری کلیپی بۆ دەکەین و بڵاوی دەکەینەوە". هەڵکەوت زاهیر دەشڵێ "ئامانجی من ئەوەیە زۆربەی هونەرمەندانی بیانی بێن بە زمانی کوردی گۆرانی بڵێن، بۆ ئەوەی هونەری کوردی زیاتر بناسرێ".

### ناوی ئەلبوومەکەشی دەگۆڕن

# ئێران ڕێ بە کۆنسێرتی کوڕی شەهرام نازری نادات



**ئاڤا مۆما**
**رووداو – تۆرنتۆ**

میوزیسیان حافز نازری، کوڕی هونەرمەندی هەرە ناوداری ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەهرام نازری، بە دوایین ئەلبوومی خۆی نێوەندی هونەریی جیهانی سەرسام کرد، کەچی لە ئێران نەک پێشوازی لە ئەلبوومەکەی ناکرێت، بەڵکو ڕێ لە بڵاوبوونەوەشی دەگیرێت.

ئەلبوومەکەی حافز "پرۆژەی سیمفۆنیای رۆمی: نەگوتراو" لەسەر ئاستی جیهان پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا، بەڵام ئێران ڕێی نەدا بە کۆنسێرتێک نمایشی بکات.

ئەو میوزیسیانە کوردە کە لە نیویۆرک دەژی، ماوەیەکە خەریکی خۆئامادەکردنە بۆ سازدانی کۆنسێرتێک لە ئێران و لە ناوخۆی ئەو وڵاتەشدا چاوەڕوانییەکی زۆر لە کۆنسێرتەکەی نازری هەبوو، بەڵام کارەکە ئەنجام نادرێت بەهۆی ئەوەی کە ئێران ڤیزای بەو هونەرمەندە جیهانییە نەدا.

نازری میوزیکی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی تێکەڵ دەکات و 38 میوزیسیانی لە چەندین باکگراوندی جیاوازەوە کۆکردووەتەوە بۆ ئەوەی "نەگوتراو" بەرهەم بهێنێت. بەرهەمی "نەگوتراو" گەیشتووەتە لوتکەی ریزبەندیی میوزیکی کلاسیک و لەلایەن سۆنی کلاسیکەوە بەرهەمهێنراوە و دابەشکراوە.

دیپاک چۆپرا، زاکیر حوسێن، پاول نیوباور، جەیمس باگوێڵ، تۆماس لازاروس و دەیڤد فرۆست لە تیمە میوزیکییەکەدان کە بۆ چوونە نێو ئێران پێویستیان بە ڤیزا هەیە.

ئەلبوومەکەی حافز نازری زمانی جیهانیی میوزیک بەکاردەهێنێت بۆئەوەی جیهان بۆ ئاشتی و پێکەوەسازان هانبدات. دوو بنەما کە جیهانی ئەمڕۆ پێویستییەکی زۆری پێیانە. نازری وتەکانی فەیلەسوفی ئێرانی مەولانا جەلالەدینی رۆمی دووبارە دەکاتەوە کە دەڵێت:

"لە پشتی ماسکەکانەوە سەما دەکەین
موسڵمان، کریستیان و جوو ماسکن و لەبەریان دەکەین
لە راستیدا ئێمە لێرە نین
ئەمە سەمای سێبەرەکانمانە".

حافز کوڕی هونەرمەندی بەناوبانگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران شەهرام نازرییە. ئەو شانازی بە کوردبوونی خۆیەوە دەکات. پێش ئەوەی دەست بە خوێندنی میوزیک بکات لە ئەمریکا، هەر لە منداڵییەوە بە میوزیک ئاشنا دەبێت و لە خێزانێکی میوزیکپەروەردا گەورە بووە.

نازری هەر لە تەمەنی دوو ساڵییەوە لەسەر میوزیک راهێنراوە و یەکەمجار لە تەمەنی نۆ ساڵیدا لە نمایشێکی جیهانیدا لەگەڵ باوکی بەشداریی کردووە. دواتر چەندین نمایشی لە شوێنە جیاوازەکانی ئەمریکا و کەنەدا و ئەوروپا ئەنجامداوە و لە زانکۆی کالیفۆرنیا و لۆس ئانجلس خەڵاتی ئاوازدانەری لاوی وەرگرتووە.

سەرەڕای ئەو ناوبانگە جیهانییەی کە ئەلبوومەکەی حافز بەدەستی هێناوە، لە ئێران تەنیا 20 خولەکی سیدیەکەی بڵاوکراوەیەوە و ناونیشانەکەشی گۆڕدرا بۆ "بعد یازدهم" یان رەهەندی یازدەیەم.

نازری هەروەها ئامێرێکی نوێی سێتاری داهێناوە. دوای چەندین ساڵ کارکردن لەگەڵ سێتارسازی بەناوبانگ مەجید و سەعید سافەری، ئینجا حافز توانی ئەو بیرۆکەیەی کە 10 ساڵ بوو لەلای گەڵاڵە ببوو، بە ئەنجام بگەیەنێت. ئامێرە نوێیەکە ناونراوە حافز، هەر بەناوی حافز نازری خۆیەوە. ئەو ئامێرە نوێیە بواری زیاتر بە میوزیکژەنەکان دەدات لە ئاوازداناندا و لە ئەلبوومە نوێیەکەی حافزیشدا بەکارهێنراوە.

باوکی حافز، شەهرام نازری لە جیهاندا وەکو هونەرمەندێکی داهێنەر ناسراوە، میوزیکی کوڕەکەی بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی بە جیهان دەناسێنێ. ئەو بەم دواییە هەندێک کاری لەگەڵ گرووپی بەناوبانگی کامگاران کردووە. هەر لەم ماوەیەدا لە میدیاکانی ئێرانەوە رەخنە لە شەهرام گیرا بەهۆی گوتنی گۆرانییەکی کوردی کە تێیدا باسی کوردبوونی خۆی کرد.

کاتێک کە کۆنسێرتەکەی حافز هەڵوەشێنرایەوە، شەهرام لەسەر کوڕەکەی بە دەنگ هات. شەهرام میوزیکزانێکی ئەفسانەییە و لەلای کورد و فارس وەکو یەک خۆشەویستە، بەهۆی خۆشەویستی ئەو بۆ هونەر و بەخشندەییەکەی لەو بوارەدا.

لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ میدیا ئێرانیەکان، شەهرام گوتبووی کاتێک کە زانی هەندێک خوێندکاری کورد لە گوندی شیناوێ لەبەر خراپیی سۆپاکانی نێو خوێندنگەکەیان سووتاون و دووانیان مردن، بڕیاری دا داهاتی ساڵێکی تەواوی بۆ خەڵکی کەمدەرامەت تەرخان بکات.

# تافان دەبێتە چیرۆکی فیلمێکی سوێدی





**میوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

تەلەڤزیۆنێکی سوێدی چیرۆکی ژیانی کچە کوردێک بەناوی تافان ئاکۆ تەها دەکاتە فیلمێکی دۆکیومێنتاری و بەشێکی زۆری دیمەنەکانی ئەم فیلمەش لە هەولێر و کەمپی ئاوارەکان وێنە دەگیرێت.

تافان ئاکۆ لەکاتی شەڕی ئێران و عێراقدا لە سلێمانی لەدایکبووە. ئەوکات باوکی وەکو پێشمەرگەیەک لە کوردستان مایەوە، بەڵام تافان کە تەمەنی تەنیا دوو ساڵ بوو، لەگەڵ دایکی و خوشکەکەیدا چوونە سوید.

تافان تاوەکو تەمەنی 19 ساڵی لە سوید خەریکی خوێندن بوو، بەڵام لەبەرئەوەی سوور بوو لەسەر گەڕانەوە بۆ کوردستان، خوێندنی یاسا بەجێدەهێڵێت و بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی کردە جێگەی بایەخی خۆی کە لە کوردستان کاریان لەسەر بکات.

دەربارەی ئەم فیلمە تافان ئاکۆ دەڵێت "دوای ئەوەی چەند کارێکی خێرخوازیم لەگەڵ چەند ڕێکخراوێک بۆ ئاوارەکان ئەنجامدا، میدیای سوێدی بە گرنگییەوە باسیان لە کارە خۆبەخشەکانی من کرد، بۆیە بڕیاریاندا فیلمێکی دۆکیومێنتاری لەسەر ژیانی من بکەن، ئەوان بەستافێکی گەورە چەند ڕۆژێک لەگەڵ من دەمێننەوە کاتێک سەردانی کەمپەکان و ئاوارەکان دەکەم".

تافان هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو بۆ ئەم فیلمە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێنێتەوە "لەبەر ئەوەی من وەک گەنجێکی کورد لە ئەوروپا ژیاوم، بەڵام ئێستا گەڕاومەتەوە کوردستان و لێرە درێژە بە ژیانم دەدەم، هەڵبەتە لە کوردستان چەندین پرۆژەم هەیە، بەتایبەت بۆ ئاوارەکان، لەگەڵ ئەوەشدا سەردانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ دەکەم، ئەم ستافە سوێدییەش سات بە سات لەگەڵم دەبن و وێنەی هەموو کارەکانم دەگرن".

تافان لەبارەی کاتی وێنەگرتنی فیلمەکە بە (رووداو)ی گوت "بڕیارە من و ئەو ستافە لە ماوەیەکی نزیکدا بگەڕێینەوە کوردستان و دەست بە وێنەگرتنی فیلمەکە بکەین".

تافان دەربارەی ژیانی خۆی لە سوێد و گەڕانەوەی بۆ کوردستان چیرۆکی تایبەتی هەیە و دەڵێت "من لە تەمەنی 18 ساڵییەوە کارم کردووە بۆ ئەوەی کوردستان بە جیهان بناسێنم، هەر بۆیە لە سوێد گەڕامەوە کوردستان و بڕیارمدا لە کوردستان بژیم، لەگەڵ ئەوەی دایک و باوکم ئێستاش هەر لە سوێد دەژین، بەڵام من وا هەست دەکەم کوردستان زیاتر پێویستی بە منە، هەرچەندە بەشێک لە خەڵکی پێم دەڵێن تۆ هەڵەت کردووە کە گەڕایتەوە کوردستان، بەڵام من گوێ بەو قسانە نادەم. کۆمەڵێک ئامانجی گەورەم لە کۆڵناوە کە بۆ کوردستان بیکەم، وەک هاوکاریی ئاوارەکان و ژنان".

تافان لەبەرئەوەی وەک چالاکوانێکی ئەکتیڤ لە سوێد ناسراوە، داوەتی زۆربەی کۆنفرانس و کۆنگرە جیهانییەکان دەکرێت، ئەو باس لەو کاروچالاکیانە دەکات کە بەشداری تێدا کردوون "ساڵانە بەشدار دەبم لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان، لەوێ باسی کوردستان دەکەم و داوای هاوکاری دەکەم بۆ دۆزی رەوای گەلی کوردستان، لەم ماوەیە بەناوی کوردستانەوە بەشدار دەبم لە گەورەترین کۆنفرانسی گەنجان لە دبلنی پایتەختی ئێرلەندا کە نوێنەرانی زیاتر لە 180 وڵات تێیدا ئامادە دەبن".

تافان بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری و کۆمەک بۆ ئاوارەکانی کوردستان پەنای بۆ زۆر شوێن بردووە لە سوێد و ئەوروپا، لەوبارەیەوە دەڵێت "دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر توانیم گەنجێکی زۆری سوێدی کۆبکەمەوە بۆئەوەی بەیەکەوە هاوکاری و کۆمەک بۆ ئاوارەکان بنێرین، دواتر چەند کاروانێکی هاوکاریمان ناردەوە کوردستان و ئێستاش بەردەوامین لە کارەکانمان".

تافان لە تەمەنی 20 ساڵیدا وەک خۆبەخشێک لە چەند گوندێکی کوردستان وانە دەڵێتەوە، ئەو بنەماکانی مافی مرۆڤ فێری گوندنشینان دەکات و هاوکاری ژنانی کوردیش دەکات، وەک خۆی باسی دەکات زۆر لە هاوڕێکانی لە هەندەران سەریان سوڕماوە لەوەی چۆن لە ئەوروپا گەورە بووە و ژیاوەو ئێستا دەتوانێت لەو بارودۆخەی کوردستان ژیان بگوزەرێنێ. تافان بۆ ئەو قسانە دەڵێت "ئەوەندەش قورس نییە کە هەندێ کەس وا دەزانن. من خزم و هاوڕێی زۆرم لەوێ هەن. چیرۆکەکانی باوکم لەبارەی ئەو کاتانەی پێشمەرگە بووە رەنگە یەکێک بێت لەو شتانەی زۆرترین ئیلهامی پێبەخشیوم کە بگەڕێمەوە کوردستان. من دەمەوێ ڕۆژێک لە ڕۆژان خزمەتی وڵاتەکەم بکەم و ئەوەی لەسەرمە بیبەخشمەوە بە کوردستان. دەمەوێت ببمە بەشێک لەو گۆڕانکارییە مەزنانەی لە داهاتوودا روودەدەن".

## ناهێڵن داڵکورد پشتگیریی کۆبانی بکات

**ڕووداو- سوێد**

یانەی تۆپی پێی داڵکورد کە لە خولی پلە سێی تۆپی پێی سوید یاری دەکات، ڕێگەی پێنەدرا پشتگیری کۆبانێ بکات. یاریزانانی یانەکە بڕیاریان دابوو لە یاری داهاتوویاندا بەرامبەر یانەی براگێ، پەرچەمێک بەرز بکەنەوە کە لەسەر نووسرابوو Save Kobane، بەڵام لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی سوید ڕێگری لێکرا. یەکێتییەکە ڕایگەیاندووە هەر چالاکیەک هەڵگری پەیامی سیاسی بێت، ئەوە بەپێی یاسای ئەوان و یەکیتی تۆپی پێی جیهان FIFA لەکاتی ئانجامدانی یاریدا بڵاوبکرێتەوە ئەوە پێشێلکردنی یاسایە.

### دۆستێکی کورد بووە وەزیر

# سێ کوردی دیکەش بوونە ئەندامی پەرلەمانی سوێد



لاوێن ڕێدار

**شاد محەممەد**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆکوەزیران و چەند پۆستێکی وەزاری لەلایەن پەرلەمانتارانی پارتی سۆسیال دیموکراتی سوێدی، ئەندامانی یەدەگ شوێنەکانیان پڕکردنەوە کە سێ لەو پەرلەمانتارە یەدەگانە کوردن، بەوەش ژمارەی پەرلەمانتارانی کورد لە پەرلەمانی سوێد بوونە 6 پەرلەمانتار کە چواریان لە پارتی سۆسیال دیموکراتی فەرمانڕەوا و دووەکەی دیکەش لە چەپ و پارتی ژینگەی هاوپەیمانی دەسەڵاتن.

لاوێن ڕێدار، گەنجترین ئەندامی کوردی پەرلەمانی سویدە لە فراکسیۆنی سۆسیال دیموکراتەکان. لاوێن بە (ڕووداو)ی گوت "بوونی 6 کورد لە پەرلەمان نیشانەی سەرکەوتنی سیاسەتی سۆسیال دیموکراتە لە سوید، چونکە زۆرترین کورد لە نێو ئەو پارتەیە". گوتیشی "وەرگرتنەوەی دەسەڵات لەلایەن پارتی سۆسیال دیموکرات و ژینگەی هاوپەیمانی لە بەرژەوەندی پرسی کوردە".

لاوێن لە باوکێکی کەرکووکی و دایکێکی سنەیی لە سوێد لەدایکبووە، بەڵام ئەوەی ئەم لە کوردەکانی دیکەی نەوەی نوێی ئەو وڵاتە جیادەکاتەوە، پاراویی زمان و هەستێتی بەرامبەر بە پرسەکانی کورد. ئەو قوتابی زانکۆی ستۆکهۆڵمە و یاسا دەخوێنێ.

### پرسی کورد لە سیاسەتی نوێدا

ڕاستەکان دەڵێن چەپ و سۆسیال دیموکرات لە بەرژوەندیی پرسی کورد نین و سۆسیال دیموکراتەکانیش هێما بۆ ئەوە دەکەن کە ئەوان دژی شەڕن "بەڵام ستراتیژییەتێکی درێژخایەنمان بۆ پرسی کورد هەیە، لە دەرەوەی دروشم". لاوێن ئەمەی گوت و جەختیشی کردەوە کە "تەنیا سۆسیال دیموکرات پارتی کورد و هەموو بیانییەکانی سویدە".

لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکاندا بە شێوازی جیاواز باسی پرسی کورد و شەڕی داعش دەکرا. لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنیدا ستیڤان لۆففینی، سەرۆکی فراکسیۆنی سۆسیال دیموکرات کە ئێستا سەرۆکوەزیرانی سوێدە، دژ بە هاتنی سویدییەکان بۆ شەڕی داعش وەستایەوە و باسی لە دادگاییکردنیان کرد. ئەمە کوردەکانی نیگەران کرد و زۆر لە پارتەکانی دیکەش دژی وەستانەوە.

لاوێن دەڵێت "لێکدانەوەی هەڵە بۆ ئەم گوتەیە کرا و ئەوەش تەنیا هەڵمەتی هەڵبژاردن بوو". ئەو نەیشاردەوە کە داکۆکی لەو گوتەیەی لۆفڤێن دەکات و سیاسەتی سۆسیال دیموکرات بە گونجاو دەزانێت. گوتیشی "هەموو جۆرە شەڕێک کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە هەیە و ئەوانەش بۆ شەڕ دێنەوە کوردستان، بەڵام سۆسیال دیموکرات بۆ پرسی کورد ستراتیژییەتێکی درێژخایەن بە گرنگ دەزانێت، نەک بەشدارییەکی کاتی لەڕێگەی ناتۆوە".

بەپێی ئەم لێدوانانەی لاوێن بێت، هاریکاری سەربازی و بەشداریی سوید لە شەڕی دژ بە داعش ئەگەرێکی لاوازە. لەکاتێکدا سوید یەک لە 10 وڵاتە یەکەمەکەی جیهانە لە بەرهەمهێنانی چەک و تەقەمەنیدا.

لاوێن ڕێدار بۆ ڕووداو باسی کۆنگرەی حیزبەکەی کرد کە بڕیارە ساڵی داهاتوو ببەسترێت و گوتی: "بەرنامەیەکی تایبەتمان بۆ پرسی کورد هەیە". گوتیشی: "ئەم سیاسەتە ڕەنگدانەوەی لەسەر کاری پەرلەمان دەبێت". لاوێن گومانی لەسەرکەوتنی ئەو هەوڵەش نەبوو، چونکە وەک گوتی: "سێ ئەندامی دیکەی کورد لەگەڵ دووانەکەی دیکە دەتوانین کوتلەیەکی بەهێزی کوردی دروستبکەین لە پەرلەمان و لەگەڵ هاوکارەکانی دیکەشم کاریگەریمان لەسەر سۆسیال دیموکرات و سیاسەتی دەرەوەی سوید دەبێت".

### وەزیرە فارسەکە دۆستی کوردە

سیاسەتی سۆسیال دیموکرات کەمێک ئاڵۆز بووە و قەت ڕاستەوخۆ لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان قسەیان نەکردووە. بەڵام یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی ئەو پارتە کە پێشتر ئەندامی پەرلەمان بووە و ئێستا بووەتە وەزیری سڤیل، لە چاوپێکەوتنێکی پێشووتریدا لەگەڵ ڕادیۆی سوید بە ئاشکرا باسی لە سەربەخۆیی کورد کرد. بەپێی ئەو لێدوانەی ڕادیۆی سویدیش، ئەردەلان شەکربابی وەزیری سڤیلی سوید و ئەندامی چالاکی سۆسیال دیموکرات کار لەسەر گۆڕینی ئاراستەی کاری سۆسیال دیموکرات بەرامبەر خواستی سەربەخۆیی کورد دەکات.

ئەردەلان بە ڕەچەڵەک ئێرانییە و گەنجێکی سەرکردەی چالاکی ئەو پارتەیە و نزیکایەتیی زۆری لەگەڵ کوردی ئەو وڵاتە هەیە. وەرگرتنی پۆستی وەزیر لەلایەن ئەم گەنجەوە، ئەگەری گۆڕینی سیاسەتی وڵاتە و خودی پارتی سۆسیال دیموکرات بەهێزتر دەکات.

### ئەندامانی کورد و سیاسەتی پەرلەمان

کاری کۆمیتەکانی پەرلەمان کاریگەری لەسەر داڕشتنی سیاسەتی دەوڵەت هەیە، لاوێن گوتی کە حەزی لەوە بووە لە لیژنەی دەرەوە و لەو کۆمیتانە کار بکات کە کاریگەریان لەسەر یەکێتی ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان و سیاسەتی دەرەوە بە گشتی هەیە.

گوتیشی "بەڵام بژارەی دووەمی من قبووڵ کرا کە ئەندامێتی بوو لە لیژنەکانی دەستوور و یاسا و باج". ئەمەش یەکەمجارە لە لیژنە یاساییەکاندا کوردێک هەبێت.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، لە لیژنەکانی دەرەوە و بەرگری و دارایی هیچ کوردێک نییە و کورد دابەشبوون بەسەر هەریەک لە لیژنەکانی کۆمەڵایەتی و پەروەردە و خوێندن و دڵنیایی و ئەو لیژنە یاساییەش کە لاوێنی تێدایە.

لاوێن گوتی "کوردبوونم کاریگەری لەسەر بەرنامەی کارم دەبێت و ئەوە کاری لەپێشینەی من دەبێت، پاشانیش لەسەر پرسی گەنج و بێکاری کار دەکەم".

# کورد لە کالیفۆرنیا کەلتووری خۆیان دەناسێنن

**جاشوا سایسن**
**ڕووداو- ئارڤین**

سەرەتای ئەم مانگە، کوردی ئەمریکا بەشدارییان لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی بۆ ناساندنی کەلتووری نەتەوەکان کرد کە لە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکا بەڕێوەچوو. ئەمە لەکاتێکدایە کە هاونیشتمانیەکانیان لە عێراق و سووریا کەوتوونەتە داوی جەنگێکی نێودەوڵەتی لەدژی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە (داعش).

لە فێستیڤاڵەکەدا کە لە شاری ئارڤینی ویلایەتی کالیفۆرنیا بەڕێوەچوو، کوردی باشووری ولایەتی کالیفۆڕنیا دوو مێزیان هەبوو بۆ نمایشکردنی بابەتەکانیان، یەکێکیان لەلایەن کۆمەڵگەی کوردی ئەمریکی و ئەوی دیکەیان لەلایەن خێوەتگەی ئاینە جیهانییەکان بەڕێوەبران کە تێیدا کەلتووری دێرینی کوردی یارسانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان نمایشکران.

"شانازی دەکەم بەوەی کە کلتورەکەم بە خەڵکانی دیکە بناسێنم،" ئەمە قسەی موراد دوسلیک بوو کە سەرنجی ئامادەبووانی فێستیڤاڵەکەی بە پێشکەشکردنی چەندین گۆرانی لە پارچە جیاوازەکانی کوردستانەوە ڕاکێشابوو.

پاش تەواوبوونی نمایشەکەی لە فێستیڤاڵی گوندی جیهانی، موراد گوتی "خەڵک شتی زۆر دەربارەی کوردستان نازانن، بەڵام مێژوویەکی دەوڵەمەندی هەیە. یەکەمین شارستانیەت لەوێ دەستی پێکرد، بەڵام هێشتا خەڵک نازانن ئەو شوێنە لەکوێیە".

موراد گوتیشی،"مۆسیقای کوردی لە ڕۆحێکی قووڵەوە هەڵدەقوڵێ، کاریگەری دەبێت لەسەر کلتور و ژیانی خەڵک کاریگەری دەبێت لەسەر هەستیان. تەنانەت گۆرانیەکانیشمان مێژووی هەیە. ئەو مێژووە دەکرێت مێژوویەکی پڕ لە تراژیدی بێت، بەڵام هێشتا خۆشحاڵە کە سەما بکات".

ئەردشیر ڕەشیدی کەلهور کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە گوتی فیستیڤاڵەکە ڕێگەیەکی زۆرباشە بۆ شارەزابوون لە کلتورەکانی دیکە. ئەو گوتیشی "فیستیڤاڵەکە چاومان دەکاتەوە بە فرە کەلتووری و فرە نەتەوەیی و بۆچوونی جیاواز. هەر کە کۆتاییمان هێنا بەو بەربەستە کەلتووریانەی کە پۆشیومان، ئەوکات پێکەوە لە کلتورەکاندا گرێدەدرێین."

جلوبەرگی کوردەواری و مافوور و نەخش و نیگاری پارچە جیاوازەکانی کوردستان نمایشکران بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەسەر کەلتووری کوردی بۆ ئامادابووانی نەتەوە جیاوازەکانی فیستیڤاڵەکە کە نزیکەی 30 هەزار کەس دەبوون.

کۆرین جیوی، تەمەن 19 ساڵ گوتی کە فیستیڤاڵەکە کردنەوەی پەنجەرەیەک بوو بۆ کەلتووری کوردی "بەبڕوای من گرنگە کەلتوورەکان ببینین لە دەرەوەی ئەوەی میدیا و هەواڵ پێمان دەڵێن. هیچم نەدەزانی دەربارەی کوردستان تا ئەمدواییانە لە ڕێگەی هەواڵەوە چەند شتێکم بیست، هەروەها هیچم نەدەزانی دەربارەی کەلتوورەکەیان هەتا ئەمڕ، زۆر حەزم لە مۆسیقاو گۆارنییەکانیانە". ئەو قوتابییە وایگوت.

زیاتر لە 50 کەلتووری جیاواز لە فێستیڤاڵەکەدا کارەکانیان نمایشکرد بە تورک و ئەمریکی و ئێرانی و عێراقی و ئیسرائیلی و فەلەستینیەوە. بۆ یەکەمجار لەساڵی 1998 ئەم فیستیڤاڵە بەمەبەستی برەودان بە تێگەیشتن و بنیاتنانی ئاشتی لە نێوان کەلتوورە جیاوازەکان ساز کرا.





# ئەرمەنەکان مۆنۆمێنتێک بۆ ئێزدی دروست دەکەن

**تەیموراز شامۆیان**
**ڕووداو- یەریڤان**

دانیشتووانی شارۆچکەیەکی ئەرمینیا مۆنۆمێنتێک بۆ بەرزڕاگرتنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کوردی ئێزدی لەو وڵاتە کە سەدەیەک لەمەوبەر کۆچیان بۆ ئەوێ کردووە، دادەنێن.

هەفتەی ڕابردوو لە شارۆچکەی ئاکنالیچ، کە شارۆچکەیەکی بچووکی سەر بە پارێزگای ئارمەڤیری ئەرمینیایە، پەردە لەسەر مۆنۆمێنتی برایەتی ئەرمەنی – ئێزدی لادرا. ئاکنالیچ تەنیا شوێنە کە پەرستگای ئێزدییەکانی لێیە لە ئەرمینیا.

مۆنۆمێنتەکە ژمارەیەک پەیکەر لەخۆدەگرێ، لەنێویاندا پەیکەری مەلەک تاوس کە زۆر پیرۆزە لەلای ئێزدییەکان لەگەڵ خاچێک کە نیشانەی پێکەوەژیانی ئێزدی و ئەرمەنە بە ئاین کریستیانەکانە.

مۆنۆمێنتەکە هەروەها سێ پەیکەری دیکەی سەرکردەکانی کورد و ئەرمەن لەخۆدەگرێ کە پێکەوە لەساڵانی 1915 بۆ 1918 لە دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی شەڕیان کردووە.

بە سەدان ئێزدی نیشتەجێی ئەرمینیا و جۆرجیا ئامادەی مەراسیمی کردنەوەی مۆنۆمێنتەکە بوون، ئەمە جگە لە ئامادەبوونی بەرپرسانی ئەرمینی و پیاوانی ئاینی ئێزدی و ئەرمەنی لە کەنیسەی کاسۆلیکی.

مەراسیمەکە بە خوێندنی دوعا بۆ ئەو ئێزدیانە دەستپێکرد کە لەژێر هەڕەشەی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) دان. لەگەڵ یادکردنەوەی کوشتاری ئەرمەن و ئێزدییەکان لەسەردەمی عوسمانیەکاندا.

نزیکەی 40 هەزار ئێزدی لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا ناچارکران ماڵ و حاڵیان لە تورکیا جێبهێڵن و کۆچ بکەن بەرەو ئەرمینیا.

زۆر لە بەرپرسان لەکاتی مەراسیمەکەدا باسیان لە تراژیدیای شنگال کرد کە تێیدا بە سەدان ئێزدی کوژراون و ژمارەیەکی زۆریشیان بە تایبەتی ژنان و کچان لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ڕفێندران.

هەرچەندە حکومەتی ئەرمینیا دوای کارەساتی شنگال هیچ ئێزدییەکی هەرێمی کوردستانی وەک پەنابەر وەرنەگرتووە، بەڵام نزیکەی 50 هەزار دۆلاری بەمەبەستی هاوکاری مرۆیی پێشکەش بە ئێزدییە ئاوارەکانی کوردستان کردووە.

"لە چەند سەدەی ڕابردوودا ئێزدی و ئەرمەنەکان وەکو برا ژیاون. ئەوەندەی لە توانامانەدا بێت یارمەتییان دەدەین" ئەمە قسەی وەزیری دادی ئەرمینیا هۆڤان مانوکیان بوو.

غازی تاهیر خالد، باڵیۆزی عێراق لە ئەرمینیا ئامادەی مەراسیمەکە بوو. هەروەها پەرلەمانتاری عێراقی ڤیان دەخیل کە یەکێکە لە داکۆکیکارەکانی ئێزدی لە عێراق بڕیار بوو ئامادەی مەراسیمەکە بێت، بەڵام بەهۆی خراپی باری تەندروستیی نەیتوانی ئامادە بێت.

لە سەرەتای ئەم مانگەدا پەرلەمانتاری ئەرمینی، نایرا زۆگرابیان داوای لە ئەنجوومەنی ئەورووپا کرد بەهانای ئەو ئێزدی و کەمینانەوە بچێت کە لەژێر هەڕەشەی داعشدان. زۆگرابیان بێدەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاست هەڕەشەکانی ئێستای دژی کەمینەکان بەراورد کرد بە هەڵوێستیان لەکاتی جینۆسایدی ئەرمەنەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانی.

پێشتر هونەرمەندانی ئەرمەنی و کورد کۆنسێرتێکیان سازکردبوو بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ ئاوارە ئێزدییەکانی هەرێمی کوردستان. بەر لە دەستپێکردنی کۆنسێرتەکە گۆرانیبێژی بەناوبانگی ئەرمەنی شوشان پێترۆسیان گوتی "ئێزدیەکانم، ئازارەکانتان ئازاری ئێمەیە.

ڕووداو
ژنان
ژمارە (329) دووشەممە 2014/10/13

## لێپرسینەوە لە دوو ژنە شاعیر دەکرێت





**ڕووداو- کوردپا**

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو هەردوو ژنە شاعیر و چالاکڤانی کوردی سنە سیمین چایچی و کلسووم عوسمانپوور، بەهۆی کۆبوونەوەی نارەزایەتیی هاووڵاتیانی شاری سنە بۆ پشتیگیری لە خەڵکی کۆبانی، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعات کران و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرا. کەلسووم عوسمانپوور لە مەئمورانی ئیدارەی ئیتلاعاتی پرسیووە، کە بۆچی بە تەنیا ئەم دووانە بانگکراون پێیانراگەیاندووە "چەندین کەسی دیکەش بانگهێشتی ئیتلاعات کراون". بەپێی زانیاری سەرچاوەیەکی ئاگادار لە خۆپیشاندانەکانی سنە ژمارەیەک لە بەشدارانی خۆپیشاندانەکە لەمەیدانی ئازادیی شاری سنە، دروشمی دژی حکومەتی ئیسلامیی ئێرانیان گوتووەتەوە.

### 3 پایسکلی قاوەخانەی کەلتووری دەدزرێن

# 1000 کچ بۆ لێخوڕینی پایسکل چوونەتە قاوەخانەی کەلتووری




**ژیان سابیر**
**ڕووداو- سلێمانی**

دوای دوو ساڵ پلاندانان، کارمەند و سەرپەرشتیارانی قاوەخانەی کەلتووری لە سلێمانی، پایسکیلەکانیان لەبەردەم بینای قاوەخانەکەدا ریز کرد و ئەو دروشمەی ئاهەنگی کردنەوەی پرۆژەکەی ڕێکخستبوو، دەیگوت "ئۆتۆمبیلەکات دابنێ و بە پایسکیل هاتوچۆ بکە".

کچانیش هاوشێوەی کوڕان ئۆتۆمبێلەکانیان لەبەردەم قاوەخانەکە دادەنێن، یان بەبێ ئۆتۆمبێل دەچن پایسکلێک وەردەگرن و پێی دەچنە بازاڕ و سەردانی هاوڕێکانیان، بەڵام سەرپەرشتیاری پرۆژەکە دەڵێ "پاسکیل نادەین بەو گەنجانەی تەمەنیان نەبووەتە 18 ساڵ".

لە گەڕەکی عەقاری شاری سلێمانی، لەسەر یەکێک لە شەقامە هەرە قەرەباڵخەکان، بینای قاوەخانەی کەلتووری دەبینرێ. پرۆژەیەکی ئاوا تارادەیەکی باش دەتوانێ خزمەت بە قاوەخانەکەش بکات، چونکە هاتوچۆی ئۆتۆمبیل لەو شەقامەدا تەواو ئەستەمە.

پرۆژەی "ئۆتۆمبیلەکەت دابنێ" ماوەی دوو ساڵە پلانی بۆ دانراوە، بەڵام لەبەر کەمدەرامەتیی خاوەنەکەی دواخراوە. هێدی ئەبوبەکر، سەرپەرشیاری پرۆژەکە دەڵێ "توانرا لە ڕۆژی 2014/9/23 پرۆژەکە جێبەجێ بکرێت".

هەرچەندە بەکارهێنانی پایسکیل لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا هێشتا بە تەواوەتی نەبووەتە شتێکی ئاسایی، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پرۆژەکە پێشوازییەکی باشی لێکراوە، تەنانەت لەلایەن کچان و ژنانیشەوە.

هێدی دەڵێت "کە دەستمان بەکارکرد، ترسی ئەوەمان هەبوو بیرۆکەکەمان سەرکەوتوو نەبێت، بەڵام جێی خۆشحاڵییە خەڵکانێکی زۆر سەردانمان دەکەن بەمەبەستی بەکارهێنانی پایسکیل".

قاوەخانەی کەلتووری، وەک ناوەندێکی ڕۆشنبیری لە ساڵی 2011 دامەزراوە و چەندین چالاکی هونەریی تێدا ئەنجام دەدرێت، نوێترین چالاکییەکانی ئەم قاوەخانەیە بریتییە لە پرۆژەی "ئۆتۆمبێلەکەت دابنێ و بە پایسکیل هاتوچۆ بکە".

ئەو قاوەخانەیە ساڵی ڕابردووش پرۆژەیەکی سەرنجڕاکێشیان هێنایە باشووری کوردستان و لە پارکی ئازادی شاری سلێمانی (فێستیڤاڵی شەرە ئاو)یان بەڕێوەبرد.

تێچووی ئەم پرۆژەیە لەلایەن قاوەخانەی کەلتوورییەوە دابینکراوە کە بڕەکەی 12 ملیۆن و 500 هەزار دینارە و 210 پایسکیلیان پێ کڕیوە.

### 1000 ژن داوای پایسکیلیان کردووە

بەقسەی کارمەندانی قاوەخانەکە، لەوەتەی پرۆژەکە کەوتووەتە کار، نزیکەی 3 هەزار کەس سەردانیان کردوون بەمەبەستی وەرگرتنی پایسکیل، لەو ژمارەیەش هەزار کەسیان لە ڕەگەزی مێ بوون. هەروەها تەمەنی داواکارانیش لە نێوان 18 تاوەکو 60 ساڵاندا بووە.

بەڵام هێدی ئەبوبەکر دەڵێت پایسکیل نادەنە هەموو کەسێک "پایسکیل نادەین بەو گەنجانەی تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە، بەڵام ئەگەر خێزانەکەی لەگەڵ بێت لەسەر بەرپرسیارێتی خێزانەکەی پێیان دەدەین".

پرۆژەکە مەرجێکی دیکەشی بۆ بەکارهێنەران داناوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو کەسانەی پایسکیلەکان دەبەن، تەنیا بۆیان هەیە 4 کاژێر بەکاری بهێنن و دواتر بیگەڕێننەوە قاوەخانە، ئەویش لەبەر زۆریی ژمارەی بەکارهێنەرانی پایسکیل.

### 3 پایسکیل دزراون

لەماوەی ڕابردوودا 3 پایسکیلی قاوەخانەی کەلتووری دزراون. سەرپەرشتیاری پرۆژەکە هۆکارەکەی بۆ ئەوە ناگێڕێتەوە کە دەستێک بێت بۆ ئەوەی پرۆژەکە سەرنەکەوێت و دەڵێت "هەرچییەک بووایە لە جێی پایسکیل هەر دەدزرا".

دانانی ئەم بیرۆکەیە لەلایەن قاوەخانەی کەلتووری بۆ کەمکردنەوەی جەنجاڵی و قەرەباڵغی ئۆتۆمبێل بوو لەناو شاری سلێمانی و پاراستنی ژینگە، ئەو گرفتەی ئێستا بەکارهێنەرانی پایسکیل هەیانە نەبوونی پارکێکە بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە دەوەستێنرێن و دواتر شۆفێرەکانیان پایسکیل لێدەخوڕن "چونکە شۆفێرەکانیان نازانن لە چ جێگایەک ئۆتۆمبێلەکانیان ڕابگرن، قاوەخانەکەش دوورە لە زۆر شوێنی شارەکە". هێدی ئەبوبکر وایگوت.

### ڕێگە بە ژن و کچەکانیان بدەن

شاهۆ کەریم، 50 ساڵ، کاسبکار، یەکێکە لەوانەی پایسکیلی لە قاوەخانەی کەلتووری وەرگرتووە و پێی چووەتە شوێنی مەبەست. ئەو بە گرنگییەوە باسی ئەو پرۆژەیە دەکات، ئەو ڕۆژانە دێتە قاوەخانەی کەلتووری و زۆربەی کارەکانی بە پایسکیل جێبەجێ دەکات. باس لە تەمەنی خۆی دەکات و دەڵێت پێویستە ڕۆژانە چەند کاژێرێک بەپێ بڕوات بۆ تەندروستی خۆی "ئەم پرۆژەیەش وەک جۆرە وەرزشێک سوودێکی باشی لێدەبینم، هەرچەندە بەکارهێنانی پایسکیل لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە عەیب دادەنرێ، چەندین توانجت لێدەدرێت، بەڵام من پشگیری ئەم پرۆژەیە دەکەم".

لەبارەی ئەوەی ئەگەر ژنەکەی یان کچەکانی بیانەوێ ئەم پایسکیلانەی قاوەخانەی کەلتووری بەکاربهێنن، گوتی "هیچ ڕێگرییەکیان لێناکەم، بەڵام ئەم قاوەخانەیە دوورە لە زۆر شوێن، دەخوازم لە زۆر شوێنی دیکە ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکرێت".

# کچەکەیان کوشت بۆ ئەوەی پاک ببنەوە



**ژیان سابیر**
**ڕووداو- سلێمانی**

لە گرتووخانەی چاکسازی ژنان و نەوجەوانان لە سلێمانی، ژنێک ماوەی 10 ساڵە لە ژوورەوەیە و بە تەسبیحە دەنک قەزوانەکەی ڕۆژانی زیندانیی خۆی دەژمێرێ. هەموو ژنەکانی دیکەی نێو زیندانەکە وردەکاری چیرۆکەکەی ئەو دەزانن.

(کەتان.ن) بەهۆی کچەکەیەوە ژیانی سەراوژێر بوو، ئێستا دەبێت لاپەڕەی 10 ساڵی دیکەش لەنێو زیندان هەڵبداتەوە بۆ ئەوەی ژوورەکانی زیندان جێبهێڵێت و بێتە دەرەوە. کەتان بە حەسرەتەوە بەردەوام ئەو ڕستەیە دووبارە دەکاتەوە: "خێزانێکی بەختەوەرم هەبوو، بەڵام کچەکەم لە دەستی دام".

(کەتان.ن) خەڵکی شاری هەولێرە و لە سلێمانی نیشتەجێ بووە. وەک خۆی دەیگێڕێتەوە خێزانێکی بێ کێشە بوون، بەڵام کاتێک کچە 21 ساڵەکەی بڕیاری هاوسەرگیری دەدات لەگەڵ (م) بەبێ ئەوەی ئەو کوڕە بناسن، بڕیارەکەیان قبوڵ کردووە "گوتیان کەی مۆدیلی ئەوە ماوە ئەوەندە پرسیاری ماڵی کوڕ بکرێت، بۆیە ئەو هاوسەرگیرییە لە ماوەی دوو هەفتەدا کرا".

### کێشەکان دوای گواستنەوە دەستیان پێکرد

"(م) کاری لەشفرۆشی بە کچانەوە دەکرد، سەرەتا پێیگوتین من خێزانم نییە و ماڵێکی پێ ناساندین و گوتی ئەمە ماڵی مامە و لێرە گەورە کراوم، بەڵام وانەبوو، بەڵکو ئەو شوێنە خانەیەکی لەشفرۆشی بوو". هەرچەندە ئەو گێڕانەوەیە تازە سوودی بۆ ئەو نییە، بەڵام هێشتا بە حەسرەتەوە وردەکارییەکانی باسدەکات و دەڵێ دوای دوو مانگ لەو هاوسەرگیرییە ئینجا زانییان ئەو کوڕە کاری لەشفرۆشی بە کچانەوە دەکات "بە کچەکەمان گوت دەبێت لێی جیاببیتەوە، بەڵام کوڕەکە نەیدەویست لە کچەکەمان جیاببێتەوە".

نۆ مانگ بەوشێوەیە تێپەڕیوە، ناکۆکی نێوان ئەوان و زاواکەیان بەردەوام بووە و چەندجارێک شەڕ و تەقەکردنیش کەوتووەتە نێوانیانەوە. دواتر کچەکە لەو کوڕە جیابووەتەوە "واتێگەیشتین ئیدی کێشەکان کۆتاییان هات، بەڵام کێشەکە زۆر گەورەتر بوو. ئەو کوڕە پێشتر چەندین وێنە و گرتەی ڕووتی کچەکەمانی تۆمارکردبوو، هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی لێدەکردین".

### "پۆلیس دەیگرت و ئازادیش دەکرا"

هەرچەندە کەتان دەڵێ لای پۆلیس چەندین جار سکاڵایان تۆمارکردووە و دەستگیرکراوە "بەڵام زۆری نەدەبرد بە کەفالەت ئازاد دەکرا".

لە ناکاو کچەکەی کەتان ون دەبێت، دواتر بۆیان دەردەکەوێت کە بە خواستی خۆی لەگەڵ ئەو پیاوە ڕۆیشتووە و کاری لەشفرۆشی دەکات.

ماوەی 16 ڕۆژ کەتان و هاوسەرەکەی سۆراخی کچەکەیان کردووە، تاوەکو ڕۆژێک پێکەوە دەیانبینن "بینیمان لەگەڵ دوو پیاوی دیکە بە سەرخۆشی گەڕانەوە ماڵەوە".

کەسوکاری کەتان گوشاریان بۆ دەهێنن کە بۆ پاراستنی نێوبانگی خێزانەکەیان دەبێت کچەیان بکوژن، ئەگەرنا خۆیان دەیکوژن. کەتان دەڵێ کەس بەوە ڕازی نییە کچی خۆی بەدەستی خۆی بکوژێت، بۆیە بڕیار دەدەن شاری سلێمانی بەجێبهێڵن و بگەڕێنەوە هەولێر، بۆ ئەوەی ژیانێکی نوێ دەستپێبکەن.

بەڵام بەهۆی ئەوەی شوێنیان نەبووە بۆی بچن، بڕیار دەدەن هەر لە سلێمانی بمێننەوە و کچەکە ببەنە ماڵی خاڵی لە هەولێر. بەڵام ئەو کاتەی ویستوویانە بەڕێبکەون، بەپێی قسەی کەتان، کوڕە پوورێکی کچەکە هاتووەتە ماڵیان و گوتوویەتی ئەویش لەگەڵیان دێت بۆ هەولێر، بەڵام لەو کاتەدا دەبێتە کێشەیان و لەناکاو فیشەکێک جەستەی کچەکەی کەتان سارد دەکاتەوە.

هەرچەندە هەوڵ دەدەن تەنیا یەکێکیان خۆی تاوانبار بکات و بچێتە زیندان، بەڵام پۆلیس هەرسێکیان قۆڵبەست دەکات و دوای دادگاییکردنیشیان سزای 20 ساڵ بەندکردنیان بۆ دەبڕێتەوە.

خێزانەکە هەڵوەشایەوە

کەتان، خاوەنی دوو کوڕ و دوو کچە، کوڕێکی کە دوای گرتنی دایکی و باوکی چووەتە خانەی نەوجەوانان، تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە. کوڕەکەی دواتر لە خانەکە ڕایکردووە و ئێستا لەسەر شەقام دەمێنێتەوە.

هەروەها کچەکەی دیکەشی بەهۆی بە شوودانی لەلایەن ماڵە مامەکانییەوە خۆی دەسووتێنێ و گیان لەدەست دەدات. هاوسەرەکەشی لە زیندان بە نەخۆشی گیان لە دەست دەدات. تەنیا کوڕە بچوکەکەی لە خانەی بێ سەرپەرشتان ماوەتەوە.

کەتان خۆی بە شایستەی ئەو سزایە نازانێت و پێیوایە سزادانەکەی "نایاسابییە" و دەڵێت "داواکارم ئازاد بکرێم تاوەکو کوڕە بچووکەکەم بە هەتیوی نەمێنێتەوە".

ئومێدە محەممەد، بەڕێوەبەری چاکسازی ژنان بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت ئەو زیندانیانەی کە لە چاکسازی ژنانن بەڵگەی یەکلاکەرەوە بۆ سزادانیان هەیە، کاتێک تاوانبارێک دوای سزادانی دەهێنرێتە چاکسازی ژنان سزای تاوانەکەی وەردەگرێت.

ئەو دەڵێ ئەو فشارە دەروونییەی تاوانبار هۆکارە بۆ ئەوەی خۆیان بە تاوانبار نەزانن، هیچ یاسایەکیش سزا بەسەر تاوانبارێک ناسەپێنێت ئەگەر تاوانەکەی لەسەر ساخ نەبووبێتەوە.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان لە سلێمانی، ئەمساڵ 190 ژن بەتۆمەتی جۆراوجۆر زیندانی کراون. 38 ژن لەوانە بە تۆمەتی کوشتن گیراون. بەڵام بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو ئاستی تاوانەکان لەنێو ژناندا کەم بوونەتەوە، چونکە لەساڵی ڕابردوودا 946 ژن و کچ بەتاوانی جیاواز دەستگیرکرابوون، لەنێویاندا 48 ژن بەتاوانی کوشتن گیرابوون.

## باوکێک بە شۆفڵ کوڕەکەی پان دەکاتەوە



**ڕووداو – هەولێر**

باوکێک بە شوفڵ بەسەر کوڕە تەمەن یەکساڵانەکەی دەکەوێت و کوڕەکەی یەکسەر گیانلەدەست دەدات، پۆلیسیش باوکەکە دەستگیردەکات. بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی پۆلیسی هەولێر ڕۆژی 2014/10/11 بنکەی پۆلیسی قەزای دەشتی هەولێر لەو ڕووداوە ئاگادارکراوەتەوە. دوای گەیشتنی پۆلیس بە شوێنی ڕووداوەکە دەرکەوتووە، باوکێکی بە ناوی سوارە شێخە، تەمەن 43 ساڵ، کە شوفێری شۆفڵ بووە، بە شۆفڵەکەی بەسەر کوڕە تەمەن یەک ساڵانەکەی بەناوی محەممەد کەوتووە و پانی کردووەتەوە. بەو هۆیەش منداڵەکە گیانی لەدەستداوە. پۆلیس دەڵێت باوکی منداڵەکە بەپێی مادە 24ی هاتوچۆ دەستبەسەرکراوە.

لە ڕانیە

# گەنجێک خۆی دەکوژێت و هەوڵی کوشتنی کچێکیش دەدرێت

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕاپەڕین**

لە ماوەی هەفتەیەکدا لە ڕانیە، چەندین ڕووداوی کۆمەڵایەتی ڕوویاندا و بەو هۆیەوە چوار کەس بریندار بوون کە یەکێکیان کچە، هەروەها گەنجێکیش خۆی کوشت.

جەژنی ڕەمەزانی ڕابردوو ڕانیە ڕەشپۆشیبوو، چونکە لە ماوەی ڕۆژانی جەژن زیاتر لە 10 ڕووداوی کۆمەڵایەتی ڕوویاندا. ئەم جەژنەش هاوشێوەی جەژنی ڕەمەزان ڕووداو هەبوون، بەڵام کەمتر بوون و تەنیا کەسێک خۆی کوشت و چوار کەسی دیکەش بریندار کران.

ڕۆژی 7/10/2014 گەنجێکی تەمەن 20 ساڵ بە ناوی داهات هەمزە، فیشەکێکی لە خۆی دا و ڕۆژی دواتر لە ڕێگەی نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا. کەسوکارەکەشی دەڵێن ڕووداوەکە قەزا و قەدەر بووە.

زوبێر هەمزە، براگەورەی داهات باسی خۆکوشتنی براکەی کرد و گوتی "دوای نانخواردنی ئێوارە تەنیا دایکم و باوکم لە ماڵەوە بوون، براکەم لە ژوورەکەی خۆیدا گوللەیەکی بەرکەوتووە و بریندار بووە".

زوبێر ڕووداوەکەی بە قەزا و قەدەر ناوبرد و گوتی "براکەم بە سەرخۆشی گەڕاوەتەوە ماڵەوە، خەریکی ڕاخستنی جێگاکەی بووە، چەکەکەی کەوتووەتە خوارەوە و فیشەکێکی لێدەرچووە و بەری کەوتووە".

داهات سەرەتا لە نەخۆشخانەی ڕانیە نەشتەرگەری بۆ دەکرێت، دواتر بەهۆی سەختیی برینەکەی ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی دەکرێت، بەڵام لە ڕێگا گیان لەدەست دەدات.

زوبێر ڕەتیکردەوە خۆکوشتنی براکەی پەیوەندی بە کەسەوە هەبێت، بۆیە گوتی لەلای پۆلیس هیچ سکاڵایەکیان تۆمار نەکردووە.

ئەو چەکەی داهات خۆی پێکوشت، چەکی برایەکی خۆیەتی کە پۆلیسی فریاکەوتنە. زوبێر دەڵێت "ئەو چەکە هەمیشە بێ مەخزەن بووە، نازانین چۆن ئەو گوللەیەی لەبەر بووە و چۆن بەربووەتەوە و گوللەکە دەرچووە".

تاوەکو ئێستا چەندین ڕووداوی کوشتن بەهۆی چەکی ماڵانەوە ڕوویانداوە، چالاکڤانانی کۆمەڵگەی مەدەنی زوو زوو پرسی نەهێشتنی چەک لە نێو ماڵاندا دەوروژێنن، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی چەک لە نێو ماڵاندا زیاد دەکات.

ڕائیدی پۆلیس مستەفا محەممەد باپیر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین گوتی "ئەو گەنجە لە نانەواخانە کاری دەکرد لە ناحیەی چوار قوڕنە، بە برینداری گەیەنرایە نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە، دەرکەوت سێ فیشەکی بەرکەوتووە، پۆلیس دەستی کردووە بە لێکۆڵینەوە. تاوەکو ئێستا هۆکاری ڕووداوەکە نەزانراوە، چونکە لەبەر سەختی برینەکەی نەتوانرا ئیفادەی لێوەربگیرێت". بەرپرسەکەی پۆلیس گوتیشی "ڕووداوەکە خۆکوشتنە".

### هەوڵی کوشتنی چوار کەس دەدرێت

لەکاتێکدا خەڵک سەرقاڵی ئامادەکاری بوون بۆ جەژنی قوربان، گەنجێکی تەمەن 21 ساڵ بەناوی بەشدار حەسەن، لەلایەن کەسێک بەناوی (ش.ح.م) بە فیشەکێکی دەمانچە بریندار کرا. دواتر تۆمەتبارەکە بەپێی مادده 413 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکرا و ئێستا لە زیندانە.

هەر لە سەرەتای ئەم مانگەدا دوو گەنج بە ناوەکانی (حەمەدەمین عەزیز مەحموود) و (گۆڤار حەمەدەمین، کە دانیشتووی ناحیەی چوارقوڕنەن، لە ڕێگای نێوان ڕانیە و چوارقوڕنە لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە درانە بەر دەستڕێژی گوللە و بریندار کران. بەڵام تاوەکو ئێستا تەقەکەرەکە نەدۆزراوەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە ڕۆژی 7/10/2014 کچێکی تەمەن 34 ساڵ، بەناوی (ش.م) هەوڵی کوشتنی درا. بەپێی زانیاری (ڕووداو) تۆمەتبارەکە دەستگیرنەکراوە و رایکردووە بۆ شوێنێکی نادیار. (ش) ئامادە نەبوو قسە لەسەر ڕووداوەکە بکات و تەنیا گوتی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە.

گوتەبێژی پۆلیسی ڕانیە لەبارەی هەوڵی کوشتنی ئەو کچە گوتی "ئەو کچە لەلایەن زاوایەکیان بەناوی (ش.م) کە پێشمەرگەیە، بە دەمانچە هێرشی کراوەتە سەر و گوللەیەکی لە پشتی داوە و برینداری کردووە".



# 28 منداڵی ئێزدی چاوەڕێی گەڕانەوەی دایک و باوکیان دەکەن

**یودیت نیورینک**
**ڕووداو- شاریە**

سەدان منداڵی ئێزدی بێ دایک و باوک بوون، دوای ئەوەی لە ترسی هێرشی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە (داعش) ماڵ و حاڵیان جێهێشت.

زۆر لە خێزانەکان لەیەکدی دابڕاون لەکاتی هەڵاتنیان بەرەو چیای شنگال لە ترسی هێرشەکانی داعش بۆ سەر ناوچەی شنگال و دەوروبەری کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی لە کەمینەی ئێزدین و جیهادییەکان بە "کافر" لەقەڵەمیان دەدەن.

زەید، تەمەن 18 ساڵ ئێستا تەنیایە و هیچ کەسی نییە، پاش ئەوەی لە دایک و باوک و دوو براو خوشکەکەی دادەبڕێ لەکاتی هەڵاتنیان بەرەو چیای شنگال لە سەرەتای مانگی ئابی ڕابردوودا، ئەو کوڕەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هێنایە دەنگ بۆ بەرگرتن لە ڕوودانی جینۆساید.

"پێیانگوتم ڕابکە. دەبوو دەرباز بین! لەو کارەساتەدا هەموویانم لەدەستدا. بەڕاستی نازانم چۆن ڕوویدا". زەید ئێستا لەگەڵ خزمەکانی لە خانوویەکی تەواونەبووی گوندی شاریە دەژی.

لەسەر لوتکەی چیاکە کاتێک لەگەڵ هەزاران کەسی دیکە بۆ ماوەی زیاتر لە هەفتەیەک گیری خواردبوو، بەردەوام دەگەڕا بۆ دۆزینەوەی خێزانەکەی، بەڵام هەوڵەکانی بێ ئەنجام بوون. مانگێک لەمەوبەر هەواڵی پێدەگات کە هێشتا لە ژیاندان، بەڵام لەپاش ئەوە هیچ هەواڵێکی دیکەی نە بیستووە

"گەورەترین خەڵات بۆ من بینینەوەی خێزانەکەمە بە زیندوویی، بەڵام دڵنیام کە نەماون".

هەڵاتن لە شنگال بۆ زەید واتە چیدی چارەسەری بەردی گورچیلەی لە شارەکەی بۆ ناکرێ "لە شنگال ئامادەکاریم بۆ کرابوو بۆ نەشتەرگەری. بەڵام لێرە تەنیا حەبی ئازارم دەدەنێ".

نزیکەی 250 هەزار ئاوارەی ئێزدی لە کۆمەڵگای شاریە نیشتەجێن، لەنێویاندا 28 منداڵی لێیە کە بێ دایک و باوک بوون. لەبەرئەوەی هیچ ناو تۆمارکردنێکی فەرمی نەکراوە، ژمارەی ئاوارە ئێزدییەکان بە زیاتر لە 250 هەزار کەس مەزەندە دەکرێ، ڕەنگە لەنێو ئەو ژمارەیەدا بە سەدان منداڵی بێ دایک و باوک هەبن. گوڵستان، تەمەن 19 ساڵ و تەلاری خوشکی کە تەمەنی 11 ساڵە، لەگەڵ مامیان لە چوارچێوەی خانوویەکی تەواو نەبوو لە کۆمەڵگای شاریە دەژین. بەر لە هێرشەکە باوکیان سەردانی گوندێکی دیکەی کردبوو کە دواتر بیستبووی داعش لەو گوندە ژمارەیەکی زۆر پیاویان کوشتووە. پاشان لەدایکی دادەبڕێ لەکاتی هەڵاتن بەرەو چیاکە.

"داعش تەقەیان لێدەکردین، دەبووایە خۆمان ڕزگار بکەین. دایکم نەیتوانی ڕابکات. ئێمەی ناردە سەرەوە و خۆی چووە خوارەوە"، ئازار ڕێگەی پێنەدا قسەکانی تەواو بکات، بۆیە مامی بەناوی سەمیر قسەکانی بۆ تەواوکرد "دایکی زۆر قەڵەو بوو، لانیکەم کێشی 150 کیلۆ دەبوو".

سەمیر پێیوایە براژنەکەی لەلایەن داعشەوە فڕێندرابێت، چونکە ئەو گوندەی بۆی چووە دواتر لەلایەن جیهادییەکانەوە دەستی بەسەرداگیراوە. هەروەها لەوکاتەوە هیچ پەیوەندییەکی بە خێزانەکەیەوە نەکردووە، گوڵستان دەترسێ گیانی سپاردبێت.

لە سەنتەری کەلتووریی شاریە پارێزەر جەلال لازگین بەرپرسە لە تۆمارکردنی ناوی ئاوارەکانی نیشتەجێی شاریە. ئەو بەناو لیستەکەیدا چوو تا ناوی ئەوانە بدۆزێتەوە کە بێ دایک و باوک بوون. ئەو کارەش قورسە، چونکە لە عێراق ئەگەر منداڵ تەنیا باوکیشی لەدەست بدات بە هەتیو ناودەبرێت.

"بۆ هەندێ لە منداڵەکان دەزانین کە دایک و باوکیان مردوون، هەندێکیشیان دایک و باوکیان بێ سەروشوێنن. هەندێک لە دایک و باوکە بێ سەروشوێنەکان پەیوەندییان کردووە، بەڵام زۆرجار هیچ شتێک نازانرێ دەربارەیان کە ئەوەش منداڵەکان دەخاتە سەر دووڕێیانی هیواو ترس لە چارەنووسی خۆشەویستەکانیان".

یەکێکی دیکە لەو منداڵانە سەلامی تەمەن 9 ساڵانە کە چاودێریی دوو خوشکە بچووکەکەی و براکەی کردووە کاتێک لەگەڵ خاڵیان بەرەو چیاکە هەڵاتوون. ئەو کوڕە تەمەن 9 ساڵە یەکێک لە خوشکە بچووکەکانی دەخاتە سەرشانی و دەستی دووانەکەی دیکە بەتوندی دەگرێت.

دایکیان دەیاننێرێت بۆ لای مامیان، چونکە دەبوو چاودێریی داپیرە پەککەوتەکەیان بکات. خوشکە گەورەکەیان و کۆرپەلەیەک لەوێ لەگەڵی دەمێننەوە. سەلام بە خەمبارییەوە گوتی "حەوت شەو و حەوت ڕۆژمان لەسەر چیاکە بەسەربرد، بەڵام نەمانتوانی بیاندۆزینەوە".

پێشتر باوکی لەلایەن داعشەوە لە موسڵ دەستگیر دەکرێ، سەلام بە دەنگێکی نزمەوە دەڵێ "ڕەنگە دایکیشیم لەوێ بێت. ئەوان لەژێر چنگی داعشن، ئەو خەڵکە خراپانە".

کاتێک مامی هەوڵدەدات تەلەفۆن بۆ دایکیان بکات، کەسێکی دیکە وەڵام دەداتەوە کە تەلەفۆنەکەی لەسەر جادە دۆزیوەتەوە "زۆر بیری دەکەم، ئەوەی لەتوانامدا بێت دەیکەم تا جارێکی دیکە بیبینمەوە".

داعش ژمارەیەکی زۆر پیاوی لە گوندەکانی دەوروبەری شنگال کوشتووە. ژمارەی تەواوی ئەو کوژراوانە نازانرێت، چونکە هێشتا ناوچەکان لەژێر دەستی ئەو چەکدارانەدان. نزیکەی 5000 ژن و پیاو و منداڵ فڕێندراون و لە شوێنی جیاواز زیندانیکراون. زۆر لە بێ دایک و باوکەکان لەنێو ئاوارەکاندان و لەلایەن مام و پوور و باپیرەو داپیرەیان چاودێری دەکرێن. کارمەندانی مرۆیی لە هەوڵی داڕشتنی پلانێکدان بۆ پێشکەشکردنی چاودێرییەکی تایبەت بۆ ئەو منداڵانەی تەواوی ئەندامانی خێزانەکانیان لەدەستداوە. دەیانەوێ سەنتەرێکی تایبەتیان بۆ بکەنەوە کە تێیدا قوتابخانە بۆ ئەو منداڵانە دابین بکەن.



(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)



رائید ژیلەمۆ عەبدولقادر *

## بڕیاری پاراستنی ژنان

لە درەنگانی شەودا ئافرەتێک لەگەڵ کچە تەمەن 13 ساڵەکەیدا خۆی کرد بە نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان. ژنەکە گوتی مێردەکەم من و کچەکەمی دەرکردووە و کوڕەکەشم کە تەمەنی 6 ساڵانە لای خۆی هێشتوویەتیەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خانووەکە بە ناوی خۆمە، ئەو ماڵەشی کە هەمانە هەمووی خۆم کڕیومە، بۆیە داوا دەکەم ڕێکاری یاسایی بەرامبەر پیاوەکەم بگیرێتەبەر و لە خانووەکەم بچێتە دەرەوە، هەروەها گوتی دەمەوێ لێی جیاببمەوە، چونکە ژیان لەگەڵی ئەستەمە.

سەرەتا دادگا داوای لێکرد بۆ سەلماندنی داواکەی تۆماری خانووەکە بهێنێ و شایەتی سەلماندن ئامادە بکات کە دەرکراوە. ئافرەتەکە تۆماری خانووەکەی هێنا و دەرکەوت خانووەکە بە ناوی خۆیەتی، شایەتی سەلماندنیشی ئامادەکرد کە هەردووکیان خاڵی ژنەکە بوون و گوتیان ئەم خوشکەزایەمان دایک و باوکی نەماوە، ئەوە چەندینجارە مێردەکەی دەریدەکات و دێتە لای ئێمە. خوشکەزاکەمان مووچەی خۆی هەیە حەزی لێیە لە خانووی خۆی دانیشێت و بڕیاری داوە لەپیاوەکەی جیاببێتەوە.

دادگا بڕیاری دا بە بانگکردنی مێردەکەی بەپێی ماددەی (7) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی. کاتێک پیاوەکە ئامادە بوو، گوتی ژنەکەم بەخۆی ڕۆیشتووە و من دەرمنەکردووە، کچەکەی بردووە، بەڵام کوڕەکەم لەگەڵی نەڕۆیشتووە، ئێستاش لاریم نییە بگەڕێتەوە ماڵەوە. بۆیە دادگا بڕیاری دا بە ئازادکردنی بە دەستەبەری و ناردنی ئافرەت و پیاوەکە بۆ لیژنەی ئاشتەوایی، بەڵام لە لیژنەی ئاشتەوایی ئافرەتەکە گوتی من داوای جیابوونەوەم لەسەر پیاوەکەم تۆمارکردووە و نامەوێ لەگەڵم بژیت، دەمەوێ بچمەوە خانووی خۆم و ئەو لە خانووەکە بچێتە دەرەوە، بۆیە ئافرەتەکە داوای پاراستنی کرد لە خانووەکەی خۆی.

کاتێک دۆسیەی ژنەکە ڕەوانەی لای دادوەر کرا، دادگای لێکۆڵینەوەی توندوتیژی خێزانی بڕیاری دا بە دەرکردنی فەرمانی پاراستنی ژنەکە بەپێی مادەی (4) بڕگە (3) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی. بەپێی ئەو ماددەیە، سکاڵالێکراو واتا پیاوەکە بۆی نییە بچێتە ماڵی ژنەکەی بە بڕیاری دادگا بۆ ئەو ماوەیەی کە بە باشی دەزانێت، بۆیە دووبارە پیاوەکە بانگ کرا و پێیڕاگەیەندرا کە دەبێت لە ماڵی هاوسەرەکەی بچێتە دەرەوە، سەرەتا لاری هەبوو دەیگوت خانووەکە دوو قاتە و من دەچمە سەرەوەو ئەویش لەگەڵ دوو منداڵەکە لە خوارەوە بێت. بەڵام ئافرەتەکە بەوەش ڕازی نەبوو، گوتی خانووی خۆمە و کەڵکی پێکەوەژیانمان نەماوە و داوای جیابوونەوەم کردووە هەر دەبێت بچێتە دەرەوە، بۆیە پێیڕاگەیەندرا ئەگەر بەڵێن نەدات و نەچێتە دەرەوە ئەوا بە پێی ماددەی (4) بڕگە (4) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت، بەپێی ئەو ماددەیە لە حاڵەتی پێشێلکردنی فەرمانی پاراستن، سەرپێچیکار سزا دەدرێت بە زیندانیکردنی بۆ ماوەیەک کە لە 48 کاژێر زیاتر نەبێت، یان بە بژاردن کە لە 300 هەزار دینار کەمتر نەبێت. لە کۆتاییدا بەڵێننامەی پڕکردەوە کە ئامادەیە بچێتە دەرەوە لە ماڵی ژنەکەی، بەڵام گوتی لە ڕێگەی دادگای باری کەسی هەوڵدەدەم ژنەکەم بگەڕێتەوە بۆ لام.

*** بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە هەولێر**

### ئیدارەی ڕاپەڕین سێ ملیار دیناری کارەبا قەرزدارە

# "ماڵەکانی خوا زێدەڕۆیی دەکەن لە بەکارهێنانی کارەبا"

عومەر چاوشین
ڕووداو- ڕاپەڕین

هاووڵاتیان و فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین نزیکەی سێ ملیار دینار پارەی کارەبایان لەلایە، زۆرترین قەرزی کارەباش لای ئەوقاف و شارەوانییە.

یەعقوب عەلی عەبدوڵڵا، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی کارەبای ڕاپەڕین تایبەت بە (ڕووداو)ی گوت "بەشی فرۆشتنی وزە بە دوومانگ جارێک پسولەی کارەبا بەسەر گشت بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە حکومیەکان و دووکان و ماڵ و کارگەکاندا دابەشدەکات بۆ ئەوەی لەکاتی دیاریکراوی خۆیاندا بڕە پارەی قەرزی کارەبا بدەن، بەڵام زۆربەی فەرمانگە و هاووڵاتیان لە کاتی خۆیدا پارەکە نادەن".

یەعقوب فەرمانگەکانی وەزارەتی شارەوانی بە نموونە هێنایەوە و گوتی لە ماوەی 8 مانگی ڕابردوودا بایی 930 ملیۆن و 647 هەزار و 800 دینار کارەبایان بەکارهێناوە، بەڵام پارەکەیان نەداوە.

دوای وەزارەتی شارەوانی، فەرمانگەکانی وەزارەتی ئەوقاف لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین قەرزارترین وەزارەتن کە بڕی قەرزەکەیان دەگاتە 469 ملیۆن و 255 هەزار دینار. ئەو قەرزەش بەهۆی کارەبای مزگەوتەکانەوە بووە.

یەعقوب عەلی دەڵێت زۆربەی هاووڵاتیان پابەندن بە دانی پارەی کارەبا لە کاتی خۆیدا، بۆیە قەرزێکی کەمیان لەلای هاووڵاتیانە، بەڵام کەڵەکەبوونی قەرزی فەرمانگەکانی گەڕاندەوە بۆ قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان کە بەهۆی بڕینی بەشە بودجە لەلایەن بەغداوە دروستبووە.



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

ناوبراو گوتیشی "ئەگەر لەبەر ئەو قەیرانە نەبووایە، کارەبای سەرجەم ئەو ماڵ و فەرمانگانەمان دەبڕی کە پارەی کارەبایان نەداوە".

بەپێی ئاماری فەرمانگەی کارەبای ڕاپەڕین، تەنیا فەرمانگەکانی حکومەت لەو سنوورەدا 2 ملیار و 43 ملیۆن دینار قەرزی کارەبایان لەلایە، هاووڵاتیانیش نزیکەی ملیارێک دینار قەرزاری کارەبان.

ڕابەر مستەفا ئەحمەد لێپرسراوی ژمێریاری لە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی ڕاپەڕین گوتی "لە سنووری دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان لە ئیدارەی ڕاپەڕین 534 مزگەوت هەیە، ئەو پارەیەی لەسەرمان کەڵەکە بووە هی سێ ساڵ و 8 مانگە". گوتیشی "ئێمە ساڵانە لەکاتی ئامادەکردنی پرۆژەی بودجە داوای 100 ملیۆن دینار دەکەین بۆ کارەبا، بەڵام تەنیا 5 تاوەکو 6 ملیۆنمان بۆ خەرج دەکەن، بەم بڕە پارە کەمەش ناتوانین قەرزەکانمان بدەینەوە".

ناوبراو پێیوایە مزگەوتەکان زێدەڕۆیی دەکەن لە بەکارهێنانی کارەبا و دەڵێت مزگەوتی وا هەیە 50 ملیۆن دیناری کارەبا قەرزدارە "ئەو کارەبایەی لەماڵی خوا بەکاردێت زێدەڕۆیی تێدا دەکرێت و موسڵمانان دەستی پێوەناگرن و گشت ئامێرە کارەباییەکان دادەگیرسێنن".

ئەو بەرپرسەی ئەوقافی ڕانیە پێیوایە بەشێک لە زێدەڕۆییەکە لە بەکارهێنانی کارەبا لە مزگەوتەکان، ئەوان لێی بەرپرسیارن "چونکە وەکو پێویست چاودێری مزگەوتەکان ناکەین".

بەناز مەولود، 34 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی ئازادی قەزای ڕانیە دەڵێت قەت ناهێڵێت قەرزی کارەبای لەسەر کەڵەکە ببێت و هەر کاتێک پسوولەی پارەی کارەبای بۆ بێت یەکسەر پارەکە دەدات.

گوتەبێژی کارەبای ڕاپەڕین ئاماژەی بەوەدا بەشێک لە هاووڵاتیان سەرپێچییان کردووە لە ڕاکێشان و بەکارهێنانی کارەباو گوتی "لە هەشت مانگی ڕابردوودا پشکنین بۆ هەزار ماڵ کراوەو دەرکەوتووە 200 ماڵ زێدەڕۆیی و سەرپێچییان کردووە وەک شکاندنی پێوەر و ڕاکێشانی کارەبا بەبێ مۆڵەت و تێکدانی تاوەرەکانی کارەبا و ڕاکێشانی کارەبای نایاسایی".

مامۆستایەکی ئاینی زێدەڕۆیی لە کارەبا جا چ لەلایەن مزگەوتەکانەوە یان هاووڵاتیان بێت بە "تاوان" دەزانێت. مەلا قادر حوسێن خدر، پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی عەبدوڵڵا خەسرۆ لە ڕانیە گوتی "لە ئیسلامدا نابێت زێدەڕۆیی و زیادە خەرجی بکرێت". گوتیشی "ئەوانەی هاتوچۆی مزگەوت دەکەن وەک مەلا و کارگوزار و پاسەوان و بانگدەرەکان و زێدەڕۆیی دەکەن لە بەکارهێنانی کارەبا، ئەوانە سزاکەیان لای خوای گەورە زیاترە لەوانەی کە زانیارییان لەبارەی ئایین کەمە".

# داعش بازاڕی پڕکردووە لە سیمکارتی علوج



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

سیروان عەباس
ڕووداو- هەولێر

بەرپرسێکی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت دوای هاتنی داعش بۆ موسڵ و دەوروبەری، سیمارتێکی زۆری بێ ناونیشان لە بازاڕەکان بڵاوبوونەتەوە. بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانیش لە هەولێر دەڵێت زۆربەی ئەو سکاڵایانەی لەلای ئەوان تۆمار دەکرێت بەهۆی ئەو سیمکارتە بێ خاوەنانەیە کە لە نێو خەڵک بە "علوج" ناسراون.

ئومێد محەممەد ساڵح، گوتەبێژی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن دەڵێت وەزارەتەکەیان بە دەست سیمکارتی علوجەوە گیری خواردووە "وەزارەتەکەمان لێکۆڵینەوەی زۆری کردووە و لەگەڵ کۆمپانیاکانی مۆبایل کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی ئەو سیمکارتەی کە لە بازاڕ دەفرۆشرێت و بە "علوج" ناسراوە نەیهێڵین، بەڵام تا ئێستا چارەسەر نەکراوە، چونکە گرفتی سەرەکیمان لەگەڵ کۆمپانیاکانی گەیاندن ئەوەیە کە ئەوان مۆڵەتیان لە حکومەتی عێراق وەرگرتووە و ڕاستەوخۆ سەر بە بەغدادن، بۆیە ئێمە ناتوانین ئیجرائاتی پێویستیان لەگەڵ بکەین".

ناوبراو پێیوایە ئەگەر لە کوردستانیش ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر هێشتا ناتوانن ئەو سیمکارتانە کۆنترۆڵ بکەن، چونکە بە قسەی ئەو "سیمکارت لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت". هەروەها دەڵێت "دوای ئەوەی ڕێکخراوی داعش ناوەڕاستی عێراقی کۆنترۆڵ کرد، سیمکارتێکی بێ شومار کەوتە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان".

ئێستا مۆبایل لە کوردستان بە یەکێک لە هۆکارەکانی کێشە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێ. بەپێی قسەی ڕائید ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە هەولێر، ساڵی ڕابردوو ژنان و پیاوان 800 سکاڵایان لە نووسینگەکەیان تۆمار کردووە، بەڵام لە هەشت مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 1200 سکاڵا تۆمار کراون. ڕائید ژیلەمۆ دەڵێت "بەشی زۆری سکاڵاکان و ئاریشە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی خراپ بەکارهێنانی مۆبایلەوەیە".

شوان کە دانیشتووی شاری هەولێرە، دەڵێت "ژمارە تەلەفۆنێک خێزانی منی هەراسان کردووە، ڕۆژانە دەیانجار زەنگ لێدەدات و دەڵێت: ماڵی فلان کەسە" شوان پێیوایە زۆرجار ئەم پەیوەندیانە دەبنە هۆی کارەساتی کۆمەڵایەتی "ئەگەر من متمانەم بە خێزانەکەم نەبووایە ڕەنگە کارەساتێکی ناخۆش ڕووی بدایە بەهۆی پەیوەندییەکانی ئەو کەسەوە".

وشیار کە دانیشتووی شاری کۆیەیە، دەڵێت "هیچ گلەیی لە حکومەت و خەڵک ناکەم، گلەیی من لەو کەسانەیە کە سیمکارت دەکڕن لە خودی کۆمپانیاکان و دەشڵێت "من وەکیلی کۆمپانیایەک دەناسم نزیکەی 400-500 کۆپی ڕەگەزنامە و ناسنامە و فۆرمی خۆراکی لایە و چەند ساڵێکە بەردەوام بەهۆی ئەوانەوە سیمکارت دەکڕێت لە کۆمپانیاکان".

محەممەد لە شارۆچکەکەی سۆران کە بریکاری کۆمپانیای کۆرەک و ئاسیا و زەینە، دەڵێت "حکومەت هیچ تاوانێکی نییە، باشە بۆچی کەسێک بتوانێت حەوت سیمکارت بەناوی خۆیەوە وەربگرێت؟ دەبێ کێ بێت بۆ کاری ڕۆژانە پێویستی بە حەوت سیمکارت هەبێت". محەممەد گوتیشی "ئێمە کە دەچینە کۆمپانیاکان بۆ کڕینی سیمکارت ئەوان پێماندەڵێن بەس بۆمان بفرۆشن هیچ شتێک نابێتە کێشە لەبەردەم سیمکارت وەرگرتنتان لەلایەن ئێمەوە".

گوتەبێژی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن پێیوایە بۆ گەیشتن بە چارەسەری سیمکارتی علوج دەبێت هەماهەنگی لەنێوان کۆمپانیاکان و وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا هەبێت و فشار بخرێتە سەر کۆمپانیاکان کە بەبێ ناو تۆمارکردن هیچ سیمکارتێک دابەش نەکرێت و تەنیا یەک سیمکارتیش بدرێتە هاووڵاتیان.

# بە قسەی کێ پارتی گەلی تورکمانی دووەم حیزبی تورکمانیە؟

## وەڵامێک بۆ عیرفان کەرکووکی

عیرفان کەرکووکی سەرۆکی پارتی گەلی تورکمانی لەشاری کەرکووک کە زیاتر لە 15 ساڵە کۆمەک و هاوکاری لەیەکێتی وەردەگرێ، ئێستا بۆی دەرکەوت کە نمەکەکەی یەکێتی سوێرە، بۆیە کەوتووەتە بوختان و توانج و پلار تێگرتن لە یەکێتی و سەرکردەکانی.

لە ژمارە 328ی هەفتەنامەی (ڕووداو) کە ڕۆژی 2014/9/29 بڵاوکراوەتەوە، چاوپێکەوتنێک لەگەڵ عیرفان کەرکووکی سازدراوە کە بەداخەوە وا دەزانن هەنگیان لەدار دۆزیوەتەوە، بەڵام تاقە وشەیەکی عیرفان کەرکووکی کردوویەتی لەو چاوپێکەوتنە ڕاست نییە. بۆ نموونە:

– عیرفان کەرکووکی دەڵێت حیزبەکەی لە ساڵی 1987 دامەزراوە، بەڵام هەموومان دەزانین ئەو حیزبە لە نەوەتەکاندا تەنیا بارەگایەکی هەبوو لە سلێمانی و هیچی دی.

– ئەو حیزبە گوایە 27 ساڵە دامەزراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا 27 هەزار ئەندامی نییە، بگرە 1000 ئەندامیشیان نییە، کەچی وا ئیدیعا دەکات کە دووەم حیزبی تورکمانییە. با هەفتەنامەی ڕووداو ڕاپرسییەک بکات لەنێو تورکمانەکانی کەرکووک ئەگەر 1%ی تورکمانی کەرکووک بە عیرفان کەرکووکی ڕازی بوون هەقیەتی خۆی وا دەربخات.

– سەبارەت بەهەڵکوتانە سەر بارەگاکەی: جارێ ئەو باڵەخانەیەی حیزبی گەلی تورکمانی تێدایە، بەشایەتی هەموو بەرپرسانی کەرکووک ئەو بینایە هی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە.

– عیرفان کەرکووکی (حەمەی) کوڕی کردووەتە عەنتەری شارەکە، تا ئێستا بە کوشتنی چەندین کەس تاوانبارە، لەجیاتی ئەوەی خۆی کوڕەکەی ڕادەستی عەدالەت بکات، کەچی پشتیوانی لێدەکات بۆ تاوان.

– سەبارەت بەهاوکارییەکەی لە یەکێتییەوە هەر ئەوەندە دەڵێین نمەکی یەکێتی گەڕوگولی بکات.

– ئەگەر ئەو حیزبە حیزبێکی ڕاستەقینەیە، کوا مەکتەبی سیاسی، کوا مەکتەبی عەسکەری، تەنیا و تەنیا عیرفان کەرکووکییە و تورکمانەکانی شاری کەرکووک لەو بێزارن، داواکاری حیزبە ڕەسەنەکانی تورکمان لەشاری کەرکووک لە سەرکردایەتی کورد ئەوە بووە کە چیدی بایەخ بەو پیاوە نەدرێ، چونکە ئەو پیاوە بەنوێنەری خۆیان نازانن.

– عیرفان کەرکووکی دەڵێت گوایە میلی چەک لە کچ و ژنی هێنرابێتەوە، جارێ عیرفان نە کچی نە ژنی لە کەرکووک دانانیشن و لەسلێمانی نیشتەجێن.

– سەبارەت بە ئابڵۆقەی سەر بارەگاکەی با لیژنەیەک بێت لە پارێزگای کەرکووکەوە بزانن کێ ئابڵۆقەی لەسەر بارەگاکەی داناوە، بەڵام بارەگاکەی بووەتە مۆڵگەی پیاوکوشتن.

– دواتر باسی بێدەنگیی پارتی دەکات، لەگەڵ ڕێزمان بۆ برادەرانی پارتی، عیرفان دەیەوێت فیتنە و ئاژاوە لە نێوان پارتی و یەکێتی دروست بکات، پارتیش قبوڵ ناکات کوڕی عیرفان ببێتە هۆکاری هەڕەشە بۆ سەر کەرکووکییەکان.

– سەبارەت بەوەی ئێستا عیرفان لەپارتیەوە نزیکە یاخوا لەوە نزیکتربێت بزانین لەماوەی ئەو 15 ساڵە چ سوودێکی بۆ یەکێتی هەبوو، تا ئێستا سوودی بۆ پارتی هەبێت، دڵنیاشم پارتی لەکەرکووک نایانەوێ کەسانێک لە پارتیەوە نزیک بن کە تاوانبار بن بەهەڕەشە و کوشتن و سووکایەتی بەکەرکووکییەکان.

– سەبارەت بەهەڤاڵ ئاسۆ مامەندیش کە دەڵێت گوایە هێزی ناردووەتە سەری، عیرفان کە ئیدیعا دەکات دووەم حیزبی تورکمانیە با ڕاپرسی بکات و بزانێت تورکمانەکانی کەرکووک، ڕووناکبیرانی تورکمان، حیزبە تورکمانیەکانی کەرکووک، تا چ ڕادەیەک هەڤاڵ ئاسۆ مامەندیان خۆشدەوێ، چونکە بەبێ جیاوازی نەتەوایەتی و مەزهەبی کاردەکات.

– لەهەمووی سەیرتر عیرفان کەرکووکی دەڵێت گوایە حیزبەکەی دوو کورسی هەیە لە پەرلەمانی عێراق. بەڵام هەموومان دەزانین هەموو گەلی تورکمان تەنیا دوو نوێنەریان هەیە لە پەرلەمانی عێراق کە ئەوانیش بەڕێزان ئەرشەد ساڵحی و حەسەن تۆران و بەهیچ جۆرێک خۆیان بە نوێنەری حیزبەکەی عیرفان نازانن.

– لەمانگی حوزەیرانیشەوە کە چەتەکانی داعش پەلاماری گوندی بەشیریان دا، کە تورکمانی شیعە مەزهەبن، ئەگەر هەڤاڵ ئاسۆ مامەند نەبووایە هەمان ڕۆژ شارۆچکەی تازەش دەگیرا کە هەموو خەڵکی تازە شایەدی ئەوە دەدەن. ئەگەر حیزبەکەی عیرفان دووەم حیزبی تورکمانییە بۆ تەنیا دە چەکداری تورکمان کۆناکاتەوە سەنگەرێکی بچووک بگرن لە بەشیر بەرامبەر چەتەکانی داعش.

– ئەگەر عیرفان وا ئیدیعا دەکات خەمخۆری تورکمانە، بۆ تەنیا ڕۆژێک سەرێک لە یایچی و ترکەلان و چەرداغلو و بەشیر نادات کە ڕۆژانە هەڤاڵ ئاسۆ مامەند لەوێیە.

لەکۆتاییشدا دەڵێین عیرفان کەرکووکی وا چاکە لەخۆی نەگۆڕێ کە باسی هەڤاڵ ئاسۆ مامەند و یەکێتی دەکات، بزانێت باسی کێ دەکات.

**ڕاگەیاندنی مەڵبەندی دووی ڕێکخستنی یەکێتی لە کەرکووک**



ڕووداو
هەمەجۆر
ژمارە (329) دووشەممە 2014/10/13

## لوقمان و ئاڤان نەفرەت لە جەنگ دەکەن




**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

هەردوو هونەرمەندان ئاڤان عوسمان و لوقمان سەلیم کارەکانی سروودی "نەفرەت لە جەنگ"یان تەواو کردووە و بەم نزیکانە بڵاوی دەکەنەوە. لوقمان سەلیم بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەمە بەرهەمێکی دوێتە کە لەلایەن کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان لە شاری سلێمانی بەرهەمهاتووە". ئەو دوێتە بەرهەمی کەناڵی کوردساتە و ئێستا کاری مۆنتاژی بۆ دەکرێت و لە داهاتوویەکی نزیکدا بڵاودەبێتەوە.

## هانی داوای تێکست دەکات



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

هانی، کچە هونەرمەندی کورد لە ئەڵمانیا کۆنسێرتێک بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ ئاوارەکانی شنگال و کۆبانێ بە هاوکاری گرووپی "کۆما بەرخودان" سازدەکات.

هەروەها باسی نوێترین کاری خۆی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "کارێکمان ئەنجامداوە لەگەڵ هونەرمەندی موزیکژەن دڵشاد سەعید کە هونەرمەندانی هەر چوار پارچەی کوردستان بەشداری تێدا دەکەن و بە بڕوای من دەبێتە بەرهەمێک کە هەمووومان شانازی پێوە بکەین".

هانی سوپاسی ئەو کەسانە دەکات کە هاوکاری دەکەن و داوا دەکات تێکستی نیشتیمانیی بۆ بنێرن بۆئەوەی بیکاتە سروود.

## لانە ئوسترالیەکان سەرسام دەکات



**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

لانە تارق دوای ئەوەی بەشداری پێشبڕکێی شاجوانی گالاکسی ئوسترالیای کرد، ئێستا بووەتە نمایشکاری جلوبەرگ و سەرنجی میدیاکانی ئەو وڵاتەی بۆخۆی ڕاکێشاوە.

لانە کە تەمەنی 18 ساڵە، ساڵی ڕابردوو بەشداری پێشبڕکێی شاجوانی گەلاکسی کرد، هەرچەندە نەیتوانی تاجی شاجوان لەسەر بنێت، بەڵام بووە مایەی سەرسامیی بەشێک لە خەڵکی ئوسترالیا و میدیاکاران.

لانە قوتابی بەشی یاسایە لە زانکۆیەکی ئوسترالیا و هاوکات یارمەتی ڕێکخراوێکی تایبەت بە پاراستنی مافی منداڵان دەدات.

لانە هەر تەنیا سەرنجی میدیاکانی ئوسترالیای ڕانەکێشاوە، بەڵکو میدیا عەرەبیەکانیش بە گرنگییەوە باس لە جوانی و لێهاتوویی ئەو دەکەن. ماڵپەڕی mbc لەبارەی لانە نووسیبووی "لانە تارق نموونەی کچێکی جوانی کوردە، ئەو گەلەی ئێستا لەژێر هەڕەشەی داعشدایە".

## دەرگا و پەنجەرەیان بۆ حەمکۆ شکاند



**ڕووداو- هەولێر**

دوای ئەوەی ئەکتەری بواری کۆمیدیا حەمکۆ لە دووەم ڕۆژی جەژن پرۆگرامی حەمکۆ شۆی بردە هۆڵەکان، ئەو دەڵێ خەڵک بریندار بووە و جام و دەرگای هۆڵەکەیان شکاندووە.

حەمکۆ بە (ڕووداو)ی گوت "لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر لە شاری هەولێر توانیم حەمکۆ شۆ لە هۆڵێک پێشکەش بکەم، بەڵام بەهۆی ئامادەبوونی خەڵکێکی زۆر جام و دەرگای هۆڵەکە شکان و 4 کەسیش بەهۆی پاڵەپەستۆوە بریندار بوون".

حەمکۆ دەڵێت "بژێوی ژیانی من لەسەر داهاتی ئەو کارەمە، هێشتاش لەسەر زەرەر دەڕۆم، چونکە ئەو کارە لەسەر ئەرکی خۆم دەکەم".

## سۆنام کاپۆر:
## چیدی باسی لەشمان مەکەن




**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەستێرەی بۆلیوود سۆنام کاپور داوا دەکات دەزگاکانی ڕاگەیاندن تەنیا لە لەشولاری ئافرەتان نەڕوانن، بەڵکو زیرەکی و لێهاتوویی ژن بکەنە پێوەر.

لەمیانەی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا، ئەکتەر و نمایشکاری جلوبەرگ سۆنام کاپور ڕایگەیاند "دەزگا ڕاگەیاندنەکان بەشێوەیەک وێنای ژن دەکەن کە تەنیا بریتییە لە جەستە نەوەک عەقڵ و هۆش و زیرەکی".

سۆنام دەشڵێت "ئەم کارانەی میدیاکاران کاریگەری خراپی لەسەر کۆمەڵگا بەگشتی داناوە، پێویستە دەزگا ڕاگەیاندنەکان وابکەن وێنەیەکی جوانی ژن نیشانی کۆمەڵگا بدەن، تاوەکو کۆمەڵگاش بە چاوێکی دیکە سەیری ئافرەتان و لێهاتووییان بکات".

## هەنارەکەی عەزیز وەیسی دواکەوت



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند عەزیز وەیسی کۆتایی بە دوایین ئەلبوومی هێناوە کە بەناوی هەنارە، بەڵام لەبەر ڕەوشی شنگال و کۆبانێ هێشتا بڵاونەکراوەتەوە.

عەزیز وەیسی دەربارەی ئەو ئەلبوومە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای ئەوەی دەرکەوت ڕەوشی باشووری کوردستان و ڕۆژئاوا ڕوو لە خراپبوونە، ئەلبوومە تازەکەم دواخست، چونکە ئێستا پێویستیمان بە خزمەتکردنە بە وڵات و ئاوارەکانی شنگال و کۆبانێ نەک شایی و هەڵپەڕکێ، بۆیە تەنیا خەریکم کۆمەک بۆ ئەو ئاوارانە کۆدەکەمەوە".

عەزیز وەیسی دەشڵێ کە ئەلبوومەکەی پێکهاتووە لە 14 تراک و زیاتر لە 15 هەزار دۆلاری تێچووە.

## "ئەحلام داعشی هونەره"



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

دوای ئەوەی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا هونەرمەندی ئیماراتی ئەحلام هێرشی کردە سەر ڕۆژنامەنووسان، میدیاکانی سعودیە ئەحلامیان بە "داعشی هونەر" وەسفکرد.

گۆڤاری (نواعم) بڵاویکردووەتەوە کە زۆربەی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب بایکۆتی ئەحلامیان کردووە دوای ئەوەی گوتی ڕۆژنامەنووسەکان نازانن پرسیار بکەن و پرسیارەکانیان زۆر سەخیفە و پێم شەرمە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە.

ئەم قسانەی ئەحلام بوونە هۆی ئەوەی بەشێک لە میدیاکانی لوبنان و سعودیە بایکۆتی کارەکانی ئەحلام بکەن کە هەمیشە بە قسەکانی بەشێک لە خەڵکی تووڕە دەکات. وەک ڕۆژنامەنووسان دەڵێن، زۆرجار ئەحلام لە قسەکردنیدا بەرامبەرەکانی بریندار دەکات.

## بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
کۆمەڵایەتی دەبن و گرنگی بەو دیدارانە دەدەن. پێویستە دانوستاندنێک بکەن بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی لەنێوان ئێوە و هاوبەشەکانتان هەیە. کورتە سەفەرێک دەکەن و خۆتان بۆ کارە گرنگەکانی داهاتوو ئامادە دەکەن.

**گا**
نیگەران مەبە لەوەی کەسە ئازیزەکانت سەردانت ناکەن یان بێدەنگن، تۆ دەتوانی هەواڵیان بپرسی. لە ڕەشبینی و بێزاری ڕزگارتان دەبێت و دەتوانن بەشێوەیەکی هێمن و دەروونێکی ئارامەوە کار بکەن و بڕیاری نوێ بدەن بۆ داهاتووتان.

**جمک**
کارەکانتان بەئەنجام دەگات، بەڵام پاش دووبارەکردنەوەی چەند هەوڵێک. هەندێک لە دەسکەوتە داراییەکانتان لە کاتی خۆیاندا خەرج دەبنەوە. خۆتان ئامادە بکەن بۆ دەستکەوتنی پارەیەک لە ڕۆژانی چوارشەممە و پێنجشەممە.

**قرژاڵ**
هەست بەخۆشحاڵی و چالاکییەکی زۆری باری دەروونی دەکەن و خۆتان بۆ چەند کارێکی نوێ ئامادە دەکەن. دەرامەتتان دەچێتە ئاستێکی زۆر بەرز و بە هەندێک لە هیوا و ئاواتەکانتان دەگەن، بەڵام ناتوانن هەست بەدڵنیابوون بکەن.

**شێر**
وا باشە هێمن بڕۆن لەگەڵ کارە کۆن و تازەکاندا. تا کۆتایی ئەمساڵ خۆتان لەهەر توندوتیژییەک بپارێزن کە لەلایەن بەرامبەرەکانتانەوە ڕووبەڕووتان دەبێتەوە. پێویستتان بەپشوویەک هەیە، وەک ماندوو خۆتان دەبیننەوە. وا باشە پەلە نەکەن لەکارەکان.

**گوڵەگەنم**
جوڵە و وەرزش باشترین چارەسەرە بۆ نەمانی بێزارییەکانتان، پەیوەندیی دوورتان پێوە دەکرێت. یان هەندێکتان سەفەرێک دەکەن. لەم مانگەدا پلەو پایەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتیتان دەبێت. شوێنە قەرەباڵخەکان سەرنجت ڕادەکێشن.

**تەرازوو**
ئەوانەی تا ئێستا ناحەزتان بوون، بۆچوونیان دەگۆڕێت و ئێوەش لاپەڕەیەکی نوێیان لەگەڵ بکەنەوە. ئەم هەفتەیە هەست بەچالاکییەکی زیاتر دەکەن و لە شوێنێکی کۆمەڵایەتیدا خۆتان دەبیننەوە. کاتێکی باشە بۆ داڕشتنی پلانەکانی داهاتوو.

**دووپشک**
کەمێک هەست بە ڕەشبینییەکی کاتی دەکەیت، یان بیرکردنەوەکانت ئاڵۆز دەبن، خەم بۆ ئەو شتانە مەخۆ کە لە ڕابردوو لەدەستت چوون. بۆ دەستکردن بە هەرکارێکی نوێ هەموو هەوڵەکانت بەکاربهێنە .دەتوانن هەنگاوێک لەکارەکانتان بچنە پێش.

**کەوان**
ماوەیەکی باشتان هەیە، دەتوانن هەوڵ بۆ ئەو کارانە بدەن کە لەماوەی پێشوودا چەند جارێک هەوڵتان بۆ داون و نەتانتوانیوە ئەنجامێک بەدەست بهێنن، ئێستا ئەو فرسەتانەتان بۆ دەگەڕێتەوە. هەست بەخۆشحاڵییەکی زیاتر دەکەن و بەخت یاوەرتان دەبێت.

**کارژۆڵە**
بەهۆی زۆریی کارەکانی ڕابردوو چالاکییە جەستەییەکانتان کەمی کردووە، هەست دەکەن خێراتر لەجاران ماندوو دەبن، گومانەکانتان کەم بکەنەوە و ئاگاداربن کۆنترۆڵی خۆتان لەدەست نەچێت، هەواڵێکی خۆش دەبیستن یان بەشداری بۆنەیەک دەکەن.

**سەتڵ**
پێویستە کۆنترۆڵی هەڵچوونەکانتان بکەن و دەست لە هیچ کارێک نەکێشنەوە بەهۆی بڕیاری کتوپڕ کە پێشتر بەتەواوی بیرتان لێ نەکردبێتەوە. گرنگییەکی زیاتر بە تەندروستیتان بدەن. ئەو گۆڕانکاریانەی دێنە پێشەوە کەشی لەبار دەڕەخسێنن بۆ باری کارکردن و دارایی.

**نەهەنگ**
لەم ماوەیەدا هەرچیەکتان دەست دەکەوێت، پێویستییەکیش چاوەڕوانتان دەکات بۆ ئەوەی خەرجی بکەنەوە. چوارشەممە تا هەینی هەست بەخۆشحاڵییەکی زۆر دەکەن، چونکە زۆرترین چالاکییەکانی ئەم هەفتەیەی تێدا ڕوودەدات. کۆبوونەوە و دیدارەکان ئاسوودەیی تەواوتان پێدەبەخشن.

# کۆبانی دەبێتە سەنگی مەحەک بۆ سەرکەوتنی ئۆباما



بەرپرسێکی ئەمریکی:

## لەبەر فشاری تورکیا نەبێت، یەپەگە دەتوانێت ببێتە هاوبەشێکی سەرەکیمان لە سووریا

ئاسۆ محەممەد
ڕووداو- هەولێر

بەهۆی هێرشی داعش بۆ سەر شارۆچکەی کۆبانێی ڕۆژئاوای کوردستان، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و میدیاکانی بە گرنگییەوە لەو شارە دەڕوانن. تەنانەت ستیفان دیمستۆرا، نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سووریا، کۆبانێی بە "کارەساتی سرێبرینیکا"ی بۆسنی چوواند کاتێک گوتی "ئێوە سرێبرینیکاتان لەبیرە؟ هەرگیز لە بیرمان ناچێتەوە. ڕەنگە لە ئاستی سرێبرینیکا هەرگیز لە خۆمان خۆشنەبین. کاتێک کە هەڕەشەیەکی ئاوا لەسەر خەڵکی سڤیل هەیە، ناتوانین بێدەنگ بین، هیودارم کەس نەبینین سەردەبڕدرێت".

ساڵی 1995 لە شاری سرێبرینیکا لە ماوەیەکی کورتدا 8000 موسڵمان بەدەستی سربییەکان کوژران، بۆیە ڕۆژئاواییەکان دەزانن ئەو کارەساتە چ واتایەکی قووڵی لە یادەوەریی مرۆڤایەتیدا هەیە.

بەلای زۆر لە ڕۆژئاواییەکان و میدیاکانی جیهانەوە تاوەکو مانگێک پێش ئێستا ناوی کۆبانێ هەر بابەتی میدیاکان نەبوو بەڵکو نەبیستراویش بوو. بۆیە کاتێک باراک ئۆباما سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە مانگی ڕابردوودا ستراتیژیەتی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش ڕاگەیاند، کۆبانێ وەکو ئامانجێکی ستراتیژی دانەنا، جۆن کیری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هەفتەی ڕابردوو ئەو ڕاستییەی درکاند کاتێک گوتی "لەڕاستیدا ئەوەی ئێستا لە کۆبانێ ڕوودەدات سامناکە، بەڵام لەبیرتان بێت هەنگاوێک بچنە دواوە، بۆئەوەی تێبگەن کە ئامانجی ستراتیژی ئێمە چی بوو، لە کوێوە دەستمانپێکرد".

چاودێرانی سیاسی و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە پێیانوایە بەهۆی ئەو بەرگرییەی یەکینەکانی پاراستنی گەل لە کۆبانی بەرامبەر بە داعش دەیکەن، کۆبانێ واتا و ئاماژەیەکی ستراتیژیی سەربازی بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانان دەگەیەنێت. بۆیە ئێستا کۆبانێ ئامانجێکی ستراتیژیی ئەمریکایە. چونکە کەوتنی کۆبانێ سەرەتایەکە بۆ شکستی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا.

لە پەیمانگای شاهانەی بەریتانیا شاشناک چوشی پێیوایە کۆبانێ تەنیا پێوەرێک نییە بۆ ستراتیژیەتی ئەمریکا لە شەڕی دژ بە داعش. چوشی دەڵێت "دروست نییە تەنیا بە کەوتنی شارێک حوکم لەسەر هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بدەین، بەڵام کەوتنی کۆبانێ متمانە بە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی زۆر لاواز دەکات.

خەڵکیش لە سووریا و عێراق نیگەران دەبن لەوەی کە ئیدی ئەمریکا ناتوانێت وەکو پێویست بیانپارێزێت".

لەبەرامبەردا دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش، بە کۆنترۆڵکردنی کۆبانی متمانەی بە توانا سەربازییەکانی بەهێزتر دەبێت و چاودەبڕێتە پەلاماردانی ناوچەکانی دیکەی سووریا و عێراق. بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانێت هێزی زیاتر جوڵە پێبکات و ئادیوی سنوورەکان بن. واتا داعش دەتوانێت لە سنوورەکانی سووریاوە بۆ سەر سنوورەکانی سعودیە لە ڕومادی جوڵە بە هێزی سەربازی بکات.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە داعش دەتوانێت کۆبانێ بکاتە پڕوپاگەندەیەکی سیاسی و ئایدۆلۆژی و سەربازیی بەهێز بۆخۆی و ئەو پەیامە بە هەموو جیهان بگەیەنێت کە وێڕای هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان، وێڕای مووشەکی تۆماهۆک، بەڵام ئەوەتا ئێمە سەرکەوتنمان لە کۆبانێ بەدەستهێنا.

جیف وایت لە پەیمانگای واشنتن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، پێیوایە کۆنترۆڵکردنی کۆبانی کاریگەرییەکی سایکۆلۆژی گەورەی دەبێت "وەرەی چەکدارانی داعش بەرزتر دەبێت، لەبەرامبەریشدا نەیارانی داعش بێئومێد دەبن. داعش دەتوانێت بڵێت هێرشە ئاسمانییەکان کاریگەرییان لەسەر ئێمە نییە".

لە واشنتن فەرماندە سەربازییەکانی ئەمریکا پێیانوایە کە بەستنەوەی کۆبانی بە هێرشە ئاسمانییەکانەوە تێنەگەیشتنە لە ستراتیژیەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی.

سەرچاوەیەکی سەربازیی ئەمریکا کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، دەڵێت بەرگریی سەختی یەپەگە وایکرد کە داعش هەموو توانا سەربازییەکانی خۆی بەگەڕبخات. لەڕووی سەربازییەوە داعش باجێکی زۆری داوە. ئەگەر لەبەر فشارەکانی تورکیا نەبێت، یەپەگە دەتوانێت ببێتە هاوبەشێکی سەرەکیی ئەمریکا لە سووریا، لەبری ئەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی چاوەڕوان بن تاوەکو مەشق بە ئۆپۆزیسیۆنی سووری بکەن، دەتوانن لەو ماوەیەدا سوود لە تواناکانی یەپەگە وەربگرن کە هێزێکن پەروەردەی سەربازییان بینیوە.

دۆبنیز لە دامەزراوەی ڕاند کۆرپۆرەیشن ئاماژە بە خشتەی زەمەنی ستراتیژیەتی ئۆباما و شەڕی کۆبانێ دەکات و پێیوایە کۆنترۆڵکردنی کۆبانێ لەلایەن داعشەوە کاریگەری لەسەر ئەو خشتە زەمەنییەش دەبێت کە ئۆباما بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکەی دایناوە.



# ئیسپانیا لە بەشداریی شەڕی دژە داعش دوودڵە

ئەلێکساندرا دی ستێفانۆ
ڕووداو- مەدرید

هەرچەندە ژمارەی ئەو وڵاتانەی بەشداری لە هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکەی دژ بە داعش دەکەن ڕوو لە هەڵکشانە، بەڵام هێشتا ئیسپانیا دوودڵە.

کاتێک لە ساڵی 2003 ئەمریکا بەدوای دۆزینەوەی هاوپەیماندا دەگەڕا بۆ ئەوەی پشتگیری شەڕە پڕ لە مشتومڕەکەی سەر عێراق بکات، ئیسپانیا هەر زوو ئامادەیی خۆی بۆ بەشداربوون لەو هاوپەیمانیە نیشاندا. بەڵام ئەو وڵاتە ئێستا زۆر وریایانە دەڕوانێتە ڕۆڵی خۆی لەو هاوپەیمانییە 40 وڵاتیەی کە بۆ لێدان و تێکشکاندنی داعش هاتووەتە ئاراوە.

بە وتەی شرۆڤەکاران، دوودڵی مەدرید لەوەوە دێت کە ئیسپانییەکان نایانەوێت وڵاتەکەیان ڕۆڵ لە شەڕ و ململانێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگێڕێت. ئەمەش دوای ئەوە دێت کە بە هۆی بەشداریی ئیسپانیا لە هاوپەیمانیی شەڕی عێراقدا، ئەو وڵاتە لە مانگی ئاداری ساڵی 2004دا، دووچاری زنجیرەیەک هێرشی تیرۆریستی بووەوە.

مانوێل مارتۆرێل، شرۆڤەکاری سیاسی ئیسپانی بە (ڕووداو)ی گوت "هیچ کەس لە ئیسپانیا نایەوێت گوێی لە قسەوباسی عێراق بێت". ئەو دەڵێت "شەڕی عێراق و ئەو ئەنجامانەی کە لەسەر دۆخی سیاسی ئیسپانیا هەیبوو، وای کرد حکومەتەکەی خۆزێ ماریا ئەزنار شکست بێنێ، ئەمەش بارێکی قورسە کە زۆر دەزگای ئیسپانی ناتوانن لەبیری بکەن".

زۆر کەس لە ئیسپانیا پێیانوایە خۆزێ ئەزنار لەلایەن ئەمریکاوە ڕاکێشرایە نێو هاوپەیمانییەک پاش شکستهێنانی واشنتن لە هێنانی هەندێک وڵاتی دیکەی ئەورووپی بۆ نێو هەمان هاوپەیمانی بۆ ئەوەی پشتگیری لە شەڕی دژ بە عێراق و لەسەرکارلابردنی سەددام حوسێنی سەرۆکی ئەو وڵاتە بکات. شەڕێک کە سەدامی ڕووخاند و دەرگای بۆ زۆر هێزی دیکە کردەوە تا ئەو وڵاتە پارچەپارچە بکەن.

لە ئاداری 2004 و تەنیا سێ ڕۆژ پێش هەڵبژاردنی گشتی ئیسپانیا کە تێیدا ئەزنار وەکو کاندیدی سەرەکی دەردەکەوت، هێرشێکی تیرۆریستی لە وێستگەیەکی شەمەندەفەری ئەو وڵاتە 191 کەسی کوشت و 1800یشی بریندار کرد. ئەو هێرشە وەکو ئەنجامی بڕیاری پارتەکەی ئەزنار لەبارەی بەشداریکردن لە هاوپەیمانی دژە سەدام هاتە بینین، هەر بۆیە دەنگەکانی پارتەکەی ئەزنار بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دابەزی و دواجار ئەزنار هەڵبژاردنەکەی دۆڕاند.

ئێستا حوکمڕانی ئەو وڵاتە جارێکی دیکە کەوتووەتەوە دەست هەمان پارت، بەڵام ئەمجارە پارتەکە بە وریایی مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا دەکات.

"بۆچوونی دژە ئەمریکا لە ئیسپانیا ئێستا زۆر بەرزە" مارتۆرێل دەڵێت هەر جارێک ئەمریکا دەست بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببات، ئیسپانیەکان بە گومانەوە سەیری نیازی ئەمریکا دەکەن "خەڵک وای لێکدەدەنەوە کە چوونی ئەمریکا بۆ نەوتە" ئەو شرۆڤەکارە ئیسپانیە وا دەڵێت.

ئەو دەپرسێت "ئەگینا چۆن دەکرێت هیچ خۆپیشاندانێک لەم وڵاتە دژی فڕاندن و فرۆشتن و دەستدرێژی و بە کۆیلەکردنی ژنانی ئێزدی نەکرێت؟ چۆن دەکرێت خۆپیشاندان دژی یەکێک لە قێزەونترین هێرشەکان دژ بە کەرامەتی ئافرەت لە مێژووی هاوچەرخدا، ئەنجام نەدرێت؟".

پێنج وڵاتی عەرەبی بەشێکن لەو هاوپەیمانیەی کە مانگی ڕابردوو مۆڵگەکانی داعشی لە سووریا بۆردومان کرد. هەر لە هەمانکاتدا تورکیا ڕایگەیاند کە هەڵوێستەکەی لە بێدەنگییەوە دەگۆڕێت بۆ هاوکاریکردنی هاوپەیمانیەکە.

بەڵام حکومەتی مەدرید ڕایگەیاند کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداریی سەربازی لە عێراق و سووریا ناکات. حکومەتەکەی مەدرید دەڵێت کە بەشداری ئیسپانیا سنووردار دەبێت و لە چوارچێوەی دابینکردنی گواستنەوە، بنکە و بارەگا، ئامێر و دابینکردنی چەک بۆ حکومەتی عێراقدا دەمێنێتەوە.

پێشتر حکومەتی ئیسپانیا ڕایگەیاندبوو کە یەکەیەکی ڕۆکێتی زەوی ئاسمان و 130 سەرباز دەنێرێتە تورکیا وەکو بەشێک لە ئۆپەراسیۆنەکانی ناتۆ "بۆ پاراستنی هاووڵاتیانی مەدەنی لەسەر سنووری باشووری تورکیا لەگەڵ سووریا و عێراق، لە هەڕەشەی هێرشی مووشەکی و بالیستی".

"ترسی هەڕەشەی جیهادییەکان لەسەر سنوورەکانمان تەنیا شتە کە حکومەت گرنگیی پێدەدات". مارتۆرێل حکومەت بەوە تۆمەتبار دەکات کە لە هەڕەشەی جیهادییەکان تێناگات، لەکاتێکدا هەڕەشەیەکی جیهانییە و ئێستا لە توانایدایە خۆی بگەیەنێتە ناوخۆی وڵاتان".

ئیسپانیا یەکێکە لەو وڵاتە ئەورووپیانەی هۆشداری لە مەترسی و ژمارەی ئەو هاووڵاتیانە داوە کە بە نهێنی دەچنە جیهاد لە عێراق و شام. ئەو وڵاتە بیر لە دروستکردنی گۆڕانکاری لە یاساکانیدا دەکاتەوە بۆ ئەوەی کە بەشداریکردن لە شەڕی چەکداریدا وەکو تاوان ئەژمار بکرێت.

وەزارەتی ناوخۆی ئیسپانیا ناوی زیاتر لە 50 کەسی لایە کە هاووڵاتی ئیسپانیان و گەشتی سووریایان کردووە بۆ ئەوەی شەڕ بۆ داعش بکەن. حکومەتی ئەو وڵاتە لە گەڕانەوەی ئەو هاووڵاتیانەی بە زانیارییەوە لەسەر چۆنێتی دروستکردنی بۆمب و بەکارهێنانی چەک، دەترسێت.

وەزیری دەرەوەی ئیسپانیا خۆزێ مانوێل گارسیا-مارگالۆ بەم دواییە گوتی کە جیهادییەکان "هەڕەشە لە ئارامی هەموو وڵاتان دەکەن، ئەمەش بە لای ئیسپانیاوە گرنگی پێدەدرێت". بەڵام بەهۆی زۆربوونی فشاری نێودەوڵەتییەوە، ڕەنگە ئیسپانیا ناچاربێت ڕۆڵێکی چالاکتر بگێڕێت.

شرۆڤەکاری سیاسی ئیسپانی-کوردی، یاسەمین شەوقی پێیوایە چەندین هۆکار بۆ دوودڵیی ئیسپانیا لە گێڕانی ڕۆڵێکی سەرەکیتر لە دژی داعش هەیە.

"یەکەم، ئەو دۆخە ئابوورییە خراپەی ئیسپانیا. دووەم، بۆچوونی گشتی کە دژی دەستتێوەردانی سەربازییە لەدەرەوەی وڵات دوای ئەو بەشدارییەی ئیسپانیا لەشەڕی عێراق لە 2003. سێیەم، هێرشە تیرۆریستییەکەی ساڵی 2004 و زانینی ئەو ڕاستیەی کە ئێمە موعەرەزین بۆ هێرشی تیرۆریستی. دوایین هۆکاریش سنووره شاشەکانی ئیسپانیا و نزیکی لە باکووری ئەفریقاوە".

یاسەمین گوتی "لە سەرەتای مانگی ڕابردوودا هێزە ئەمنییەکانی ئیسپانیا 45 گومانلێکراوی جیهادییان دەستگیرکرد". گوتیشی "نزیکیی پەیوەندییەکان لەگەڵ مەغریب و وڵاتانی دیکەی ئەو ناوچەیە وا دەکات کە سنوورەکانی ئێمە بە ئاسانی ببەزێنرێن و توندڕەوە ئیسلامییەکان بتوانن خۆیان بگەیننە ئێرە". ئەو ئاماژە بەوەش دەکات کە ژمارەیەک هاونیشتیمانی ئیسپانی بە ڕەگەز عەرەب پەیوەندییان بە جیهادییەکانەوە کردووە.

مانگی ئابی ڕابردوو کچێکی 14 ساڵی موسڵمانی خەڵکی ناوچەی مێلیلا لە ئیسپانیا لەگەڵ هاوڕێیەکی کچی تەمەن 19 ساڵانی لەسەر سنوور دەستگیرکران. ئەو دوو کچە ویستبوویان خۆیان بگەیەننە مەغریب و لەوێشەوە بچنە سووریا و عێراق بۆ ئەوەی پەیوەندی بە جیهادییەکانەوە بکەن.

بە پێچەوانەی ڕۆڵە پڕ لە دوودڵیەکەی ئیسپانیا، فەڕەنسای دراوسێ ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێت و لە هێرشە ئاسمانییەکانی عێراقدا بەشداری دەکات. بەریتانیاش فڕۆکەی چاودێری بۆ سەر ئاسمانی عێراق ناردووە. ئەڵمانیا کە چەک بۆ ناوچەی ململانێ نانێرێت، مانگی ڕابردوو جیاوازییەکی لەو هەڵوێستەی نواند و چەکی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لە شەڕی دژە داعشدا نارد.

بەڵام بەشداری وڵاتانی ئەورووپی بەبێ باج نەبووە. لە ماوەی ڕابردوودا داعش سەری دوو ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی و کارمەندێکی ڕێکخراوی خێرخوازی بەریتانی بڕی و هەڕەشەش لە کوشتنی هاووڵاتییەکی دیکەی بەریتانی دەکات.

هەروەها هاووڵاتییەکی فەڕەنسی لە جەزائیر لەلایەن گرووپێکەوە ڕفێندراوە، گرووپەکە خۆیان وەکو "دڵسۆزی داعش" ناساندووە و هۆشدارییان داوە کە ئەگەر فەڕەنسا هێرشەکانی بۆ سەر داعش ڕانەگرێت ئەوا ئەو پیاوە ڕفێندراوە دەکوژن.

گوتەبێژی داعش، ئەبو محەممەد ئەلعەدنانی داوای لە پشتگیریکەرانی داعش لە هەموو جیهان کردووە کە هێرش بکەنە سەر هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە ئەورووپیانەی لە شەڕی دژە داعشدا ڕۆڵ دەبینن، بە تایبەتی ئەمریکا، فەڕەنسا، بەریتانیا، کەنەدا و ئوسترالیا.



ئیسپانیا ترسی لە دووبارەبوونەوەی تەقینەوەکەی وێستگەی شەمەندەفەری مەدرید هەیە

# زیادبوونی ژمارەی ئاوارە کەرتی تەندروستی شپرزە دەکات

سەروەر سالار
روداو- سلێمانی

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هاتنی بەلێشاوی ئاوارە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان وەک سەرچاوەی قەیرانێکی گەورە بۆ کەرتی تەندروستی ناودەبات، بەرپرسانی کەرتی تەندروستی لە کوردستان دەڵێن فشاری ئاوارەکان کوالێتی خزمەتە تەندروستییەکانی بۆ دانیشتووان دابەزاندووە، بەڵام هیچ چارەیەکیش شک نابەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو قەیرانە.

ماڵپەڕی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەڵێت "لە مانگی حوزەیرانەوە ڕێکخراوەکەمان قەیرانی تەندروستی عێراقی بە نمرە 3ی کتوپڕ داناوە، ئەوەش بەرزترین ئاستی مەترسییە بە پێناسەی ئێمە".

وەک ڕێکخراوەکە باسی دەکات، دوای 14 ساڵ ڕزگاربوون لە نەخۆشی ئیفلیجیی منداڵان، عێراق ئەمساڵ دوو حاڵەتی ئەو نەخۆشییە ترسناکە گواستراوەیەی تۆمارکرد، هەروەک هاتنی ئاوارەکان لە موسڵەوە مەترسییەکی دیکەش دروستدەکات، چونکە موسڵ بەوە ناسراوە کە سورێژەی تێدا بڵاوە و ئاوارەبوونی نیو ملیۆن کەس لەو پارێزگایەوە، مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی ئەو نەخۆشییە زیاتر دەکات.

ڕێکخراوەکە دەڵێت پێویست بە بەخشینی 150 ملیۆن دۆلار دەکات بۆ فەراهەمکردنی خزمەتی تەندروستی بۆ ئاوارەکان و کۆمەڵگەی خانەخوێ.



(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

## "قورساییە گەورەکە لەسەر کوردستانە"

وەزیری تەندروستی حکومەتی کوردستان دەڵێت بەشی هەرە گەورەی ئەرکی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو قەیرانە تەندروستییە کەوتووەتە سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

د.ڕێکەوت حەمەڕەشید وەزیری تەندروستی بە (ڕووداو)ی گوت "بەغدا لە ڕێگای ناردنی دەرمان و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش لەڕێگەی دامەزراندنی کاتیی کادری مرۆیی پزیشکی و پێدانی دەرمان و کەرەستەی پزیشکییەوە هاریکاریمان دەکەن، بەڵام زیاتر لە 90%ی ئەرکەکە لەسەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە".

وەزیری تەندروستی دەڵێت هەر چارەسەری و کوتانێک بۆ دانیشتووانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرابێت، بێ جیاوازی بۆ ئاوارەکانیش کراوە. ئەو ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بە بەهێزترین پشتیوانی وەزارەتی تەندروستی ناودەبات.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیش لای خۆیەوە ڕایگەیاند کە هاتنی ئاوارەکان فشارێکی زۆری لەسەر کەرتی تەندروستی دروستکردووە.

د.خاڵس قادر بە (ڕووداو)ی گوت "جاران ئێمە خەمی ئیفلیجی منداڵان و سورێژەمان تێپەڕاندبوو، هەنگاوی پێشکەوتووترمان دەنا، بەڵام ئێستا مانگانە جگە لە خەرجکردنی پارەیەکی زۆر، زیاتر لە 3000 کارمەند سەرقاڵ دەکەین بە هەڵمەتی کوتانەوە".

د.خاڵس داتای وردی لەلا نییە سەبارەت بەو بڕە پارە زیادەیەی وەزارەت خەرجی دەکات لە ئەنجامی هاتنی ئاوارەکان "بەشێکی زۆری ئەو پارەیە لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی تەندروستی ناوچەکان دابین دەکرێت".

گوتەبێژی وەزارەت دەڵێت ڕەنگە لە دۆخی تەندروستی کوردستان ڕازی نەبم "بەڵام لەم بارودۆخەدا هەر ئەوە دەکرێت".

## کەمیی کامپەکان لە سلێمانی

لە سلێمانی لەکۆی 160 هەزار ئاوارەی عێراقی تەنیا 1500 کەسیان لە کامپدان، لەکۆی 23 هەزار ئاوارەی ڕۆژئاوای کوردستانیش تەنیا 3000 کەسیان لە کامپ دەژین.

وەک بەرپرسانی تەندروستی سلێمانی دەڵێن، پەرتەوازەیی ئاوارەکان ئەرکی ئەوانی قورستر کردووە.

د.ئیبراهیم تۆفیق ئەحمەد کە سەرپەرشتی هۆبەی ئاوارەکان دەکات لە تەندروستی سلێمانی، دەڵێت هەموو ئەو خزمەتەی پێشکەشی هاووڵاتییانی کوردستان دەکرێت، بۆ ئاوارەکانیش فەراهەمکراوە "ئەوانەی لە کامپدان، بنکەی تەندروستییان بۆ دروستکراوە هاوشێوەی هەر گەڕەکێکی شارەکانی کوردستان، ئەوانەشی بەناو شارەکاندا بڵاوبوونەتەوە سەردانی هەمان ئەو یەکە تەندروستییانە دەکەن کە دراوسێکانیان سەردانی دەکەن".

وەک ئەو دەڵێت، ئەگەر هەموو ئاوارەکان لە کامپدا بوونایە، بەرچاوڕوونییەکی زیاتریان دەبوو بۆ پێشکەشکردنی خزمەتی خۆپارێزی و چارەسەری، چونکە ئێستا هەم شوێنەکانیان دیار نییە، هەم قورساییەکی زۆریان خستووەتە سەر ئەو یەکە تەندروستیانەی خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەشی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەکەن.

ئەو شارۆچکەی دووکان بە نموونە دەهێنێتەوە کە جاران یەکە تەندروستییەکانی بۆ 6000 کەس ئامادە کرابوون، بەڵام ئێستا 4500 ئاوارەش ڕوویان لە ناوچەکە کردووە و لەسەر هەمان یەکەی تەندروستی خزمەتی تەندروستی وەردەگرن. بۆیە ئەگەر جاران تێکڕای ئەو نەخۆشانەی ڕۆژانە دەبینران 60-70 کەس بووبێت، ئێستا لە 200 کەس زیاترە "بەهۆی گرفتی تەندروستی و دەروونی و کێشەی دیکە و فەراغی زۆرترەوە، ئاوارەکان زیاتر لە خەڵکی ئاسایی سەردانی پزیشک دەکەن و وەک تاکە پەناگەی دەبینن بۆ پێشاندانی گرفتەکانیان".

د.ئیبراهیم دەڵێت پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هۆشداری بداتە بەغدا کە ئامێر و کەرەستە جیاوازە پزیشکییەکانی کوردستان بەهۆی ئاوارەکانەوە فشارێکی زۆر زیاتریان لەسەرە و پێویستە زیاتر نۆژەن بکرێنەوە.

بەڵام د.خاڵس دەڵێت بەغدا وەک پێویست هاریکار نییە "نەک هەر زیادە نانێرن، بەڵکو لە ناردنی پشکە ئاساییەکەش تەنانەت وەکو ساڵانی پێشووتریش نین".

# تەکنیکێکی سادە، ژیانی ئوسترالیەکان دەپارێزێ

ڕووداو – AP

نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕیەکانی خوێن، یەکەمین هۆکاری مردنن لەسەر ئاستی جیهان. چارەسەرکردنی هەر جەڵتەیەکی دڵ کێبڕکێکردنە لەگەڵ کاتدا، بەجۆرێک هەتا خولەکێک زووتر چارەسەر بکرێت، چانسی ژیانەوەی دڵ زیاتر دەبێت.

لەباری ئاساییدا چارەسەر لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی پزیشکی پسپۆڕی دڵدا دەکرێت، بەڵام لە نەخۆشخانەیەکی ئوسترالیا نەخۆش بەرلەوەی بگاتە لای پزیشک و هەر لەنێو ئەمبوڵانسدا چارەسەری تواندنەوەی کڵۆی خوێنی پێدەدرێت. بە تەکنیکی نوێ وێنەیەک لە هێڵکاری دڵی نەخۆش بۆ پزیشک دەنێردرێت و ئەویش لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی لە هێڵکارییەکەوە وەریاندەگرێت، ڕێنمایی دەداتە کارمەندانی تەندروستی.

جیم ڕۆجەرز، پزیشکی پسپۆڕی دڵ یەکێکە لەو پزیشکانەی لە ڕێگای سمارتفۆنەکەیەوە ڕاستەوخۆ وێنەی هێڵکاریی دڵی نەخۆشەکانی پێدەگات. دەڵێت "ئەوەی لە چارەسەری جەڵتەی دڵدا زۆر گرنگە ئەوەیە کە زوو حاڵەتەکە دەستنیشان بکرێت و لەماوەیەکی کورتدا دەرمانی توێنەرەوەی کڵۆی خوێن بدرێتە نەخۆشەکە، بەوەش ژیانی نەخۆشەکە دەپارێزین".

سەلمێنراوە بەکارهێنانی ئەو تەکنیکە نوێیە ژیانی ژمارەیەکی زیاتری نەخۆشەکان دەپارێزێ.

جۆن سیلینس، کارمەندی چاودێریی ورد یەکێکە لەو کارمەندە تەندروستیانەی هەر لەنێو ئەمبوڵانسدا هێڵکاری دڵ بۆ نەخۆش دەکات و ڕاستەوخۆ دەینێرێت بۆ سمارتفۆنی پزیشکی پسپۆڕی دڵ و ڕاستەوخۆش وەڵامی پزیشک وەردەگرێتەوە. ئەو دەڵێت "لەوانەبوو بەبێ ئەو تەکنیکە هەر یەکێک لەو نەخۆشانەی ئێستا لە ژیاندان، بمردنایە".

پزیشکە پسپۆڕەکە دەڵێت ئەو تەکنیکە کار لە تەندروستی داهاتووی نەخۆشەکانیش دەکات، نەک تەنیا پاراستنی دڵیان لە حاڵەتە کتوپڕەکەدا.

د.ڕۆجەرز دەڵێت "ئەو نەخۆشانەی بەخێرایی چارەسەر کراون، ماوەیەکی کەمتر لە نەخۆشخانە ماونەتەوە و دڵیان بەهێزتر بووە و لە داهاتووشدا کوالیتی ژیانیان باشتر بووە".

جۆن ئاتکینز یەکێکە لەو نەخۆشە خۆشبەختانەی بەهۆی تەکنیکە نوێیەکەوە، بەخێرایی حاڵەتەکەی دەستنیشانکراوە و چارەسەرکراوە، ئەو بەمجۆرە باسی جەڵتەی دڵ دەکات "وەک ئەوە بوو یەکێک چەقۆیەک لە سنگم بدات، هەموو لەشم ئارەقەی دەکرد".



# ژەهری بۆق بۆ چارەسەری شێرپەنجە



ڕووداو-ئەسۆشیەیتد پرێس

تیمێک لە زانایانی زانکۆی کوینزلاندی ئوسترالیا گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی دەتوانرێت ژەهری بۆقی ئەو وڵاتە لە چارەسەری شێرپەنجەی پرۆستاتدا بەکاربهێنرێت. ئەویش دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت ئەو ژەهرە هیچ زیانێک بە خانە ئاساییەکانی جەستە ناگەیەنێت، بەڵام خانە شێرپەنجەییەکان دەکوژێت.

دۆزینەوەکە لەلایەن پزیشکێکی چینییەوە بووە کە خوێندکاری دکتۆرایە لە ئوسترالیا.

ئەو پزیشکە چینییە کە ناوی د.جینگ جینگە، دەڵێ "ژەهری بۆق لە پزیشکی میللی چینیدا پێیدەگوترێ چان سو، چینییەکان بۆ چارەسەری سستبوونی دڵ بەکاریان هێناوە".

ئەو پزیشکە بە ڕەگەز چینییە دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت لێکچوونێکی زۆر هەیە لە نێوان بۆقی ئاسیایی و ئوسترالی، پێی باش بوو ئەمجارە لە چارەسەری شێرپەنجەدا ئەو ژەهرە تاقیبکاتەوە.

پزیشکان سەرسامن بەوەی ئەو ژەهرە تەنیا خانە شێرپەنجەییەکان دەکوژێت.

د.هاریندرا پاریک، پسپۆڕی دەرمانسازی لە زانکۆی کوینزلاند سەبارەت بە دۆزینەوەکە دەڵێت "ئەوەی زۆر جێگای دڵخۆشی بوو، کاتێک بە هەمان بڕ ئەو ژەهرەمان بەسەر خانە تەندروستەکاندا کرد، هیچ زیانێکیان پێنەگەیشت".


وەک د.پاریک دەڵێت، بەپێی توێژینەوەکان ئەو ژەهرە بەتایبەتی لەدژی خانەکانی شێرپەنجەی پرۆستات کاریگەرە و زۆرباش لەنێویان دەبات.

لە ئێستاوە دەزگا تەندروستیی و ئەکادیمییەکانی چین و هۆنگ کۆنگ خواستی کڕینی ئەو دەرمانەیان خستووەتە بەردەم زانکۆی کوینزلاند. بەڵام پزیشکەکان دەڵێن هێشتا بابەتەکە هەندێک قۆناغی ماوە.

د.پاریک دەڵێ "قۆناغی داهاتوو بریتییە لە گۆڕینی ژەهرەکە بۆ شێوازی دەرمانی ئاسایی و دابینکردنی سیستمێک کە ژەهرەکە بگەیەنێتە نزیک خانە شێرپەنجەییەکان".

زانکۆی کوینزلاند هیوادارە لە هەژدە مانگی داهاتوودا سەرجەم ڕێوشوێنەکانی دروستکردنی دەرمانە نوێیەکە لە ژەهری بۆق تەواو بکات، تا بە زوویی بگاتە ئەو نەخۆشانەی دەکرێت سوودی لێ ببینن.

# سکانەر بۆ مێشک دروست دەکرێت



ڕووداو- AP

لە تاقیگەیەکی پایتەختی ئەندۆنیسیا، زانایان کار بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی نوێ دەکەن لە بواری لێکۆڵینەوە لە مێشکی مرۆڤدا.

وارسیتۆ پۆرۆ، خەڵکی ژاپۆنە و تەمەنی 47 ساڵە، ناوەندێکی زانستی تۆمۆگرافی لە جاکارتای پایتەختی ئەندۆنیسیا دامەزراندووە.

وارسیتۆ لەگەڵ تیمەکەی، توانییان بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە تەکنۆلۆژیای پێوانی کارەبایی بەکاربهێنن بۆ پێشخستنی جۆرێکی نوێی وێنەگرتنی مێشکی مرۆڤ، کە چاودێری چالاکییەکانی مێشک دەکات، لە ڕێگای هاندانی جیاوازەوە.

وارسیتۆ، بانگەشەی ئەوە دەکات، ئەو ئامێرەی ئەو دایهێناوە، یەکەمین وێنەگری مێشکە لە جیهاندا، کە لە توانای دایە بەشێوەی ڕاستەوخۆ وێنەی مێشکی مرۆڤ و چالاکییەکانی تۆمار بکات، هەروەها دەشڵێ، سەلامەتترە، چونکە لە ئامێرەکەدا بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان نیشانەی کارەبایی، جێگای تیشکی گرتووەتەوە.

سکانەرەکەی وارسیتۆ، دەتوانێ لە ماوەی خولەکێکدا، ڕووپێوی تەواوی مێشک بکات و وێنەیەکی چوار دووری لە چالاکییەکانی مێشک تۆمار بکات.

زانایان ئاشکرایانکردووە، مێشک کاردانەوەی زۆر جیاوازی دەبێت بۆ چالاکییە ڕۆژانەکانی وەک خەوتن، خوێندنەوە، گوێگرتن لە موزیک و ئەنجامدانی ڕاهێنان.

وارسیتۆ بەردەوامە لە پەرەپێدانی ئامێرەکەی، بەو هیوایەی بتوانێت بە بێ وایەر مێشکی مرۆڤەکان پێکبگەیەنێت، هەروەک ئەوەی لە فلمی ئێکس مێندا هەیە.

وارسیتۆ دەشڵێت "ئەو کەسەی ئەو ئامێرەی منی لەسەر دادەنرێت، مێشکی دەخوێنرێتەوە، زانیارییەکان وەردەگرێت و هەڵیدەگرێت لە سێرڤەرێکدا لە ئینتەرنێت، دواتر لە ڕیگای هەمان ئامێرەوە زانیارییەکان وەردەگیرێنەوە و دەنێردرێن بۆ مێشکی کەسێکی دیکە، بەو شێوەیە ئامێرەکە دەتوانێت پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان مێشکی مرۆڤەکان و کۆمپیوتەر و بە پێچەوانەشەوە دروستبکات لە داهاتوودا".

هیسار مارۆلی، مامۆستای زانکۆی ئەندۆنیسیا، پسپۆڕ لە زیرەکی دەستکرد، هۆشداری دەدات لە زیادەڕۆییکردن لە پێشبینییەکان لە ئامێرەکەی وارسیتۆ، دەڵێت پێکگەیاندنی مێشکی مرۆڤەکان پێشبینییەکی زۆر دوورە.

هیسار دەڵێت "پێکگەیاندنی ژمارە دیجیتاڵییەکانی مێشک، شتێکە زۆر دوورە، مێشکی مرۆڤ زۆر ئاڵۆزە و چەندین زانیاری و چالاکی ئاڵۆز لەخۆ دەگرێت، ڕێگایەکی دوور ماوە بۆ پێکگەیاندنی ئەو چالاکییانە".

ئەگەر زانستییانە بسەلمێنرێت، تەکنۆلۆژیا نوێیەکەی وارسیتۆ، دەتوانێت ببێتە هۆی پێشکەوتنێکی زۆر گەورە لە بواری چارەسەری پزیشکی و پەیوەندییەکاندا.

# مەتەڵی هێنانی گازی ئێرانی بۆ کوردستان



د.هاوڕێ مەنسوور بەگ*

**پێویستە لەبری گازی ئێرانی، گازی کوردستان بۆ ماڵی کورد بێت و پیشەسازیی هەرێمی کوردستانی پێ ببووژێنرێتەوە**

گازی سروشتی سەرەکیترین سەرچاوەی وزەی ماڵەکانمانە و بڕبڕەی پشتی دروستکردنی وزەی کارەبایە. هەروەها دۆستێکی خاوێنی ژینگەشە. ئەگەر زانستیانە و بە نۆرم و ستانداردە جیهانییەکان مامەڵەی لەگەڵ بکەین، لە زۆر لە سەرچاوە سروشتییەکانی دیکەی وزە کەمتر زیان بە ژینگە دەگەیەنێت. لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا 51%ی ماڵەکان بەهۆی گازەوە لە زستانان گەرم و لە هاوینان فێنک دەکرێنەوە. مخابن لەبەر ئەوەی بەرهەمهێنانی گازی سروشتی و کۆگاکردن و گواستنەوەی تەکنەلۆجیایەکی تایبەتی دەوێ، زۆر لە وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت، بە تایبەتی وڵاتە ناپیشەسازییەکان و کەم گەشەسەندووەکانی جیهانی سێیەم، خۆیان لە قەرەی بەکارهێنانی ئەم سەرچاوە گرنگەی وزە نادەن و بە شێوەیەکی تراژیدی لێدەگەڕێن گازی بەرهەمهاتوو لە کێڵگەکانی نەوت تێکەڵ بە هەوا بێت و بسووتێندرێ و بەفیڕۆ بدرێ. ساڵانەش ملیۆنان و بگرە ملیاران دۆلار بە هەدەر دەدرێت و ژینگەشی پێ ژەهراوی دەکرێت.

عێراق و کوردستان، دوو ناوچەی دەوڵەمەندن بە گازی سروشتی. بە گوێرەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان کە جێی متمانەن، عێراق دەیەم وڵاتی دەوڵەمەندە بە گازی سروشتی لەسەر ئاستی جیهان. ئەوە سەرباری ئەوەی یەکێکە لەو وڵاتانەی کەمترین کاری پشکنینی جیۆلۆجیی بۆ کراوە. بۆیە ئەستەمە یەدەگی مسۆگەری گازی سروشتی بە وردی بخەمڵێنرێت. ئەگەر پرۆسەی پشکنین و گەڕان بەدوای گازی سروشتی چالاک بکرێت و بوار برەخسێنرێت بۆ کۆمپانیا نێودەوڵەتییە خاوەن تەکنەلۆجیە پێشکەوتووەکان تا کاری پشکنینی چڕ ئەنجام بدەن، رەنگبێت عێراق خاوەنی 300 تریلیۆن پێ سێجا یەدەگی گاز بێت. بە دووری نازانم نیوەی ئەو یەدەگە زەبەلاحە لە کوردستان بێت.

ئاشکرایە رژێمە بێ دید و بێ روئیا یەک لەدوای یەکەکانی بەغدا، فریان بەسەر ستراتیژ و پلان و گەشەی ئابووریی درێژخایەن و رێزگرتن لە ژینگەی مرۆڤایەتییەوە نەبووە تا بیر لە پرۆژەی وەبەرهێنانی درێژخایەن لە بواری گازی سروشتی بکەنەوە، کە پشوویەکی درێژ و هزرێکی قووڵی ئابووری و سیاسیی دەوێت. ئەوان هەر لە خەمی قازانجی بێ پلان و بەدەستهێنانی ملیاران دۆلاری خێرای نەوتی خاودا بوونە کە بە بەراورد لەگەڵ گازی سروشتی، دەرهێنان و گواستنەوە و عەمبارکردنی تەکنەلۆجیایەکی زۆر ساناتری دەوێت. قازانجی خێرای نەوتی خاو، بێگومان بۆ بنیاتنانی خێرای وڵات نەبووە، بەڵکو بۆ وەگەڕخستنی مەکینەی جەنگە کاولکارەکانیان بووە کە سەرئەنجام سەری خۆیان و میللەتەکەشیان خوارد.

لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، قەتەر و ئێران زوو درکیان بە گرنگیی گازی سروشتی کرد. ئەوان، وەک سەرچاوەی وزەی ئایندە، بە هاوکاریی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بواری گاز، بەرنامەیەکی گەورەی ئابوورییان بۆ خۆیان داڕشت. ئەمەش بووە هەوێنی ئەوەی ئەوان ببنە خاوەنی ژێرخانێکی پتەوی پیشەسازیی بەرهەمهێنان و کۆگاکردنی گازی سروشتی. لە ئێران راکێشانی لوولەی گاز بۆ سەرجەم ماڵەکان و کۆمپانیا و کارگە جۆراوجۆرەکانی پیشەسازی، بووەتە سیمایەکی گرنگی ژێرخانی ئابووریی وڵات. تەنانەت مۆتۆری ئۆتۆمبێلەکانیش وا گونجاندراون کە بتوانن جگە لە بەنزین، گازی سروشتیش بەکاربێنن. لە پرۆژەی ناسراو بە کێڵگەی باکوور لە کەنداوی عەرەبی (فارسی) تایبەت بە گازی سروشتی لە وڵاتی قەتەر، لە ژێر گوشاری خانەوادەی فەرمانڕەوای دەوحە، کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل بە دەیان ملیار دۆلار سەرمایەگوزاری کردووە. قەتەر ئێستا خاوەنی گەورەترین پرۆژەی بەرهەمهێنانی گازی سروشتییە لە جیهاندا. زۆر لایەن هەبوون کە هیچ ئومێدێکیان بە پرۆژەی دوور لە کەنارەکانی قەتەر نەبوو، ئەمەش لەبەر سەختی و ئاڵۆزیی ئەو پرۆژەیە کە لەلایەک هەموو پرۆسەکانی دەرهێنان و کۆگاکردن و گواستنەوەی سەخت و ئاڵۆزە و تەکنەلۆجیای تێکهەڵکێش و سەرمایەی زەبەلاحی دەوێت، لەلایەکی دیکەشەوە پرۆژەکە لە قووڵایی هەزاران مەتر لە ژێر خاکی دەریادایە، لە ناوچەیەکی هەستیار و ناجێگیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هەمیشە قابیلی گڕگرتن و جەنگە. لەکاتی دانوستاندنەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەی کێڵگەی گازی باکوور، کۆمپانیای شێل بە ئەسپایی هێلکەکانی خۆی لە سەبەتەی قەتەر دەرهێنا و خستیە پرۆژەیەکی ستراتیژیی ئوسترالیای ئارام. قەتەر خێرا بە ئاگا هات و هانای بۆ کۆمپانیا چاونەترسەکەی جیهان، ئێکسۆن مۆبیل برد.

ئێکسۆن مۆبیل بە هاوکاری کۆمپانیا دەستەخوشکەکانی، پرۆژەی هەرە گەورەی کێڵگەی باکووریان بە ئەنجام گەیاند و قەتەر بوو بەو وڵاتە بچووکە مەزنەی کە هەندێک جار یاری بە چارەنووسی زلهێزەکانیش، نەخاسمە بچووکەکان، دەکات. پرسیار ئەوەیە: قەتەر کە لەناو قورگی دەریا گاز بەرهەمدێنێت، عێراق بۆچی ناتوانێت لەسەر وشکانی گازی پێویست بەرهەم بێنێت و بەلای کەمی پێداویستییەکانی ناوخۆی پێ دابین بکات؟ ئەو مەتەڵە چییە کە ئێمە تێیناگەین؟ بۆ دەبێت لە ئێرانەوە گاز بۆ وڵاتێکی خاوەن یەدەگێکی زەبەلاحی گازی وەک عێراق بگوازرێتەوە؟

گازی قەتەر هێندە دوورەدەستە لە هەموو شوێنێک کە لەڕووی ئابووری و جیۆپۆلیتیکی ئەستەمە لوولەکێشی بکرێت بۆ بازاڕەکانی جیهان. هەربۆیە ئێکسۆن مۆبیل و کۆمپانیا هاوبەشەکانی، دوای ئەوەی گازی بەرهەمهاتوو لە یەکە تێکهەڵکێشەکانی "کۆمپرێس" کردن دەکەن بە "شلە"، لەڕێگای کەشتیی تایبەت بە عەمبارکردنی "گازی گۆڕدراو بۆ شلە"، ئەو کاڵا گرنگە دەگوازنەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان. گەشتی کەشتییەکان، هەزاران کیلۆمەتر و دەیان رۆژ دەخایەنێت. وڵاتە کڕیارەکانیش دەبێت دەزگا و یەکەی پرۆسێسکردنی تایبەتیان هەبێت، کە گازی گۆڕدراو بۆ شلە دووبارە بکەنەوە بە گاز و بۆ شوێنەکانی بەکارهێنان بیگوازنەوە. بە بڕوای ئێمە، شارەکانی عێراق بە هەمان شێوەی شارەکانی کوردستان، هاوسێی کێڵگەکانی گازن و لوولەکێشی بۆ ماڵەکانمان و بۆ پیشەسازیەکانمان کارێکی زۆر سەخت و ئەستەم نابێت.

ئەگەر حکومەتی ناوەند ناچارە، یان سەرکردەکانی بەغدا دید و روئیایان هاوشێوەی سەرکردە کۆڵەوارەکانی پێشوویانە، کورد نانی لە سەر سێر نەسووتاوە و ماڵەکانیشمان لە سەرمان رەقنەبوونەتەوە بۆ ئەوەی ماراسۆن بەرەو ئەنجامدانی پرۆژەی هاوشێوەی پرۆژە لەرزۆک و بێ بنەما ئابوورییەکانی بەغدا بکەین. ئێمە پێمان باشە پرۆژەی ستراتیژیی گەورە لەگەڵ ئێرانی دراوسێ ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەمە چ ستراتیژێکە خاکی ژێر زەوی وڵات لێوان لێو بێت لە گازی سروشتی و ئێمەش خۆمان دەستەمۆی گازی ئێران بکەین و بایی ملیاران دۆلار سەرمایەگوزاریی تێدا بکەین؟

فەرموون هەرێمی کوردستان با داوا لە ئێرانی دراوسێ بکات تاوەکو هاوبەشی و پشتیوانی لە دروستکردنی پاڵاوگەیەکی ستراتیژی گەورە بکات کە بە "ستانداردی جیهانی" بەنزین بۆ هەموو کوردستان و ناوچەکە دەستەبەر بکات. فەرموون لوولەی نەوت بەخاکی ئێراندا بەرەو بەندەر عەباس و بەرەو سنوورەکانی ئەفغانستان راکێشن و لە دەرگای بازاڕەکانی چین و هیندستان بدەن. بۆ ئێرانیش، هێندەی لە دەستتان دێت پارەی ترانزێتی نەوت و لوولەکان بە تاران ببەخشن و هاوشێوەی تورکیا سەرچاوەیەکی داهاتی ستراتیژی هەمیشەیی بۆ تاران مسۆگەر بکەن. کێڵگە زەبەلاحەکانی باشووری عێراق، ئەوەندە گازی بەرهەمهاتوو لە هیچ و خۆڕایی دەسووتێنن، گڕی مەشخەڵی کێڵگەکانی نەوت هاوشێوەی بابا گوڕگوڕی کەرکووک، شەوانە لە ئاسمانەوە سەرنجی فڕۆکەوانەکان رادەکێشن کە بەسەریاندا دەفڕن.

زۆرن ئەوانەی هاوڕان لەگەڵ ئەوەی کە عێراق دەوڵەتێکی شکستخواردووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و پاشکۆیەکی بێ هەیبەت و بێ سەروەریی ئێرانە. هەر سەرۆکوەزیرێک لە بەغدا بێتە سەر کار، دەبێت گلۆپی سەوزی لە تارانەوە بۆ داگیرسابێت. دەبێت سەرۆکوەزیر بەڕوونی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئێران لەبەرچاو بگرێت، ئەگەرنا بە دەردی ئەیاد عەلالاوی دەچێت، بە جۆرێک لە شانۆگەرییە سیاسییەکانی عێراقدا رۆڵی "کۆمبارس"یشی پێنادرێ.

بێگومان نامانەوێ باس لە سیاسەتی پاشکۆیەتیی عێراق بکەین بۆ ئێران، چونکە دەزانم کە هیچ نووسینێک داد نادات و تۆزقاڵێک ئەو واقیعە تاڵەی عێراق شیرین ناکات. ئەوەی بۆ ئێمە جێگای نیگەرانیی گەورەیە، ئەوەیە کە سیاسەتێک بگرینە بەر لە بەغداوە "کۆپی" کرابێت و لە هەولێر وەک خۆی "پەیست"ی بکەین و بیکەینە نەخشەڕێگای خۆمان. سیاسەتی ناواقیعی، ئەگەر خزمەت بە دۆزێکی کاتییش بکات، لە ژێر هەر فشارێکی ناوخۆیی و ئیقلیمیدا بێت، دواجار دەرهاویشتەی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە.

لە بەغدا، لەو چەند ساڵەی رابردوودا، باس باسی پرۆژەی گازی ئێرانییە بۆ شارەکانی عێراق. گوایە پرۆژەکەش لە سەروبەندی تەواوبووندایە. ئەمساڵیش، دوای گۆڕینەوەی چەند سەردانێکی بەرپرسانی ئێرانی و هەرێمی کوردستان، هاوشێوەی پرۆژەکەی ئێران لەگەڵ حکومەتی ناوەند، لە میدیاکانەوە باس لە پرۆژەی گواستنەوەی گازی ئێرانی بۆ شارەکانی هەولێر و سلێمانی دەکرێت. ئەگەر حکومەتی عێراق ئامادەیە ئەو گەمە بێ ئاکامە ئابوورییە لەگەڵ تاران بکات، کورد دەبێت خەونی واقعیانەتر ببینێ و تەنها بچێتە ژێر باری ئەو پرۆژە ئابووریانەی کە سوود بە هەردوو گەلانی ئێران و کوردستان دەگەیەنێت.

ماوەیەک بەر لە ئێستا، کۆمپانیایەک کە نزیک لە هەولێری پایتەخت سەرگەرمی کاری گەڕان و پشکنین بەدوای نەوت و گاز بوو، زۆر لە کارمەند و ئەندازیارە کوردەکانی خۆی ناردە ماڵەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی کەمکردنەوەی چالاکییەکانی ئەو کۆمپانیایە و ناردنە ماڵەوەی کارمەندەکان، ئەوەبوو کە کۆمپانیای ناوبراو، لەبری نەوتی خاو گازی سروشتیی دۆزیوەتەوە و نازانێت چی لە گازی دۆزراوە بکات و لە کوێ بە بازاڕی بکات. دەنگۆیەکان وا بڵاوبوونەوە کە کار و چالاکیەکانیان سست کردووەتەوە و پێویستیان بە زۆرێک لە کارمەندەکانیان نەماوە.

پێویستە لەبری هاوردەکردنی گازی سروشتی لە ئێران، کێڵگەکانی گازی هەرێم لە (گەرمیان)ەوە تا زاخۆ، لەڕێگای پرۆژەی ستراتیژی هاوچەرخ و بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیا ناودارەکانی جیهان بخەینە گەڕ. پێویستە لەبری گازی ئێرانی، گازی کوردستان بۆ ماڵی کورد بێت و پیشەسازیی هەرێمی کوردستانی پێ ببووژێنرێتەوە. هەرچیش مایەوە بۆ تورکیای تینووی گازو وزە هەناردە بکەین. باشترین سیناریۆش، خوا یار بێت، ببینە جێگرەوەی نابوکۆی نیمچە مردوو. لەبری گازی سروشتی لە سێبیریای روسیاوە، ببینە بەشێک لە ئاسایشی وزەی ئەورووپا.

داواکارم لە داڕێژەرانی سیاسەتی هەرێمی کوردستان، تەنها مامەڵە بەو کارتانە بکەن کە لە ئایندەدا واقیعی تاڵمان بەسەردا ناسەپێنن و بواری مانۆڤەر و گۆڕینی ستراتیژیەتمان پێدەبەخشێت. یەکێک لە خاسیەتەکانی پرۆژەی گازی سروشتی لە وڵاتان، بریتییە لە واژۆکردنی وڵاتی کڕیار بەوەی بۆ ماوەی دەیان ساڵ پابەندی کڕین بێت. ئەو نرخەی کە لەسەری رێککەوتوون و ئەو بڕە گازەی کە دیاریکراوە، نابێت لەوە کەمتر داوا بکرێت. چەندین جار وڵاتی کڕیار بە ناچاری لە ژێر سایەی گرێبەست و دژ بە پێداویستیی خۆی گاز دەکڕێت. ساڵانە تورکیای دراوسێمان، دووچاری ئەم کێشانە لەگەڵ ئێران و روسیا دەبێتەوە. بۆ رووبەڕووبوونەوەی کێشەکانمان لە بواری وزە، پێویستە بە دوای چارەسەری هەمیشەییدا بگەڕێین و پلانە ئابوورییە مەودا درێژ و خۆڕاگرەکان بۆ ئایندەی کوردستان دابڕێژین. دەبێت خۆمان لە قەرەی چارەسەری کاتی نەدەین. سیاسەتمەداری ناوداری ئەمریکی، هێنری کیسینجەر، دەڵێت: چارەسەری کاتی وەک بۆمبی تەوقیتکراوە، هەر رۆژێک بێت دەتەقێتەوە.

*شارەزای بواری نەوت

# گازی لیتەیی نەخشەی بەرهەمهێنانی گاز لە جیهاندا دەگۆڕێت

عومەر ئەحمەد
ڕووداو- هەولێر

بەرهەمهێنانی گازی لیتەیی (Shale Gas) کە لە تاشەبەردە لیتەییەکانی قووڵایی زەویدا قەتیس دەمێنێ، دەتوانێ نەخشەی بەرهەمهێنانی وزە لە جیهاندا بگۆڕێت.

ئەو جۆرە گازە نزیک نین لە سەرچاوە نەوتییەکان، بۆیە لەڕێی تێکشکانی هایدرۆلیک، یان پرژاندنی ئاو یان هەڵم بە فشارێکی زۆر دەردەهێنرێ.

هەندێ لە شارەزایان پێیانوایە ئەگەر بەو چەشنەی چاوەڕوان دەکرێت گازی لیتەیی بەرهەم بێت، دەتوانێت نەخشەی بەرهەمهێنانی گاز لە جیهاندا بگۆڕێت.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ماوەی نزیکەی 10 ساڵە دەستیکردووە بە دەرهێنانی گازی لیتەیی.

قەبارەی ئەو گازە لیتەییە کە ئەمریکا دەتوانێت دەریبهێنێ نزیکەی 19 تریلیۆن مەتری سێجایە و بەوەش ریزبەندی چوارەمی جیهان دەگرێ.

بەرهەمهێنانی گازی لیتەیی لە ئەمریکا لەدوای ساڵی 2000ەوە دەستیپێکردووە و ئێستا لەڕێی 200 چاڵی ئاسۆیییەوە یەک لەسەر سێی پێداویستی ئەمریکا بە گاز دابین دەکرێت.

دەرهێنانی گازی لیتەیی لەم چەند ساڵەدا بووە هۆکاری دابەزینی نرخی گاز لە بازاڕی ناوخۆی ئەو وڵاتەدا.

بۆ نموونە لە ساڵی 2008دا نرخی هەر BTU (یەکەی پێوانەکردنی گاز بەرابەرە لەگەڵ 1055 جوول) لە ئەمریکا 8 دۆلار و 80 سەنت بوو، کەچی ئێستا 4 دۆلار و نیوە. ئەوەش بووەتە هۆکاری ئەوەی کە ئەمریکا ئاسایشی وزەی خۆی بەرزبکاتەوە.



لەلایەکی دیکەوە بە بەکارهێنانی گازی لیتەیی، ئەو وڵاتە بڕی بەرهەمهێنانی گازی کاربۆنیکی کەمکردووەتەوە کە یەکێکە لە هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە.

لە روانگەی ئابووریشەوە، دەرهێنانی گازی لیتەیی بۆ ئەمریکا زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی وزەی هەرزان دەبێتە هۆکاری جموجۆڵی کۆمپانیاکان و پیشەسازی لەو وڵاتە.

هەڵبەتە دەرهێنانی گازی لیتەیی لایەنی نەرێنیشی هەیە بەتایبەتی لەسەر ژینگە، لەبەرئەوەشە هێشتا هەندێ لە ویلایەتەکانی ئەمریکا لەنێویشیاندا نیویۆرک، کارۆلینای باکوور و مێریلاند، هێشتا ئامادەنین رێگە بە دەرهێنانی گازی لیتەیی بدەن.

وا دەخەمڵێنرێ کە لە ئەوروپا نزیکەی 13 تریلیۆن و 366 ملیار مەتری سێجا یەدەکی گازی لیتەیی هەبێت. زۆرترین رێژەی یەدەکی گازی لیتەیی لە پۆڵەندایە کە 4.2 تریلیۆن مەتری سێجایە، لە فەرەنساش نزیکەی 4 تریلیۆن مەتر سێجا گازی لیتەیی هەیە.

بەڵام هێشتا یەکێتی ئەوروپا سیاسەتێکی یەکگرتووی لەبارەی گاز نییە، بۆیە هەر وڵاتێک دەتوانێت بەتەنیا گازی لیتەیی خۆی دەربهێنێت.

ئێستا پۆڵەندا بۆ تاقیکاری دەستیکردووە بە بەرهەمهێنانی گازی لیتەیی و پێشبینی کراوە تا ساڵی 2015 گازی لیتەیی ئەو وڵاتە بگاتە بازاڕەکان.

چین گەورەترین بڕی گازی لیتەیی لە جیهاندا هەیە. بڕی گازی لیتەیی ئەو وڵاتە 32 تریلیۆن مەتر سێجایە و بەوەش لە ریزبەندی یەکەمی جیهاندایە.

ئەرژەنتینیش بە 23 تریلیۆن مەتر سێجا گازی لیتەیی لە ریزی دووەمی جیهاندایە و هەروەها جەزایر بە 20 تریلیۆن مەتر سێجا پلەی سێیەمی هەیە لەنێوان ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی گازی لیتەیین.

پێشبینی دەکرێ تا ساڵی 2020، ئەمریکا ببێتە هەناردەکاری گازی لیتەیی لە جیهاندا، لەبەر ئەوەیە هەر لە ئێستاوە رووسیا زۆر نیگەرانە، چونکە بەهۆی گازی ئەمریکاوە بازاڕی ئەوروپا لەدەستدەدات. ئێستا رووسیا 80%ی پێداویستی ئەوروپا بە گاز دابین دەکات.

تەنانەت گازی لیتەیی دەتوانێت کاریگەری زۆر لەسەر بازاڕی گازی ئاسیاش دابنێت. ژاپۆن کە گەورەترین هاوردەکاری گازی شلی ئاسیایە، لە قەتەرەوە گاز هاوردە دەکات و بە نرخێکی بەرز گاز لەو وڵاتە دەکڕێت، بەجۆرێک کە چوار هێندەی بەهای گازی لیتەیی پارە دەداتە ئەو وڵاتە.

ئەگەرێکی زۆر هەیە کە ژاپۆنیش لە ئایندەیەکی نزیکدا رووبکاتە گازی لیتەیی هەرزان.



محەممەد حاجی کەریم

# ئەرکی ڕووداو گرانە

نامەوێ لە هەموو ئەو هەڕەشە و ناحەقیانە بدوێم کە لێرەو لەوێ بەرامبەر ڕووداو دەکرێن. قسەی من لەبارەی هەڵوێستی هەندێک لەو نووسەر و ڕۆژنامەڤان و ڕۆشنبیرانەیە کە خۆیان وەک داکۆکیکاری ڕاستەقینەی ئازادی وێنا دەکەن، لێ کاتێک مرۆڤ لە بیرکردنەوەو ئەندێشەیان تێدەگات، بۆی دەردەکەوێت شتی دیکەن.

زۆرن ئەوانەی بە هۆی (ڕووداو)ەوە ماهیەتی ڕاستەقینەیان دەرکەوت، ئەوە نییە لە ئاست ئەو پەلامارەی هەفتەی ڕابردوو کە کرایە سەر تیمی ڕووداو، نەک هەر بە دوو وشە سەرکۆنەیان نەکرد، بەڵکو ڕەوایەتیان پێبەخشی و پاساویان بۆ هێنایەوە؟

دوو مانگ پێشتر ژمارەیەک نووسەر و چالاکڤان نامەیەکیان لەبارەی ڕووداو بڵاوکردبووەوە، ئەوان داوای دەمبەستکردنی (لغاوکردن- بەقسەی ئەوان) ڕۆژنامەنووسەکانی ئەو دەزگایە و داخستنی ئەو تەلەڤزیۆنەیان لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکرد. ئەمە لە کاتێکدا هەندێک لەوانەی نامەکەیان واژۆکردبوو، زۆر دەمێکە لافی ئازادیخوازی لێدەدەن و سەری زمان و بنی زمانیان ئازادیی فیکر و نووسین و کاری ڕوژنامەڤانییە، وەلێ ئەمڕۆ داوای سەرکوتکردنی ڕوژنامەنووسان و داخستنی کەناڵێکی ڕاگەیاندن دەکەن.

کارەسات ئەوەیە، لەجیاتی هەوڵدان بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی ڕووداوی هێرشکردنە سەر میدیاکاران، یان لەجیاتی ئەوەی داکۆکی لە هاوپیشەکانت بکەیت و ئەو جۆرە ڕەفتارانە شەرمەزار بکەیت، کەچی خۆت پەنا بەریتە بەر زمانی ڕق و کینە و ڕێگەی توندوتیژی و سڕینەوەی ئەوانیدیکە پیشانی هاونیشتمانیان بدەیت.

بیست ساڵە میدیای کوردی هیچ نەماوە بە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، بە حکومەت و حیزب و سەرکردەکان نەڵێت، هەر لە ڕەخنەوە بگرە تاوەکو بەکارهێنانی زمانی زبر و ناوزڕاندن و دەستخستنە نێو کاروباری تایبەتی کەسەکان، لێ هیچ کەس، تەنانەت هیچ کارەکتەرێکی نێو دەسەڵاتی سیاسی کوردیش جورئەتی ئەوەی نەکردووە بە ئاشکرا دژی میدیاکاران بوەستێتەوەو خەڵکی بۆ دوژمنایەتیکردنیان هانبدات.

دەبێ هەڵەی ڕووداو چی بێ؟ ئایا نەیتوانیوە بەشێوەیەکی تەندروست و پیشەییانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان بکات؟ یان لە گواستنەوەی زانیارییەکاندا دادپەروەر و بێلایەن نەبووە؟ بەبڕوای من هیچ کام لەمانە هۆکار نین.

لە دونیادا هیچ دەزگایەکی میدیایی نییە هەڵە نەکات، وەلێ مەرج نییە هەڵەکانی ڕەنگدانەوەی سیاسەت و ستراتیژیی ئەو دەزگایە بن. ڕووداویش ئەگەر وەک هەر دامەزراوەیەکی دیکەی میدیایی، کێموکاسی هەبێ و کەوتبێتە هەڵەوە، پێموانییە زادەی ئەو سیاسەت و ستراتیژیەتە بێت کە کاری پێدەکات، بەڵکو زادەی ئەو پاشخان و کولتوورەیە کە میدیای کوردی بە گشتی تێیدایە.

کارمەندانی ڕووداو بەو هەموو هیلاکی و زەحمەتیەی دەیبینن، نەک هەر شایەنی ئەوەنین ئازار بدرێن ، بەڵکو شایەنی ئەوەن ڕێزیان لێبگیرێ و شانازییان پێوە بکرێت.

ئەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی ڕووداو دەبنەوە، زێدەتر بە هۆی ڕوومالّی فراوانی کەناڵەکەیە لە ڕۆژئاوای کوردستان. ئەگەر بڵێم ڕۆژانە لە ڕووداودا تەماشای بولّتەنی ڕۆژئاوای کوردستان دەکەم کە ماوەکەی کەمتر لە کاژێرێکە زێدەڕۆیم نەکردووە. نێوەڕاستی ئەمساڵیش بۆ توێژینەوەیەکم، یەک مانگی بولّتەنەکەم بە تەواوی بڕگەکانی نێویەوە، بە نموونە وەرگرتووە و لە چەندین ڕەهەندەوە شیکردنەوەی نێوەڕۆکم بۆ کردووە. ئەنجامی توێژینەوەکە بێلایەنی و پیشەییبوونی بولتەنەکەی سەلماند.

پێموانییە ڕووداو لە ڕوومالّی ڕۆژئاوای کوردستاندا مامەڵەیەکی ناپیشەیی و نادادپەروەرانەی لەگەڵ ڕووداو و پرسەکاندا کردبێ، ئەوەی کردوویەتی لە بڵاوکردنەوەی زانیاری ڕەتینەکردووە. ڕووداو هیچ گوناحێکی نییە، نە باوەڕی بە جنێودان و ناوزڕاندنی هیچ کەس و لایەنێک هەیە، نە ڕۆژێک لە ڕۆژان پەنای بۆ بردووە، بەڵام کەسانێک تەنیا بە چاویلکەی ئایدیۆلۆژیا سەیری شتەکان دەکەن و دەستکەوت و جوانییەکان بە ربەی ڕابردوو دەپێون.

تاوانی ڕووداو نییە ئەگەر جار جار پەردە لەسەر مامەڵەی توندڕەوانەی دەسەڵاتدارێتی ئەو پارچەیەی کوردستان بەرامبەر خەڵکی سیڤیل و لایەنە سیاسییەکان هەڵبماڵێ. ئەرێ بەڕاست ئەرکی میدیا نییە بە ڕەش بڵێت ڕەش و بە سپیش بڵێت سپی؟

ڕووداو لە ڕۆژئاوای کوردستان لەنێوان دوو بەرداشدا تێماوە، دەسەڵاتی سیاسی، یان ڕوونتر بڵێین پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD تاوەکو ئاستی بایکۆتکردن گلەیی لە ڕووداو هەیە. لەولاشەوە حیزبەکانی نێو ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد- سووریا و خەڵکی بێلایەن پێیانوایە ئەوەندەی ڕووداو خزمەتی PYD دەکات، چارەگی ئەوە خزمەتی خەڵکی مافزەوتکراو و ستەملێکراوی ئەو پارچەیەی کوردستان ناکات.

ئەی تۆڕی میدیایی ڕووداو لەم دووڕیانەدا چی بکات؟ باشترە بەو دڵگەرمییەی خۆیەوە بەردەوامبێ، تاوەکو دەتوانێ پرەنسیپی یەکسانی پەیڕەو بکات، چونکە خاوەن ئەجندایەکی ڕوون و کاریگەرییەکی دیارو پاڵپشتییەکی گەورەی جەماوەرییە.

ڕووداو، زۆر شتی لە میدیای کوردیدا گۆڕی، جاران دوای کاژێر 10ی شەوان، گەورەترین ڕووداوی ئەو وڵاتە تاوەکو ڕۆژی دواتر تۆزی لەسەر دەنیشت. هەنووکە بە فەزڵی ڕووداو میللەت لەکاتی خۆیدا لە ڕووداوەکانی کاژێر یەک و دوو و تەنانەت چوار و پێنجی بەیانیش ئاگادار دەکرێتەوەو بەشێوەی زیندوو ڕووداوەکان دەبینێت.

بە سەرنجدانمان لە ڕوومالّی ئەو کەناڵە بۆ پرس و بوویەرە سیاسییەکان، هەستدەکرێت پیشەییانە مامەڵە دەکات و بووەتە پلاتفۆرمی کۆکردنەوەی هەموو دەنگ و ڕەنگ و بیروڕا جیاوازەکان. بۆ نموونە بە یەک ئاست بایەخ بە یادی دامەزراندنی حیزبەکان دەدات، کار لەسەر یادی ماڵئاوایی سەرکردەو کەسایەتییەکانی هەموو حیزبەکان دەکات. بیرمان نەچێت ئەوەی ڕووداو بۆ مام جەلال-ی کردووە، هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندنی ئەو حیزبە بۆی نەکردووە. ئەو بایەخەی لە ڕووداودا بە عەبدوڵڵا ئۆجەلان دراوە، میدیای پەکەکەش هەر هێندەی لەدەستهاتووە. هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەقەد ڕووداو عەبدولڕەحمان قاسملۆ-ی لای ئێمە ئاشنا و شیرین نەکردووە.

بە کورتی ئەرکی ڕووداو گرانە، نابێ لە ژێر هەر هەڕەشەو گوشارێکدا چۆک بدات، بەڵکو پێویستە هەمیشە خەمی یەکەمی ئەو بەدەستهێنان و بڵاوکردنەوەی زانیاری زیاتر و پێشکەشکردنی زۆرترین خزمەتگوزاری میدیایی بێت.



سابیر قادری

# باشوور.. گەشە و شەقامی مووچە

دەمێکە کورد باسی گەشەسەندوویی خۆی دەکات، گەشەیەک کە بەرهەمی هەوڵدانە بۆ ستانداردکردنی توخمە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگا، لە ئابوورییەوە بگرە تا دەگاتە سیاسەت و ئەدەب و هونەر. گەشەیەک کە بەرهەمی تێگەیشتنێکی ئیمڕۆییە لە چەمکەکانی مرۆڤ و دەسەڵات، هێز و ئابووری، بازاڕ و سەرمایە و مەشروعیەت و دیپلۆماسی. گەشەیەک کە ئەگەرچی پاشخانێکی شۆڕشگێڕانەی هەیە، بەڵام گەرەنتی بەردەوامیی خۆی لە ئاوێتەبوون لەگەڵ پرنسیپە پێشکەوتووەکانی جیهانی ئەمڕۆ وەردەگرێ. یا لانیکەم دەیەوێ بەڕواڵەتیش بووبێت سیمایەک لەخۆی بە جیهانی دەوروبەری نیشان بدات کە پێیبڵێن "دیموکراسیترین بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست".

لەجیهانی ئیمڕۆدا کە باسی گەشە دەکەی، یەکسەر ئابووری، سەرمایە و بازاڕ دەکەوێتە هزری زۆر کەسەوە، هەر ئەوەش وایکردووە کە ڕادەی بەرهەمهێنان و داهاتی ساڵانەی هەر تاکێک ببێتە یەکێک لەپێوەرەکانی گەشەسەندوویی لە هەر وڵاتێک. بەڵام ئەو تیۆرییە لەزۆر ڕووەوە تووشی ڕخنە هاتووە. زۆر لە توێژەرانی کۆمەڵناسی، دەروونناسی، تەنانەت ئابووریزانانیش لەسەر ئەوە کۆکن کە ئابووری و گەشەی ئابووری ناتوانێ بەشێوەیەکی ڕەها حوکم لەسەر گەشەسەندوویی یا پاشکەوتوویی وڵاتێک یان کۆمەڵگایەک بدات. بۆ نموونە دەکرێ وڵاتانێکی وەکو قەتەر و عەرەبستان بە یەکێک لەگەشەسەندووترین وڵاتانی جیهان ئەژمار بکەین، ئەگەر تەنیا و تەنیا هەڵوەستە لەسەر داهاتی سەرانەی تاکەکانی ئەو دوو وڵاتە بکەین، بەڵام ئەو دوو وڵاتە سەرەڕای دەوڵەمەندیی ئابووری، دەخرێنە خانەی وڵاتانی ناگەشەسەندوو کاتێک باس لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت. واتە زۆر پێوەر و فاکتەری دیکە هەن کە بڕیار لەسەر گەشەسەندوویی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەک دەدەن.

ئەوەی لێرەدا من مەبەستمە وەبیرهێنانەوەی ئەو خاڵە جەوهەرییەیە کە گەشە و گەشەسەندوویی ڕووداوێکی تاک ڕەهەند نییە. هەروەها پێداگری لەسەر ئەو بنەمایەیە کە گەشەسەندن بەرهەمی دینامیکی و دیالێکتیکی هێزە بزوێنەرەکان و پێکهێنەرەکان و دووبارە پێکهێنەرەوەی کۆمەڵگان. گەشەسەندن و نەسەندنی هەر یەک لەم توخمانە کاریگەری نەرێنی و ئەرێنیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر توخمەکانی دیکە دەبێت.

کە باسی چەمکی گەشە دەکەین لە کوردستان، ڕەنگە بتوانین قەناعەت بە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بێنین و بڵێین ئەوەتا سەردەمی بەعس دۆخەکە بەشێوەیەکی دیکە بووە و ئەوەی ئێستا هەیە زۆر باشترە، تەنانەت ئەگەر داتا و فاکت بکەین بە پێوەر، ڕەنگە تا ڕادەیەک ئەو گەشە ڕێژەییە لەزۆر بواردا خۆی دەربخات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گەشەیە لە زۆر ڕەهەندەوە بە بنبەست گەیشتووە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی توخمە بزوێنەرەکان و پاڵنەرەکانی ئەو کۆمەڵگایە لە پارادۆکسێکی دەروونیدان.

ڕەنگە بتوانرێ ئەو پارادۆکسە بەوشێوەیە باشتر شی بکرێتەوە گەر بڵێین: لەکۆمەڵگایەکدا کە جومگە سەرەکییەکانی لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە بگرە تا دەگاتە ئابووری، ئۆپۆزیسیۆن، ماسمیدیا و.... ئەگەر تەنیا یەک ئەکتەر و یەک هێزی پاڵنەری لەپشت بێت، دەرهاویشتە و دەرئەنجامی وەها کۆمەڵگایەک بریتی دەبێت لە کۆمەڵگەیەکی تاک ئەکتەری. ئەکتەرێک کە نە خۆی بەشێوەی پێویست گەشە دەکات و نە ئەو دەرفەتەش بە هێزە بزوێنەرە خەوتووەکان دەدات کارا بن و بەشداربن لە بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەدا.

شەقام یەکێک لە هێزە هەرە بنەڕەتی و ژیانەکییەکانە بۆ گەشەسەندن و پەرەگرتن. شەقامێک کە هەم هێزی بزوێنەری تێدایە و هەم خاوەنی ئەم مەشروعیەتەیە کە چاودێری جموجۆڵی ئەکتەرەکانی دیکەی کۆمەڵگا بکات. شەقامێک کە مەشروعییەتی خۆی لەجومگەکانی دەسەڵاتەوە وەرگرتووە، دەتوانێ ئەو دەسەڵاتە تووشی ڕخنە بکات، ئاراستەی پێبدات و تەنانەت دەتوانێ هاوڕا و هاوڕێ و پشتیوانی بێت.

ئەوەی من لە شەقامی باشوور دەیبینم، شەقامێکە لەگەڵ هەموو جموجوڵی ڕووناکبیرانی بۆ برەوپێدان بە گەشەی هێزی شەقام، لەگەڵ هەموو حەول و کۆششی هێزە بزوێنەرە پاسیڤکراوەکانیدا، پڕە لە قۆرخکاری. قۆرخکارییەک کە ڕێی گەشەی لە شەقام و کاریگەرییە ئیجابیەکانی گرتووە. ئەو گوتارە یا باشترە بڵێم ئەو گوتەیەی لەشەقامی باشوور دەبیسترێت گوتاری مووچە و برسێتییە نەک گوتارێک کە بریتییە لە ئیستیحقاق و ویست و ئەولەویەتەکانی کورد. برسێتییەک کە لە ئەنجامی گیرۆدەبوونی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە بە سێکوچکەی حیزب- مووچە- برسێتی هاتووەتە ئاراوە. واتە سیستمێکی حیزبی خۆی سەپاندووە بەسەر شەقامی کوردیدا لە ڕێگەی ئالیەتی مووچەوە. ئەو حیزبە مووچە دەدات و تاکی مووچەخۆری بێ بەرهەم پەروەردە دەکات و لەبەرامبەردا خۆی هەم ڕۆڵی حیزب دەگێڕێت و هەم دەنگی شەقام دەخنکێنێ. لەوەها کۆمەڵگەیەکدا کە مووچە دەبێتە ئەولەویەت و بێ مووچەیی دەبێتە ترس، ئیتر باسکردن لەگەشەی بیرو ویستی سەربەخۆیی لە گاڵتەیەک دەچێت. ئەو پارادۆکسەی کە پێشتر باسمکرد لێرەدا بە تەواوی دەردەکەوێت.

ئەو کەماسییە لەم بارودۆخەی کە ئێستا هەرچوار پارچەکەی کوردستان بەگشتی و باشووری کوردستان بە تایبەتی پێیدا تێپەڕ دەبن بە ڕوونی دیارە. لەکاتێکدا بەرژەوەندییە حیزبیەکان بەرژەوەندی باڵای نەتەوەییان پەراوێز خستووە، هێزێک کە دەیتوانی ئەو باڵانسە بگەڕێنێتەوە و ببێتە "مەرجەع" بۆ چارەسەری کێشەکان، هێزی شەقام بوو. شەقامێک کە نابالّغی و ناپێگەیشتوویی بە گەشەی ئەژماری مۆڵ و هۆتێلەکانی سلێمانی و هەولێر ناشاردرێتەوە. شەقامێک کە دەیتوانی بەبیری دەسەڵات بهێنێتەوە ڕێگەی سەربەخۆیی کورد و کوردستان بە ئەنقەرە و تاراندا تێپەر نابێت، بەڵکو سەربەخۆیی پرسێکە گرێدراوی تاکی هۆشیار و سەربەخۆ و ئازادە. شەقامێک کە دەیتوانی "نایەکی گەورە" بە هەلپەرستی و زێدەویستیی پارتە سیاسییەکانی هەرچوار پارچە بڵێت و هۆشدارییان پێبدات کە پرسی سەربەخۆیی بە ئەحزابێک جێبەجێ ناکرێت ملکەچی بڕیارەکانی تاران و ئەنقەرە بن، بەڵکو پێویستی بە ئەحزابێکە خەڵکی خۆیان و هێزی خۆیان بکەنە سەرچاوەی باوەڕ و بڕیارەکانیان. شەقامی کوردی دەیتوانی ئەو ئاراستەیە بە دەسەڵاتی کوردی بدات کە هیچ چەکێک بە ڕادەی یەکگرتوویی و یەک هەڵوێستی قورس و کاریگەر نییە. ئەو پێداویستیانە وادەکات کە بڵێین ئێمە زیاتر لەهەر کاتێکی دیکە پێویستمان بە گەشەی شەقام و هێزی شەقامە.



ناسر باباخانی

# قۆناغێکی نوێی خەبات

لە کۆمەڵناسی سیاسیدا هەندێ جار پێشهات و ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتیەکانن کە بارودۆخی سیاسی وڵاتێک دەگۆڕن. پارسۆنز پێیوایە ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی بریتییە لە هێزێکی گشتیی جەماوەری کە دەبێتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵگا و ئەم گۆڕانە، گۆڕانێکی پێکهاتەییە. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی: دیاردەیەکی گشتییە، پێکهاتەیی و بەردەوامە، واتە کاتی نییە و دواجار قۆناغێکی زەمەنیی دیاریکراوی هەیە. کۆی ئەم تایبەتمەندییانە دەبنە هۆی ئەوەی لەسەر مێژووی وڵاتێک شوێندانەر بن. بە بڕوای من لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا بۆ بەدیهاتنی ئەم ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییە چەشنێ کاتالیزۆر پێویستە کە ببێتە هۆی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕەکە. ڕەنگە ئاگر لەخۆبەردانی محەممەد بوعەزیزی لاوی تونسی نموونەیەکی گونجاو بێ بۆ کاتالیزۆری ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکەی بەهاری عەرەبی و دواجار گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی (باس لە شوێنکەوتە ئەرێنی و سەلبییەکان ناکەم، واتە قەزاوەتێکی بایەخدارانە لە گۆڕێدا نییە).

***

بزووتنەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پاش دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژێ.کاف) — کە ئەمیان چیرۆکێکی جیاوازی هەیە — و دوابەدوای ئەم دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک سەرەتای بزووتنەوەیەکی مۆدێرن سەیر دەکرێ. هەرەسی کۆماری کوردستان ئەگەرچی شوێنکەوتی سەلبی هەبوو بۆ نەتەوەیەک کە خەونەکانی وەک بڵقی سەر ئاوی لێهات، بەڵام دواجار گوتارێکی لێکەوتەوە کە ئێستاشی لەگەڵدابێ هەژموونێکی زاڵی بەسەر بزووتنەوەی کورد لە هەر چوار پارچەدا هەیە. کلیل وشەکانی ئەم گوتارە بریتی بوو لە: پێشمەرگە، شەهید، سروود، ئاڵا، جاش، وڵات، نیشتیمان و...

قۆناغی ساڵانی 1967- 1968 ئەگەرچی وەک درێژەی کۆماری کوردستان سەیر دەکرێ، بەڵام لەباری شوێندانەری لەسەر کۆی جەماوەری کوردستان لەوان سەردەماندا زۆر بەرچاو نییە.

بەڵام لەپاش شۆڕشی گەلانی ئێران دەکرێ بە گشتی قۆناغەکانی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەم جۆرە پۆلێنبەندی بکەین:

- قۆناغی ساڵانی 1978- 1989 سەردەمی قاسملوو
- قۆناغی ساڵانی 1989- 1996 سەردەمی بێ قاسملوویی
- قۆناغی ساڵانی 1996- 2013 سەردەمی پاش قاسملوو
- قۆناغی ساڵانی 2014 .. تائێستا

قۆناغی یەکەم بێگومان درەوشاوەترین قۆناغی خەبات بوو، گوتاری ئەو قۆناغە گوتارێکی زاڵ بوو کە بەهۆی سەرکردەیەکی کاریزمی وەک دکتۆر قاسملوو وردەگوتارەکانی دیکەی خستبووە پەراوێزەوە، گوتارێکی ئارمانخوازانە کە بەشێوەیەکی بەرهەست و نابەرهەست خەباتی شاخ و شاری لێک گرێدابوو. پاش نەمانی قاسملوو دیسان بەهۆی حزووری پێشمەرگەی کوردستان لەسەر خاکی کوردستان و بوونی ڕێبەرێکی لێهاتووی وەک دکتۆر شەرەفکەندی خەباتی چەکداری هەر بوونی هەبوو، بەڵام لە پاش نەمانی ئەم دوو ڕێبەرە کاریزمایە و هەندێ هۆکاری دیکە و هەروەها سازبوونی هەرێمی کوردستان لە باشوور، دەست و پێی ئەم هێزە سیاسییە بە تەواوی دەبەسترێ و ماوەیەکی نزیک بە 20 ساڵ قرمەی چەکی پێشمەرگە دەوەستێ و بەگشتی چالاکی سیاسی لە جددیەت دەکەوێ و لەسەر بەستێنی عەینی، واتە خاکی کوردستان و لەناو خەڵکدا نامێنێ. دیارە باس لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغانە لەم کورتە وتارەدا ناگونجێ و پێویستی بە مەجالێکی گونجاوتر هەیە.

***

ڕووداوەکانی ئەم دواییەی باشووری کوردستان و بەتایبەتی کارەساتەکەی شنگال بووە هۆی ئەوەی کە هەڵمەتێکی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ یارمەتی کوردی ئەو دەڤەرە سازدرێ، کەمپەین و کۆبوونەوە لە فەزای سیاسی ئێراندا هەرچەندی بڵێی بڤەیە، بەڵام ئیرادەیەکی گشتی جەماوەری، بە شێوەیەکی پێکهاتەیی لەسەردەستی ڕێکخراوە مەدەنی و ناحکومییەکان و چالاکڤانانی مەدەنی ناوخۆ لە ماوەیەکی زەمەنی بە شێوەیەکی بەردەوام توانی ئامانج بپێکێ و یارمەتییەکان بە ئەمانەتەوە بگەیەنێتە شوێنی مەبەست. ئەمانە ڕێک تایبەتمەندی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتین کە ئەگەر بێت و ئەم چەشنە ئاڵوگۆڕانە کاناڵیزە و بە ڕێکخراوە بکرێن، دەتوانێ ببێتە هۆی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ڕۆژهەڵات.

لەلایەکی دیکەوە شەڕی داعش دەرفەتێکی ڕەخساند بۆئەوەی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات کە بە کەمپنشین و ئۆردوگانشین تۆمەتبار کرابوو، سەرلەنوێ لە قەڵافەتی پێشمەرگەی کۆک و پۆشتەی ساڵانی ڕابردوودا بەرەو شەڕگە بێتەوە. وێنە و فیلمی ئەم پێشمەرگانە لەسەر میدیای کوردی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەئەسپایی ئەوەی بە گوێی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا چرپاند کە وا خەریکە حزوور و بوونی پێشمەرگە، واتە گوتاری قۆناغی یەکەم ببووژێتەوە. لەڕاستیدا هەستێکی نیشتمانپەروەری ئاوێتەی حەماسەت بخاتە دەمارەکانی ڕۆژهەڵاتەوە وەک یەکێک لە پێداویستیەکانی خەباتی شاخ. ئەمەش بووەتە هۆی وەدیهاتنی تروسکەیەکی هیوا لەناو دڵی خەڵکی ڕۆژهەڵات کەوا خەریکە حزووری پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات لەبەرەکانی شەڕدا گوتاری سەردەمانی قۆناغی کوانووی شۆڕش سازبداتەوە. هەرچەندە با ئاماژە بەو ڕاستییەش بکەم کە بێگومان ئەم شوبهاندن و وێکچوونە لە دوو خاڵدا بە ڕواڵەت جیاوازن. یەکەم لەباری ژمارەی هێزی پێشمەرگە لەم ساڵانەدا کە لەچاو ئێستا زۆر زیاتر بوون و هەروەها جوگرافیای شەڕگە، واتە پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات لە باشوور خەریکە خۆی دەردەخا نەک لەسەر خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام من پێموایە لە پاش هێرشی داعش ئیتر بە تەواوی هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە گۆڕاون، هەربۆیە باوەڕم بە خەباتی لۆکاڵی و ناوچەیی نەماوە، بەو واتایە کە هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات بۆی نەبێ لە باشوور خەبات بکات، ڕێک بە پێچەوانەوە دەبێ ئەم خەباتە هاوشانی باشوور بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێز لە پرەنسیپ و بنەماکانی سیاسەتی هەردوولا بگیرێ. وەک دوا وتە شاخ واتە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات دەبێ ئەم ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییە یان هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی لەم چەشنە لە قاڵبی نافەرمانی مەدەنیشدا وەک مانگرتنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕۆژێکی وەک 22ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی تیرۆری دکتۆر قاسملوو بقۆزنەوە و کانالیزەی بکەن و بە جۆرێ خەباتی شار و شاخ لێک گرێ بدەن، ئەمە دەسپێکی قۆناغێکی نوێیە لە خەبات لە ڕۆژهەڵات کە نابێ لە کیس بچێ!



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net


# کورد و شەبووت

بڵێی کورد سەفەوی بن و پێماننەزانیبێ و تەنیا بۆ ئێمە دروستبووبێ ئەم داعشە؟ ئاخر ئەوە دوو مانگیش دەبێ تاقە گوللەیەکیان بە سوپای ئەسەدەوە نەناوە، وەک بڵێی ڕەققە شارێک بێ لە ئیسپانیا وا بەشار پشیلە وازی لێهێناوە. هەندێ تەقوتۆقی ئەملاولا نەبێ، ئەوە مانگێک زیاترە شەڕێکی ئەوتۆ لەنێوان سوپای عێراق و داعشدا ڕووینەداوە، وەک بڵێی مووسڵ سەر بە یەمەن و تکریتیش عایدی بەحرێن بێت! ئەرێ کوان تۆپ و تەیارەکانی بەغدا؟ تا ئێستا تۆپێکیان بە داعشەوە لە مووسڵ نەناوە. حکومەتی بەغدا ئەوەندە ناقیسولعەقلە، هێشتا گوندێکی لە مووسڵ ئازاد نەکردووە، کەچی داوادەکات پێشمەرگە بکشێنەوە. مووسڵی بە تەواوی چەکی قورسی سوپاکەیەوە لەوێ ڕادەستی داعش کرد، کەچی دەڵێ نابێ بەبێ ڕەزامەندی من چەک بەکورد بدرێت. وەرە ئەوەندە گەلحۆ بێ، دارێکیان تێبریبێ کەچی بڵێی نابێ کەس دەستبکا بە لووتما. ئێستا ئەوە داعشە بڕیار دەدات کام بەرە گەرم بێ و کامیان شلەتێن، ئەوە ئەوانن بڕیار دەدەن شەڕ لە مەخموور بێت یان لە کۆبانی، ئەی ئەوە نییە لەسەر خواستی داعش، بەرەکانی دیکە هێندە ئارامن، ڕۆژ بە مۆبایل وێنەی یەکدی دەگرن و ئێوارە لە فەیسبووکی دادەنێن. موحەلیلێکی سەربازی کە لەبەر نەبوونی وەنەوشە و لەگزس ناتوانێ سەردانی بەرەکانی شەڕ بکات، دەیگوت: ڕاستە ڕێگا بۆ کۆبانی نییە، بەڵام خۆ ئەگەر ئێمە لێرەوە دوو سێ بەرە لە داعش بکەینەوە، ئەوکاتە داعشیش ئاوا بە کەماڵی ئیسراحەت هەموو هێز و توانا و چەکی قورسی خۆی بۆ سەر کۆبانی نابات.

تەیارەکانی کاکەڕەش ئۆباما و هاوپەیمانییە فشۆڵەکەشی لەوانەی مالیکی چالاکتر نین، هەر هەندێک لەوانەی بەشار باشترن کە داعش وەک چەرخوفەلەک سواری دەبن و وێنەکەی دەخەنە تویتەرەوە. ئاخر لە کاتێکدا بەچواردەوری کۆبانیدا هەر یەک تەپۆڵکە هەیە، دەشڵێن داعشە سەگبابەکە هەرچی تۆپ و تانک و هەمەری هەیە بۆ سەر کۆبانێی بردوون، ئەوە خێرە فڕۆکەکانی کاکەڕەش لەو دەشتە کاکی بە کاکییەدا نایانبینن؟ هاوپەیمانییەکە ئەوەندە فراوانە هەندێ جار لەوەدەچێ داعشیشی تێدا ئەندام بێ.

فۆتۆشۆپ بێ یان نا، ڕێی تێدەچێ وێنەی جەندرمەی داعش و چەکداری ترک، بیوورن جەندرمەی ترک و چەکداری داعش بەیەکەوە بڵاوبووبنەوە، ئاخر خۆ سوپای ترک ئەوە بیست و پێنج ڕۆژە کەپیان لەچاودا نییە کە دەبینن داعش هەڵیکوتاوەتە سەر کۆبانی، بەڵام پێدەچێ ترک، دراوسێیەتی داعشیان لە کورد پێ باشتر بێ. ئەوە سەگبابی ئەردۆغان نییە کە بەهانای کوردەوە نایەت، نە ئەو نە کاکەڕەش قەرزاری بابی کورد نین بێن شەڕی بۆبکەن، بەڵکو ئەوە ساویلکەیی کوردە ئەگەر پێی وابێ ئەردۆغان بە دوو بەرمیل نەوت دێت شەڕی بەوەکالەتمان بۆ دەکات، سەت ساڵ زیاترە کورد بەتەمای فریادڕەسە و هەر قوڵی دەبڕن.

دەڵێن ماسی هەر هەشت چرکە یادەوەریی هەیە، ئەوە بۆیە دەجار بەیەک قولاپەوە دەبێ، پێدەچێ کوردیش نەوەی میدیا و کەیخوسرەو نەبن، ئەوەندەی ڕۆڵەی شەبووت و سوورەماسین، ئاخر کوردیش ئەوە دەیان جارە بەهەمان قولاپەوە دەبن.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# گەڕانەوە بۆ شەرعیەتی هەولێر

ڕەنگبێ لەو چەند مانگەی ڕابردوودا کە داعش بەرەو عێراق خزا، کەس بەقەدەر ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد سوودمەند نەبووبێت. ئاگر لەبەردەمی ماڵی ئەسەدەوە هەڵدرایە ناو کۆشی کورد. ئێستاش کە لە کۆبانێ شەڕێکی سەخت لە ئارادایە، هەمدیس کەس ئاگای لە ئەسەد نەماوە. کاتێک هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ لێدانی داعش بە سەرکردایەتیی ئەمریکا ڕاگەیەندرا، ئومێدی ئەوە دەکرا کە دوای داعش نۆرەی بەشار ئەسەدیش بێت، بەڵام هەموو کاراکتەرەکانی ئەو گەمە گەورەیە، دەیانەوێ تەرکیزی دنیا لەبری ئەوەی لەسەر لەناوبردنی تیرۆر و پاڵپشتەکانی بێت، بخزێندرێتە سووچێکی وەکو کۆبانێوە و ئەوەش لەسەر حیسابی مەینەتی و بەدبەختیی کورد تەواو بێت.

گومان لەوەدا نییە کە ئێران دەستێکی باڵای لە ئاراستەکردنی ڕێڕەوی ڕووداوەکاندا هەیە و باشیش لە نیەتی ئەمریکا و ڕۆژئاوا تێگەیشتووە کە ئامانجی ئەمریکا لەناوبردنی داعش نییە. ئەمریکا نایەوێ داعش لەناو بچێ، چونکە ئەگەر ئەوە بکات، بە ملیۆنان عەرەبی سوننەی عێراق دەکاتەوە ئامانجی تۆڵەسەتێنیی شیعەکان و ئەوانەیش کە پارەی ئەو جەنگەیان داوە، ڕازی نین ئەمریکا کاری وا بکات.

ئێرانیش ئەوەی وەک دەرفەتێک قۆستووەتەوە بۆ ئەوەی لەناو تەپوتۆزی شەڕی داعش و دنیادا ڕژێمەکەی ئەسەد پارێزراو بێت. ڕژێمێک کە هیچ شەرعیەتێکی نێودەوڵەتیی نەماوە، بەڵام وا وردە وردە بۆی دروست دەکەنەوە.

لەو بەینەدا ڕۆڵی تورکیا و داواکارییەکانی بۆ بەشداریی فیعلی لە هاوپەیمانێتیی دژە داعش زۆر گرنگە و لەو خاڵانەی کە ئێران و لایەنگرانی پێی قەڵسن، بریتین لە: نەمانی ئەسەد و دروستکردنی ناوچەی دژە فڕین. هەردووک خاڵ لە زەرەری پەکەکە و ئێرانن، ئەگەرچی تا ئێستا ئەمریکا ملی بۆ هیچ یەک لەوانە نەداوە.

گوتاری ئێران، پەکەکە و یەکێتی و تەنانەت حکومەتی عێراقیش ئەوە بووە کە وێنەی تورکیا ڕەش بکرێت و ئێران وەک فریادڕەس و دەوڵەتی ڕۆژی تەنگانە بناسرێت. دەسەڵاتدارانی تورکیاش بە کاردانەوەی توندیان لەهەمبەر پەکەکە و دانانی لەگەڵ داعش لە کەفەی یەک تەرازوودا ئەو گوتارەیان بەهێزتر کرد و وایان کرد کە تورک وەک دوژمنی ژمارە یەکی کورد وێنا بکرێ. ئەو سیاسەتە تا ڕادەیەک ئامانجی خۆی پێکاوە و ئێستا ئەوانەی ئومێدیان لەسەر ئەوە هەڵچنیبوو کە ڕۆژێک دەکرێ بە هاوکاریی تورکیا کورد ببنە شتێک، کەوتوونەتە بەر پلار و توانج و پەکەکەش بە هاوکاریی یەکێتی لە سایەی ئەو ڕووداوانەوە ژینگەیەکی لەباری بۆ موزایەدە و توندوتیژی دەستکەوتووە. بەڵام ئەو حەقیقەتە ئاشکرا ناکەن کە ئەگەر سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لە هەولێرەوە گوشار نەخاتە سەر ئەمریکا بۆ لێدانی داعش لە دەوروبەری کۆبانێ، ئەوا حەوت زەمان بوو کۆبانێ دەکەوت. کاربەدەستانی ڕژێمەکەی ئەسەد چەندینجار لە دیمانەکانیان لە ڕووداو باسی ئەوەیان کردووە کە لەگەڵ پەیەدە شەڕی داعش دەکەن. باشە بۆ ئێستا هاوکاری پەیەدە ناکەن! خۆ دەتوانن فڕۆکە هەستێنن و بوردومانی داعش بکەن ! بەس ئەسەد هاوپەیمانێکی خائینە. ئینجا ئەگەر پەکەکە لە سێ ساڵی ڕابردوودا لە هێڵی سیاسەتی ئێران و ئەسەد دوورکەوتبایە و ڕێگەی بە بەشداریی سیاسیی حیزبەکانی دیکەی ڕۆژئاوا دابایە، ئەمڕۆ نەدەبووایە لە ناوچەی دژە فڕین بترسێت، وەک چۆن هەرێمی کوردستان لە سایەی ئەو بڕیارە نێودەوڵەتییەوە بووە پەناگەیەکی ئارام و شەرعیەتی نێودەوڵەتیی وەرگرت، دەکرا ئەمڕۆ سێ کانتۆنەکەش وایان لێکرابایە. دەکرا ئەمڕۆ سنوور لە نێوان ڕۆژئاوا و باشووری کوردستاندا نەمابێت و ئەوانەی ئارەزووی بەرگری لە ڕۆژئاوای کوردستانیان هەیە چووبان لەوێ بەرگری بکەن، نەک پەکەکە بە زۆرەملێی گەنجان بنێرێتە کەمپی مەشقی سەربازی. بەڵام تاکڕەویی پەکەکە لەو ڕووەوە نەیهێشت ئەوانە بێنە دی. ئەمڕۆ پەکەکە دەیەوێ کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا وەک هەرێمی کوردستان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و یارمەتیی سەربازی بدرێت، بەڵام ئەگەر هەولێر نەبێ ئەمریکا ئەوەندەش ناکات کە کردوویەتی، چونکە ئامانجی سەرەکی ئەمریکا پاراستنی وڵاتی بەناو عێراقە. بۆیە پێش هەموو شتێک پەکەکە پێویستە لەو قۆناغەدا لەگەڵ سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لەچوارچێوەی سیاسەتێکی نیشتمانیی ستراتیژیدا ریکبکەوێت، ئەگەرنا بەو هاتوهاوارەی ئێستا ناگەنە هیچ.



د. هیوا حاجی

# مەترسی یان بەرژەوەندی

پارادۆکسێکی ڕوون بەدیدەکرێت لە مامەڵەکردنی لایەنە سیاسییە سەرەکیەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕووداوەکانی ئێستای ناوچەکە. لەلایەک لایەنەکان کۆکن لەسەر مەترسییەکان، بەڵام لە لایەکی دیکە، جیاوازیی گەورەیان هەیە سەبارەت بە شێوازی کاردانەوە بۆ ئەو مەترسییانە. بۆ وێنە، هەمووان پێیانوایە کە داعش مەترسیەکی ڕاستەقینەیە و حوکمی تاکڕەوی لە بەغدا سەرئێشەیە و بڕینی بودجە کارێکی نادەستوورییە، بەڵام ناتوانن کۆک بن لەسەر ئەوەی چۆن لە ئەگەری ئەو مەترسیانە کەمبکرێتەوە. لەوەوە جیاوازی گەورە هەیە لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغدا و لێکنەگەیشتن هەیە لەبارەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و موزایەدەی سیاسی دەکرێ لەسەر یارمەتیدان و شێوازی یارمەتیدانی لایەنە کوردییەکان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان. لەکاتی ئێستادا، ئەم پارادۆکسە خەسڵەتی زەقی سیاسەتی کوردییە لە هەرێمی کوردستان.

لەڕاستیشدا ڕەنگە دەستنیشانکردنی مەترسییەکان ئاسانتر بێت لە دیاریکردن و کۆکبوون لەسەر بەرژەوەندییەکان. لەکاتێکدا دوژمن هێرشێکی سەربازی، یان ئابووری و سیاسی لەبەرامبەردا بەرپا دەکات، ڕەنگە زۆر زەحمەت نەبێ درک بە مەترسییەکان بکرێت. ئەو قسەیە بەتایبەتی ڕاستە ئەگەر هێرشەکە سەربازی بێت. بەڵام پرسیاری ڕووبەڕووبوونەوە و میتۆدەکانی و دروستکردنی هاوپەیمانی و چەندین پرسیاری دیکەش دەگونجێ ببنە سەرچاوەی کەلێن و دووبەرەکی لە نێوان لایەنەکاندا. بۆ ناوچەیەکی هەڕەشەلێکراوی وەک هەرێمی کوردستان ڕەنگە پرسیارکردن لە بەرژەوەندییەکان گرنگتر بێت لە پرسیارکردن لە مەترسییەکان. من لێرەدا بەرژەوەندی بەمانای ئەوەی لە ئایندەدا دەگونجێ چی باش بێت بۆ ئەم هەرێمە بەکاردێنم. واتە لە سیاسەتدا بەرژەوەندیمان لەچیدایە، دەبێ ئابووریی ئایندەمان بەرەو کوێ بڕوات، ژیانی کۆمەڵایەتیمان پێویستە بە چ ئاراستەیەک بگۆڕین و هەروەها چۆن تەکنۆلۆجیا بەکاربێنین و تادوایی.

ئەو ڕژێمە سیاسیانەی بە دیمۆکراتیک حیساب دەکرێن، دامەزراوە و میتۆدی ڕوونیان بەرهەمهێناوە بۆ دەستنیشانکردنی بەرژەوەندیی وڵاتەکانیان. بۆ نموونە دیارە ئەرکی پەرلەمان چییە، دەسەڵاتەکانی سەرۆک و سەرۆک وەزیران دیارن، سنووری پارتە سیاسییەکان لە پەیوەندییە دەرەکیەکانیان ڕێکخراوە، هێزی سەربازی خراوەتە ژێر دەسەڵاتی دەسەڵاتدارە مەدەنیەکان، یاسا هێزی ڕەهای هەیە و بەسەر هەموو گۆشەیەکی وڵاتدا جێبەجێ دەبێ. لەو وڵاتانەدا، دیارە کێ (کەس و دامەزراوە) بڕیار لەسەر بەرژەوەندییەکان و چۆنیەتی بەرگریکردن لەو بەرژەوەندییانە دەدات. بەدڵنیاییەوە، زۆر جار ناکۆکی و تێڕوانینی جیاواز هەیە، بەڵام سیاسەتی ڕەسمی ڕوونە و ئەو سیاسەتەش پیادە دەکرێت.

لەهەرێمی کوردستان کێشەی جدیمان لەگەڵ پرسیاری "بەرژەوەندییەکانی هەرێم" هەیە. تا ئێستاش بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان سیاسەتی ڕەسمی بە تەواوی دیار نییە. پارتە سەرەکیەکان، بەتایبەتی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لێکدانەوەی جیاوازیان هەیە سەبارەت بە پرسی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان. بۆیە هەر کامەیان لە فەزای تایبەت بەخۆیدا ڕەفتار دەکات. هاوپەیمانەکانیان لە نێوخۆی عێراق و دەرەوەی عێراق جیاوازن و گوتاری سیاسی جیاوازیان هەیە سەبارەت بە دۆخەکە. کێشەکە لەوەدا نییە کە ئەم دوو حیزبە جیاوازییان هەیە. لە ڕاستیدا جیاوازییەکان دەمێننەوە و نابێ کەس چاوەڕێ بکات ئەو جیاوازییانە کۆتاییان بێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لەبەر ئەوەی تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان ئێمە خاوەنی دامودەزگای سیاسی ئەوتۆ نین کە لە واقیعدا، بە تەواوی نوێنەرایەتی سیاسی هەرێمەکە بکات، بۆیە ناکۆکی و جیاوازیی حیزبەکان بە ئاسانی بەسەر سیاسەتی گشتیدا ڕەنگدەداتەوە. لەبەرئەوە بۆ چاودێران و خەڵکی ئاساییش ڕوون نابێ کە سیاسەتی گشتی چییە. لە ناوچەیەکدا سیاسەتی گشتی شتێکە و لە ناوچەکەی دیکە شتێکی ترە.

ئەم ڕەوشە لەسەردەمی جەنگدا مەترسیدارترە. لەمڕۆی کوردستاندا، زۆرترین قسە لەسەر یەکڕیزیی ناوماڵی کورد دەکرێ، بەڵام هەوڵی کەم بەدیدەکرێ بۆ هەماهەنگی و لێکنزیکبوونەوەی لایەنە سیاسییە گرنگەکان. ئێمە شاهیدی دابەشبوونێکی ڕوونین لە سیاسەتی کوردیدا. تادێ گوتاری سیاسی لێکجیاواز بەرهەمدێت و یەکتر تۆمەتبارکردن لە ئاست مەسەلە جیاوازەکاندا بووەتە بەشێک لە ڕەفتاری ئاسایی حیزبە سیاسیەکان. جیاوازیی سیاسی حیزبەکان بە دڵنیاییەوە شۆڕدەبێتەوە بۆ شەقامی کوردی و ئەگەری ئەوە هەیە کە کۆمەڵگاکەش لە نێو خۆیدا بەرەو دابەشبوونی زیاتر بڕوات. ئەمەش بۆ ئەم ساتەوەختە مەترسییەکی ڕاستەقینەیە.

بەرهەمهێنانی تێگەیشتنێکی هاوبەش سەبارەت بەوەی کە چی لەبەرژەوەندی ئەم هەرێمەدایە بە تەحەدایەکی گرنگی ئەم قۆناغە هەژمار دەکرێت. لە بەر ڕۆشنایی واقیعی دابەشبوونی هەرێمی کوردستاندا، هیچ لایەنێک بە تەنیا ناتوانێ لە جیاتی هەموو هەرێمەکە قسە بکات. تەنانەت دامەزراوە ڕەسمییەکانی وەک سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و پارلەمانیش دیسان ئەستەمە بتوانن بەشێوەیەکی دامەزراوەیی و بەپێی یاسا ڕەسمییەکانی هەرێم بەئەرکی خۆیان هەستن. واقیعێک لە هەرێمی کوردستان هەیە ئەویش واقیعی دوای شەڕی ناوخۆ و دابەشبوونی هەرێمە بەسەر هەژموونی دوو حیزبی سەرەکیدا.

بە باوەڕی من بۆ تێپەڕاندنی ئەم هەلومەرجە، پێویستە پلانێکی کورتمەودا و ستراتیژێکی درێژخایەن لەگۆڕێ بێت. لە کورتمەودادا، تەوافوقی لایەنە سیاسییەکان، بە تایبەتی پارتی و یەکێتی، لەسەر سیاسەتی گشتیی هەرێمی کوردستان زەرورییە. پێویستە هەماهەنگی و لێکتێگەیشتنی زیاتر بێتەکایەوە سەبارەت بە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ لایەنە عێراقیەکان و وڵاتانی دراوسێ و تەنانەت وڵاتە بەهێزەکانی جیهانیش. لە درێژخایەنیشدا، مەسەلەی تێپەڕاندنی دەستووری هەرێم و بەرقەرارکردنی دامەزراوە دەستوورییەکان گرنگیی ئێجگار زۆری هەیە. تێپەڕاندنی دەستوور گرنگیی خۆی دەبێ لە ڕێکخستنی سیاسەت و دانانی ڕێساکانی سیاسەتکردن لە هەرێمەکەدا. کاتێک دەستوورت هەیە، دەزانی ئەرک و مافەکان کامانەن. دیاردەبێ سنووری کاری حیزبی چییە و هەمووان دەزانن سنووری دەسەڵاتی حکومەت و سەرۆک و دادگا کامانەن. ڕەنگە لەسایەی دەستووردا زیاتر بزانین حکومەت کێیە و دەتوانێ چی بکات. بە کورتی دەبێ بەرەو ئەوە بڕۆین کە حکومەت حکومەت بێ و بتوانێ نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی هەرێمەکە بکات. لە ئایندەدا نابێ جێگایەک بۆ فرەحکومەتی لەنێو یەک حکومەتدا (دیار من لێرەدا مەبەستم دیسێنترالیزەیشن- لامەرکەزیەت نییە) بمێنێ. ئەوەی حکومەتە با لە چوارچێوەی دەستوور و یاساکاندا حکومەتایەتی خۆی بە تەواوی بکات.



غەیاسەدین نەقشبەندی

# تورکیا.. لەدەستدانی پێگەی جیهانی

گۆڕینە دراماتیکیەکەی سیاسەتی تورکیا لەبەرامبەر داعش بەماوەی دوو هەفتە، نیشانەی ئەوەیە کە تورکیا تووشی قەیرانی پێگەی نێودەوڵەتی بووە و ناچارە بەوجۆرە لەناکاوە سیاسەتی خۆی بگۆڕێت، ئەگەرنا گۆڕینێکی وا ڕەگەزی لە سیاسەتی دەرەوە کات و شوێن و لێکۆڵینەوەیەکی زۆری دەوێت بەرلەوەی بیر لەگۆڕانکارییەکە بکرێتەوە.

بۆئەوەی تورکیا پێگەی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی خۆی لەدەستنەدات، لە دالدەدانی ئیسلامچییەکان پاشگەز بووەوە و خۆی هاویشتەوە ناو کۆمەڵی نێودەوڵەتی و بەشداریی خۆی لەگەڵ هێزی هاوپەیمانی دژە تیرۆر جاڕ دا، چونکە هەستی بەوە کرد کە سیاسەتە ئیسلامچییەکەی زۆر لەسەری دەکەوێت، ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە هەر ئەو سیاسەتە بوو تورکیای خستە ناو پارادۆکسێکی هزری و گێژاوێکی سەخت کە نەیدەزانی بەرەو کام لا بچێت و بەکام لادا بشکێتەوە: ئەورووپایەکی کە بەهیچ شێوەیەک قەبووڵی ناکات هەشتا ملیۆن موسڵمانی دیکە ببنە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا و بەسەدان گرفتی نوێی بۆ بدۆزنەوە، یان ئەمریکا کە وەک زەمانی جەنگی سارد کاری پێی نییە؟ یان جیهانی ئیسلامی کە لەبەر هەژموونی هزری بەتورککردن کەس خۆشی ناوێ؟ یانیش کەشیدەی سوڵتانەکانی ئوسمانی لەسەربکاتەوە و ببێتە میراتگریان کە دەیخاتە ناو چەندین تەڵەبەندی تازە و دەیخاتە ناو هەڤرکییەکی سەخت لەگەڵ ئێران و خۆشی نازانێت کامەیان هەڵبژێرێت.

تورکیای تازە لە ساڵی 1923ەوە دامەزراوە و لەوکاتەوە پێگەیەکی ستراتیجی گرنگ و ڕۆڵێکی سیاسیی گرنگتری بەدەستهێنا و لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی سارد توانی ببێتە قەڵغانێک دژ بە هەژموونی سۆڤیەت لەدەڤەرەکەدا. هێزە سەربازییەکەی کە لەپاشماوەی ئەتاتورکەوە کرا بە یەکێک لەهێزە هەرەگرنگەکانی ناتۆ و لەشکرەکەی وەک پارێزەری بەها و ئاکاری جمهوریەت باڵادەست کرا بۆئەوەی هیچ ڕێگایەک بە کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکان نەدرێت بیر لە سەربەخۆیی یان چەند مافێکی ڕەواش لەناو تورکیای تازەدا بکەنەوە کە سیاسەتی یەک ئاڵا و یەک نەتەوە و یەک کەلتوور چەسپێنرا.

ئەو دەزگا لەشکرییە بەهێزە، نەک تەنها لەبەرامبەر کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکاندا دڕندەبوو، بەڵکو بە بیانووی ئەوەی لە سیاسەتە ڕەگەزپەرستەکانی ئەتاتورک لایانداوە، چوار جار کودەتای لەشکری لەسەر حکومەتە سڤیلەکانی خۆی کردووە لەبەر ئەوەی نەرمییان نواندووە، یەکەمینیان لە 1960 و دواتر لە 1971 و 1980 و 1997 کە بە زۆر دەست لەکارکێشانەوەی حکومەت ڕاگەیێنراوە و حکومەتێکی سڤیلی ژێردەستی دەسەڵاتی لەشکر دامەزرێنراوە.

دوای کۆتایی جەنگی سارد و باڵادەستیی ئەمریکا بەسەر جیهاندا، ڕۆڵی تورکیا وەک پێگەیەکی ستراتیژی نەما و تەنها بەناو دۆست و هاوپەیمانی ستراتیژیی ئەمریکا مایەوە، هیچ کارێکی پێنەدەکرا و کەوتە ناو ئابلوقەیەکی ئابووریی خنکێنەر کە گەیشتبووە ڕادەی هەڵوەشانەوەی دامودەزگا حکومییەکان و پەرتوبڵاویی دەوڵەت و بەهێزبوونی ناڕەزایی جەماوەری، بۆیە جۆرەها ئۆپۆزیسیۆنی هێنایە کایەوە کە بارودۆخەکەیان ئاڵۆزتر کردبوو.

دروستبوونی پارتی دادوەری و گەشەپێدان بەماوەیەکی کورت وەک ئەڵتەرناتیڤێکی هۆشبەر، ئەو تیۆرەی سەلماند و بوو بە هاندەر بۆ ئەوەی بەوخێراییە تەشەنە بکات و لە شارەوانییەکان زیاترین ژمارەی کورسی بەدەست بهێنێ و تەنانەت پەرلەمان و حکومەت بگرێتە دەست. ئەکەپە بناغەیەکی ئیسلامیی کۆنسێرڤ (محافزکار)ی هەیە، بۆیەش سەروەرییەکانی ئیمپراتۆریی ئوسمانی کرد بە کەلتوورێکی سەرچاوەیی تێکهەڵکێش بە بەها و ئاکاری مۆدرێنیزمەوە و بوو بە میراتگری ئەو کەلتوورە کە لەناو جیهانێکی پێشکەوتوودا کۆکردنەوەی مۆدێرنیزم و ئیسلام و کۆنسێرڤەتیزم لەیەک کاتدا مەحاڵە، بەتایبەت بۆ بەدەستهێنانی پێگەیەکی ستراتیجی لە دەڤەرەکەدا.

ئەکەپە توانی تا ڕادەیەک سیاسەتی ئابووری خۆی بگۆڕێت و وڵات لەژێر قەرزەکان دەربکات، هەروەها لەگەڵ دراوسێکان بەشێوەیەکی دیکە ڕەفتار بکات و لەوانەش هەرێمی کوردستان کە جاران تەنانەت ناوهێنانی کوردستانیش تاوانێکی گەورە بوو و تورکیا بەردەوام خەریکی پیلانگێڕی بوو لە دژی ئەو هەرێمە نیمچە سەربەخۆیە، بەڵام ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییەی لە پەیوەندییەکانی دەرەوەو بە پۆڵەسییەکی نوێ توانییان سەرکەوتنێکی چاک بەدەستبێنن و تورکیا بەرەو پێگەیەکی نوێ ببەن.

وەک میراتگری ئوسمانییەکان خۆیان تووشی تەڵەیەکی دی کردەوە کە دەبێ بەرامبەر بە ئێران ببنە هەڤرک، چونکە ئێرانیش خۆی بەمیراتگری سەفەوی دادەنێت، بۆیە هەمیشە لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا نیگەرانیی ئەوەم هەبوو نەوەک جەنگێکی نوێی وەکو چاڵدێران دووبارە ببێتەوە، چونکە بەدووبارەبوونەوەی ئەو جەنگە ترسناکە کوردستان دەکەن بە مەیدانی جەنگ و لەناوی دەبەن.

ئەو ئاڵۆزیانەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەتایبەت هاتنی داعش و تێکچوونی عێراق و سووریا، هەموویان هێمای ترسناکی دروستبوونی ئەو جەنگەن، ئێستاش ترسەکەم نەڕەڤیە و هەمیشە گوتوومە: شتێک نییە بەناوی جەنگی سووریا یان جەنگی عێراق، بەڵکو جەنگی ئێران و تورکیایە لە سووریا و عێراق کە ئاشکرایە سوننە لە هەردوو وڵات بە پشتگیریی تورکیا دژ بە شیعە دەجەنگن و شیعەکانیش بە پشتگیریی ئێران ناهێڵن جارێکی دیکە سوننە لە عێراق حوکم بکەنەوە.

هاتنی داعش خەریکە لەگەڵ کۆتاییهاتنی پێکهاتنی "سایکس – پیکۆت" خاڵەکان ئاشکراتر دەکاتەوەو جەنگی دووبارە کێشانی مەرزەکان دەهێنێتە ئاراوە کە پێموایە تورکیا بەو سیاسەتە لێڵەی خۆی و پشتگیریی شەپۆلە ئیسلامچییەکان، دەبێتە زیانپێکەوتووی یەکەم، چونکە مەترسی داعش لەسەر تورکیا زیاترە تاوەکو ئێران. بەتایبەتی لە جەنگی کۆبانێ و دوای شکستەکانی داعش لە باشووری کوردستان، تورکیا پێگەی ستراتیژی و سیاسی خۆی لەدەستدەدات و پێموایە تەنها تێوەگلانی تورکیا لە جەنگەکەی کوبانێ ئاگرێک دەکاتەوە کە بە دابەشکردنی تورکیا کۆتایی دێت، نەخاسمە "سایکس – پیکۆت" دوو ساڵی ماوە ببێتە 100 ساڵ پوچەڵ ببێتەوە و دەڤەرەکە بەگشتی پێویستی بەفۆرمێکی دیکەی پێکهاتنە لەنێوان زلهێزەکاندا بۆ بەدەستهێنانی وزەیەکی هەرزان.

زۆرجار ئەردۆغان وەکو ئەتاتورک هاتووەتە بەرچاوم، ئەتاتورک تورکیای لە پەرتوبڵاوی و تێکچوون ڕزگار کرد، ئەردۆغانیش هەمان کاری کردووە و تورکیای لە تێکچوونێکی حەتمی ڕزگارکردووە، بەڵام پشتگیریی تورکیا لە شەپۆلی ئیسلامی و هێزە تیرۆریستەکان، تورکیا لە ئەمریکا و ئەورووپا دوور دەخاتەوە و دەیخاتە ناو مەترسی نەمانی ڕاستگۆیی و ڕەوایەتی وەکو یاریکەرێکی بنەڕەتی لە گشت دەڤەرەکە و هێزە عەسکەرتارەکان لەناو دامودەزگا حکومییەکانی تورکیا باڵادەست دەکاتەوە بەبێ ئەوەی خۆیان بیانەوێ، ئەگەری ئەوەش هەیە چوار کودەتایەکەی کە لە دیرۆکی هاوچەرخی تورکیادا کراون، ببنە پێنج و ئەردۆغان لە ڕزگارکەر و بونیادنەری تورکیای نوێوە ببێتەوە قوربانی هاتنەوەی دەزگای عەسکەرتاری.

ڕووداو
ژمارە (329) دووشەممە 2014/10/13



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# قەندیل بەخۆیدا بچێتەوە

خەڵکی کوردستان گلەیی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەن کە بەهانای کۆبانێوە نایەت. ڕەخنەش لە تورکیا و ئەردۆغان دەگرن کە شەڕی داعش ناکات. ئایا ئەو گلەیی و ڕەخنانە لەجێی خۆیاندان؟ بەڕاستی ئەوەی بەسەر کۆبانی دێت و پێشتر لە شوێنەکانی دیکە بەسەرمانهات خەتای ئەو سیاسەتە ناتەندروستەیە کە تورکیا بەرامبەر داعش هەیەتی؟ یان خەتای خۆمانە و دەمارگیریی حیزبی ناهێڵێ دەرکی پێبکەین؟


کەس ناتوانێ حاشا لەوە بکات کە خەڵکی کۆبانی و شەڕڤانان داستانێکی لەبیرنەکراویان لە کۆبانی تۆمارکرد. داستانێک کە وایکرد نوشووستییەکەی جەلەولا و شنگال کەمتر شەرمەزارمان بکات و وەرەی پێشمەرگە و شەڕڤانەکانیشمان بەرزتربێتەوە. بەڵام ئەمە هیچی پێ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە دەکرا خەڵکی کۆبانی تووشی ئەو مەینەتیەی ئێستا نەبن. دەشکرێت لە ئایندەدا عەفرین و سەرێ کانی و قامشلۆ و حەسەکەش دڵەڕاوکێی دووبارەبوونەوەی مەرگەساتی کۆبانییان نەبێت.

ساڵی 2012، لە هەولێر پێکهاتەیەک بەناوی (دەستەی باڵای کورد)، بە نێوبژیی مەسعود بارزانی و بە شایەتیی عوسمان بایدەمیر و لەیلا زانا دروستکرا. لەو دەستەیەدا نوێنەری هەموو پارتەکانی ڕۆژئاوای کوردستان هەبوون. پشکی PYDش بەتەنیا لە دەستەکەدا پەنجا لەسەد بوو. ئەو دەستەیە بناخەی بۆ دانانی ئیدارەیەکی خۆماڵی لە ڕۆژئاوای کوردستان دادەنا و وایدەکرد کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەبێ دوودڵی، وەکو تاکە ئیدارەی دەرەوەی دەسەڵاتی ڕژێمی ئەسەد لە سووریا، دانی پێدابنێت و مامەڵەی یاسایی و سیاسیی لەگەڵدا بکات. بۆ تورکیاش، کە پشتیوانی لە هەر هەوڵێک دەکات بۆ لابردنی ئەسەد، تەنانەت ئەگەر ئەو هەوڵە لەلایەن جەبهەتولنوسرەشەوە بێت، مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئیدارەیەدا ئاسانتر دەبوو لەو هەڵوێستە چەوتەی ئێستا بە قروقەپکردن بەرامبەر داعش گرتوویەتیەبەر.

ئەو هەوڵە و کارەکانی ئەو دەستەیە لە چەند کۆبوونەوەیەک زیاتر بڕی نەکرد و قەندیل فاتیحای بۆ خوێند. لەجیاتی ئەوە PKK تاکلایەنە لە ڕۆژئاوای کوردستان سێ ئیدارەی جیاوازی بەناوی کانتۆنەکانەوە دروستکردن، کە جگە لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە هیچ جێگەیەکی دنیادا نە لەلایەن هیچ پارت و دەوڵەتێکەوە دانیپێدانرا و نە مامەڵەی فەرمیشی لەگەڵ دەکرێت. هۆیەکەشی ئەوەیە کە هێشتاش PKK لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و تورکیادایە و ئیدارەیەک ئەو حیزبە دروستی بکات و لە قەندیلەوە ئاراستە بکرێت، نابێ چاوەڕوانی دانپێدانانی نێودەوڵەتی بێت. بەڵام لەو نێوەندەدا باجی گران خەڵکی کۆبانی و شەڕڤانان دەیدەن. چونکە ئاوا جیهان فریایان ناکەوێت.

توانای باشووری کوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی بۆ پشتیوانیکردن لە کۆبانی سنووردارە. بۆیە لە سلێمانی لە هوتافدان واوەتر، بە یەکێتیشەوە، کەس هیچی پێناکرێت، لە هەولێریش جگە لە داواکردن لە هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ پشتیوانیی ئاسمانی لە خەڵکی کۆبانی و ئاراستەکردنی فڕۆکەکان لە هەولێرەوە بوار بۆ هیچ پشتیوانییەکی دیکە نییە. فەرماندە سەربازییەکانی ئەمریکا باسی ئەوە دەکەن کە گەورەترین لەمپەر لەبەردەم هێرشە ئاسمانییەکانیان لە کۆبانی ئەوەیە بەوردی نازانن کوێ بۆمباران بکەن و داعش لەکوێ و لەناو کام باڵەخانەدا خۆی مەڵاسداوە. بۆیەش بەردەوام دەڵێن پێویستیان بەوەیە لە هەولێرەوە نا، بەڵکو لەناو کۆبانێوە چاوساخیان هەبن. ئەم ڕەوشەش، جگە لە قەندیل، کەس دەسەڵاتی ئەوەی نییە بیگۆڕێت. ڕەنگە هەر ئەو بێدەسەڵاتییەش وایکردبێت کە بارزانی لە دوایین هەڤپەیڤینی ڕۆژنامەڤانیدا تەنیا خۆزگە بخوازێت بە فڕۆکە یارمەتی بگەیەنرێتە کۆبانی. خۆزگەیەک کە هیچ لە باری مەینەتیی کۆبانییەکان سووک ناکات.

ئەوەی هەولێر و باشوور بۆ کۆبانی پێیاندەکرێت ئەوەیە کە هانی وڵاتانی هاوپەیمان و تورکیاش بدەن ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی مەرگەساتی شنگال بگرن لە ڕۆژئاوای کوردستان. بەڵام ئەمە تەنیا ئەوکاتە دەکرێت کە ئەو وڵاتانە لەمپەری یاسایی و سیاسییان لەبەردەمدا نەبێت بۆ گوێڕاگرتن لەو داوایەی هەولێر. ئەمەش ئەوکاتە وەدیدێت کە سەرکردایەتی PKK لە قەندیل لە کەلی شەیتان بێتە خوارەوە و لەجیاتی ئەوەی ڕۆژئاوای کوردستان بکاتە پارووێکی چەور بۆ شمشێروەشێنە بە خوێن تینووەکانی داعش، وابکات لەو بەشەی کوردستاندا ئیدارەیەکی نیشتمانیی گشتگیری داماڵراو لە تاکڕەویی حیزبی حوکمفەرما بێت. ئیدارەیەک کە دانپێدانانی نێودەوڵەتی وەدەستبهێنێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ناچاربکات، وەکچۆن لەسەر هەولێر هاتەدەنگ، ئاواش لەسەر کۆبانی و قامشلۆ وەدەنگ بێت. ئەرکی یەکێتیش لەم هاوکێشەیەدا گرنگە. چونکە ئەگەر بەڕاستی خەمی ڕۆژئاوای کوردستان و PKKیەتی، نابێ چەپڵە بۆ زیاتر نقومبوونی PKK لەو زەلکاوەدا لێبدات کە لە ڕۆژئاوا بۆخۆی دروستکردووە.






بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# کۆبانێ چەنەقەڵای کوردە

28 ڕۆژی ڕێک و ڕەبەقە بەشێک لە نیشتیمان لەژێر ڕەحمی ئاگر و ئاسندایە. شارۆچکەیەکی بچووک سێ لای بە دوژمن دەورە دراوە و لە هەر سێ لاکەوە بە تۆپ و هاوەن و تانک بۆردومان دەکرێت. بەڵام ئیرادەیەکی پۆڵایین، کە ئیرادەی پێشمەرگەم لە ساڵانی شۆڕشدا دەهێنێتەوە یاد، قەپی کردووە بەو خاکەدا و بە تەنها و بێکەس تەحەددای شاڵاوی دڕندەترین بەربەرییەکانی هەموو مێژوو دەکات.

مێژوونووسە تورکەکان دەگێڕنەوە لە باشووری ئیستەنبوڵ لە گەرووی چەنەقەڵا کە دەریای سپی ناوەڕاست و دەریای مەڕمەڕە دەبەستێتەوە بەیەکەوە لە 1915-03-18 هێرشێکی دەریایی گەورە دەکرێتە سەر دەوڵەتی عوسمانی. مەبەست لەم هێرشە کە لە 1914-11-3 وە ئامادەباشی بۆ کراوە تێپەڕاندنی کەشتییە سەربازییەکانی دەوڵەتە هاوپەیمانەکانە بەرەو ئیستەنبوڵ و گەرووی بۆسفۆروس، کە دوا ئامانج لێی دەستگرتنە بەسەر ئەو شارەدا و خستنی دەوڵەتی عوسمانی.

ڕووبەڕووبوونەوەکانی چەنەقەڵا بۆ ماوەی 8 مانگ و نیو بەردەوام دەبێت و دواجار بە شکستی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لەو قۆڵەوە کۆتایی پێدێت. دەکرێت بڵێین ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی درەنگکەوتنی کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی یەکەم و دروستبوونی ئەو ئیرادەیەی دواتر بە بنیادنانەوەی کۆماری تورکیا کۆتایی هات. بەڵام بێگومان ئەم سەرکەوتنە ئاسان نەبووە. بەپێی زۆربەی مێژوونووسان 253 هەزار سەربازی عوسمانی لە چەنەقەڵا گیانیان لەدەستداوە. دروشمێکی بەناوبانگیش هەیە کە لە تورکیا بۆ وێناکردنی ئەم بەرگرییە بەکاردەهێنرێت. تورکەکان دەڵێن "چەنەقەڵا قەت تێناپەڕێندرێت"، بەو مانایەی چەنەقەڵا ناکەوێت و دوژمن ناتوانێت بەو گەرووەدا تێپەڕێت.

لەم بەرگرییە گەورەیەدا کورد بەشدارییەکی دیاری هەبوو. نەک تەنها لە ئامەد و ماردین و وانەوە، بەڵکو لە سلێمانی و هەولێر و شارەکانی ڕۆژئاوای کوردستانیشەوە بە دەیان هەزار گەنج و پیری کورد ڕۆیشتن بۆ چەنەقەڵا بە مەبەستی ئەوەی گیانیان ببەخشن بۆ هاوکاریکردنی ئەو کەسانەی بە برای خۆیانیان دەزانین.

لە کۆی گشتی 57 هەزار ناو کە لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانی تورکیاوە بە فەرمی بە شەهید تۆمار کراون و ناوی تەواویان دیارە، 17 کەس تەنها لە ناوچەی قەرەداغی سلێمانییەوە ڕۆیشتوون. ئەم داتایانەش لە ئەرشیفە فەرمییەکانی ئەنقەرە پارێزراون. لە کۆی گشتی دانیشتوانی شارە کوردستانییەکانیش بە دەیان هەزار شەهید هەن کە هەتا ئێستاش لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی چەنەقەڵا، دوور لە بۆنی خۆڵی نیشتیمان چاوەڕێی ڕۆژی حەشر دەکەن هەتا بە دیداری کەس و کاریان شادببنەوە.

بەرخودانەکەی کۆبانێ هیچی کەمتر نییە لەو بەرگرییەی عوسمانییەکان لە چەنەقەڵا کردیان. بگرە زیاتریشە. مشتێک مرۆڤ بێ چەک، بێ نان و بێ دەرمان چەند مانگە لە ژێر گەمارۆی چەتە دڕندەکانی داعشدان. ئەوا ئەمڕۆش 28 ڕۆژە ڕووبەڕووی کوشتنی بە کۆمەڵ و قڕکردن دەبنەوە. ئەگەر تەنها تایبەتمەندییەک کۆبانێ لە چەنەقەڵا جیا بکاتەوە، ئەوەیە کە دوای ڕزگاربوونی ئەو بەشەی خاکی کوردستان ناوی هیچ "برا"یەکی تورک نابێت مێژوو وەک شەهیدی کۆبانێ تۆماری بکات.

بە پێچەوانەوە، وا بڕوات مێژوو شایەتی لەسەر ئەوە دەدات کە "برا"یانی تورک نەک هەر بە هاناوە نەهاتوون، بەڵکو ڕێگر بوون لەوەی کەسانێکیش بەهانای کۆبانێوە بچن. سەلاحەددین دەمیرتاش لە دوایین دیداریدا لەگەڵ ئەحمەد داودئۆغڵو گلەیی ئەوەی لێ کردووە کە بۆیە کورد بێ خاوەنە لەبەر ئەوەی دەوڵەتی نییە! داودئۆغڵو لە وەڵامدا گوتوویەتی "ئێمە دەوڵەتی کوردین!". دە فەرموون دەوڵەتی و برایەتیی خۆتان بسەلمێنن...

وەفای مرۆڤی ئەنادۆڵ پیشان بدەن و بچن بە هانای کۆبانێوە. هەم بۆ ڕزگارکردنی براکانتان. هەم بۆ ئەوەش کە بۆ هەموو جیهانی بسەلمێنن تورکیا هاوکاریی داعش ناکات و هەموو ئەو تۆمەتانەی دەدرێنە پاڵ ئەنقەرە بوختانن و قسەی هەڵبەستراو و بێ بنەمان.

ناتوانم نووسینەکەم تەواو بکەم هەتا ئەم دوو پرسیارەش نەکەم:

– تۆ بڵێیت مێژوو بەدوای ناوی خەڵکی سلێمانی و هەولێر و سنە و مەهاباد و ئامەد و هەموو ئەو شارانەی دیکەی کوردستانیشدا نەگەڕێت کاتێک ناوی شەهیدانی کۆبانێ تۆمار دەکات؟

– پرسیارێکی دیکەش کە پێش هەموو کەسێک خۆم ئازاری پێ دەخۆم و هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەم لە بەرامبەری: ئاخۆ ئەگەر هەولێر یان سلێمانی لەژێر هێرشێکی هاوشێوەی ئەوەی کۆبانێ بووایە چەند ڕۆژ بەرگەمان دەگرت و ماڵ و حاڵمان بەرەو چارەنووسێکی نادیار جێنەدەهێشت؟



دەیڤد ڕۆمانۆ

# ڕاستییەکە دەربارەی کۆبانی

لەم هەفتەیەدا کۆڵۆمنووسی گاردیان، دەیڤد گرەیبەر لە وتارێکدا دۆخی کوردی سووریا و گەمارۆدانی کۆبانێ بە شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا بەراورد دەکات: "لە شەڕی سووریادا ئەزموونێکی دیموکراتیک لەلایەن داعشەوە دەخرێتە ژێر پێ. ئەوەش کە جیهان بێ ئاگایە بۆخۆی سکاندالێکە".

هەروەکو چۆن شۆڕشگێڕانی ئیسپانی هێزی ژنانیان دروست کرد و سەربازی ژنیان ناردە بەرەکانی جەنگ، یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)ش هەمان کار دەکەن. ئێستا شەڕڤانانی یەپەگە بە چەکە سووکەکانیانەوە ماڵ بە ماڵ شەڕی فاشیستەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام دەکەن. شەڕڤانانی یەپەگە شەڕ دەکەن بۆ ئەوەی خاکی خۆیان بپارێزن و حکومەتێکی دیموکراتیک بپارێزن- حکومەتێک کە نەک هەر تەنیا کوردی پاراستووە و بەهێزی کردوون، بەڵکو بووەتە پەناگە بۆ تورکمان، کریستیان، عەرەب و کەمینەکانی دیکەش. پارتی یەکێتی دیموکراتی کە هێزەکانی یەپەگە بەڕێوەدەبات، هەروەکو شۆڕشگێڕە ئیسپانییەکان و زۆر شۆڕشی دیکەی دنیا فریشتە نین. ئەوان تۆمەتی ئەوەیان دەدرێتە پاڵ کە ڕێگە لە پارتی سیاسی دیکە دەگرن، واتە ئەو پارتانەی کە لەلایەن تورکیا و ئەمریکا و کوردی عێراقەوە پشتگیری دەکرێن. ئەوان هەروەها پەیوەندی ئۆرگانیی بەهێزیان لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) هەیە.

بەڵام کوردی سووریا هێرشیان نەکردووەتە سەر هیچ لایەنێک، جگە لەو ئیسلامیانەی کە دەیانەوێت خاکەکەیان داگیر بکەن. ئەوان تەنانەت داوای دەوڵەتی کوردی و جیابوونەوە لە سووریاش ناکەن. لەبری ئەوە حکومەتێکی لۆکاڵیان لە هەرسێ کانتۆنی کۆبانی و جزیرە و عفرین دروستکردووە. ئەو سێ کانتۆنە وەکو هەرێمێکی دیموکراتیک و لێبووردە لەناو گەردەلولی شەڕی ناوخۆی سووریادا دەرکەوتووە. بەپێی یاساکانی پەیەدە خۆیان، هەموو بەڕێوەبەرایەتیەکان پێویستە بەرپرسی پیاو و ژنیان هەبێت و هەموو کەمینە ئاینییەکانی ناوچەکە لە بڕیارداندا بەشدار بکەن.

بەڵێ هەر لەوکاتەوە کە لە ساڵی 2012 دەسەڵاتی لۆکاڵییان دامەزراند، ئەمریکا و ئەوروپا و نزیکەی هەموو دەوڵەتە "پێشکەوتوو"ەکانی جیهان کوردی سووریایان پشتگوێ خستووە. گرەیبەر دەپرسێت: "ئەگەر لە جیهانی ئەمڕۆدا هاوشێوەیەکی فرانکۆ هەبێت، فرانکۆیەکی بە ساختە ئاینپەروەر و بکوژ جگە لە داعش دەبێ کێ بێت؟ ئەگەر هاوشێوەی موهێریس لیبریس (ژنانی ئازاد)ی ئیسپانیا هەبێت، دەبێت کێ بێت جگە لەو ژنە ئازایانەی کە لە سەنگەرەکانی بەرگریدان لە کۆبانی؟ ئایا جیهان و لە هەمووی خراپتر ڕەوتی چەپی نێودەوڵەتی، بێدەنگ دەبن و ڕێگە دەدەن مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە؟"

پێدەچێت زۆر کەس دووبارەبوونەوەی مێژوویان بوێت، بەپێی ئەو هەڵخەڵەتاندنە بێت کە کاربەدەستانی واشنتن و ئەنکەرە دەیانەوێت دەرخواردی ئێمەی بدەن، ئەوان دەڵێن چەک بە "چەکدارە میانڕەوەکانی سووریا" دەدەن. بەڵام زۆربەی ئەو میانڕەوانەی کە ئەوان چەکیان پێدەدەن شتێکی زۆر کەم لە داعش توندڕەوترن. بەڵام ئەگەر کوردە عەلمانییەکانی سووریا چەکیان بوێت، ئەوە واشنتن و ئەنکەرە پێیان دەڵێن دەبێت واز لە داواکاریی ئۆتۆنۆمی و حوکمی خۆجێیی و مافی کورد و کەمینەکانی دیکە بێنن. وازهێنان لەم داواکاریانە ئینجا دەیانکات بە میانڕەو بۆئەوەی بەشداری شەڕێک بن کە تێیدا دیکتاتۆریەتی عەلەوی عەرەبی بگۆڕن بۆ دیکتاتۆریەکی سوننی عەرەبی.

کاتێک کە ئەمریکا دەستیکرد بە هێرشە ئاسمانییەکانی لە سووریا، هەموو ئەو ناوچانەی کە داعشی تێدا بوو بۆردومانی دەکرد تەنیا لەو شوێنانەدا نەبێت کە گەمارۆی کوردی سووریایان دابوو. داعش بەبێ دوودڵی تانک و چەکەکانی کە لە عێراق دەستی بەسەردا گرتبوون لە دەوروبەری کۆبانی دەسووڕاندەوە، هەرچەندە ئەو تانک و هەمەرانە بە ئاسانی لەلایەن فڕۆکە ڕۆژئاواییەکانەوە دەکرێنە ئامانج. ڕۆژنامەنووسان لەودیوی سنوورەوە هەموو دیمەنەکەیان بە ڤیدیۆ گرتووە، تا ئەوکاتەی کە سەربازە تورکەکان بە گازی فرمێسکرێژ بڵاوەیان پێدەکەن. دواجار کە لەم هەفتەیەدا فڕۆکە ئەمریکیەکان لە دەوروبەری کۆبانی هێرشیان کردە سەر مۆڵگەکانی داعش، لە کاتێکدا کە ئیتر شارەکە وردە وردە دەکەوتە دەستی جیهادییەکان، بە خەڵکی دەگوترا کە تورکیا داوای لە ئەمریکییەکان کردووە شتێک بکات بۆ ئەوەی هاوکاری ئەو شارە گەمارۆ دراوە بکات.

بەڵام زۆر پێدەچێت کە ئەمریکییەکان دواجار بڕیاریان دابێت شتێک بکەن پێچەوانەی حەزی تورکیا بێت. لە کۆبانی داعش خەریکە سەرکەوتنێکی گەورە تۆمار بکات، ئەمەش بۆ هەڵمەتەکەی ئۆباما باش نییە. ڕەنگە بە تورکیایان گوتبێت وا خۆمان دەردەخەین کە پرسمان پێکردبن. چونکە ئەگەر تورکیا بەڕاستی ویستبێتی لە داعش بدرێت لە دەوروبەری کۆبانی، ئەوا خۆی دەیتوانی لە داعش بدات، خۆ داعش تەنیا چەند سەد مەترێک لە سنوورەکانیەوە دوورە. هەر چەند گوللە تۆپێک کاریگەرییەکی بێ وێنەی دەبوو. یان هیچ نەبێت ئەنکەرە دەیتوانی ڕێگە بە هێزەکانی پێشمەرگە بدات بە خاکی تورکیادا بچنە هاوکاری کۆبانی، هەروەکو چۆن پەیەدە هاوکاری کرد لە عێراق. بژارەی زۆر باشتر لەبەردەستدا هەن بۆ هاوکاریکردنی کۆبانی، وەکو لەوەی کە شارەکە بە گەمارۆدراوی بمێنێتەوە یان هێزی زەمینیی تورکیا بچێت بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام. ئەو ناوچە ئارامەی کە بۆ تێکدانی ئۆتۆنۆمی کوردی سووریا دەبێت زیاتر لە هەر شتێکی دیکە.

ئەنکەرە هێشتا هەر دەڵێت کە ئەو دژی داعشە، تەنانەت لە کاتێکدا کە داعش چەکدار لە تورکیاوە دەهێنێت و نەوتە قاچاخەکەی بە خاکی تورکیادا ڕەوانە دەکات، هەموو ساڵێک سەدان کورد دەخرێنە زیندانەوە لەبەر بە قاچاخ بردنی جگەرە لە سنوورە شاخاوییەکانی ئێران و عێراقەوە، بەڵام نابینین قاچاخچیەکی داعش لە سنووری تەختی نێوان سووریا و تورکیادا بگیرێت. لەبری ئەوە تورکیا ڕێگە لە ناردنی خواردن و خواردنەوە بۆ بەرگریکاران لە کۆبانی دەگرێت. لەهەمان کاتیشدا وا خۆی پێشان دەدات کە نایەوێت کۆبانی بکەوێتە دەست داعش.

مانگی ئاداری 2013 پەکەکە شەڕی خۆی لە دژی ئەنکەرە ڕاگرت و دەستی بە گفتوگۆی ئاشتی کرد لەگەڵ تورکیا. کەچی هەفتەی ڕابردوو سەرۆک ئەردۆغان گوتی بۆ تورکیا تیرۆریستەکانی داعش و پەکەکە هەمان شتن. ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، کەوایە باشتروایە هاوکاری چەکدارە کوردەکان بکرێت نەک ڕێگەیان لێ بگیرێت، تا لە سنووری تورکیا بچنە دەرەوە بۆ سووریا و پارێزگاری لە کۆبانی بکەن.



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# ئێران چی لە کۆبانێ دەوێت؟

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەک هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان هێرشەکەی داعش بۆ سەر کۆبانێ دەنگدانەوەی خۆی هەبوو. جەماوەری شارەکانی کوردستان بە خرۆشانەوە بۆ کۆبانێ ڕێپێوانیان کرد.

لەگەڵ دڵخۆشیمان بەو خرۆشانە جەماوەریەی ڕۆژهەڵات، بەڵام دەبێت ئەوەش جێی پرسیارمان بێت، ئایا لە ئێرانێکدا کە ڕۆژانە چالاکوانی سیاسی لەسێدارە دەدرێن و ئازادییە سیاسیەکان — بەتایبەت بۆ کورد- تا ئەوپەڕی قوفڵ کرابێت، ئەو خرۆشانە جەماوەرییە بۆ کۆبانێ، بێ دەستوەردانی دامودەزگاکانی حکومەت بەڕێوەدەچێت؟

پرسیارەکە زۆر سروشتییە، بەتایبەت کە ئەو خرۆشانە جەماوەرییە جگە لە داعش لە هەمانکاتدا لە دژی دەوڵەتێکی هەرێمایەتی ڕکابەری ئێرانیش بێت کە ئەویش تورکیای تۆمەتبار بە داڵدەدان و بەخێوکردنی داعشە.

لەدروشمی خۆپێشاندانەکاندا بەئاشکرا سەرکۆنەکردنی تورکیا دەبینرا "مرگ بر تورکیه" یەکێک لە دروشمەکانی ئەو خۆپێشاندان و خرۆشانە جەماوەریانە بوو کە هەمووی یان زۆربەی بە مۆڵەتی پارێزگاری ئوستانەکان کراون و خەت و هێڵی گشتیشی — بێگومان- بۆ دیاریکراوە.

بە دووریش نابینرێ ئەو چەند چالاکوانەی لەو خۆپیشاندانانەدا دەستگیرکراون، لە هێڵی گشتیی ڕەسمکراوی خۆپیشاندانەکان لایاندابێت، ئەگەرنا دەستگیرکردنی خۆپیشاندەر لە ڕێپێوانێکی ڕێگەپێدراودا، چ شرۆڤەیەک هەڵدەگرێ؟

ڕوونە کە ئێران تێوەگلانی تورکیای لەگەڵ داعش قۆستووەتەوە و پێی خۆشە ناوبانگی سیاسی تورکیای لە ناوچەکەدا پێ لەکەدار بکات.

ئەو ناوبانگەی کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا تورکیا بەهۆی پەیوەندییە فەرمیە پراگماتیەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و پرۆسەی ئاشتی لەناوخۆی وڵات، بونیادی ناوە.

ئەو ناوبانگە باشەی تورکیا بەهۆی گۆڕینی سیاسەتی خۆی لەبەرامبەر دۆزی کورد لەناوخۆدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەباشوور بەدەستی هێناوە، هەڵوێستی ئێرانی لەناو ڕای گشتیی کوردیدا خستبووە ژێر پرسیارەوە.

ئێستا ئێران دەیەوێت لەڕێگەی داعشەوە تۆڵەی هەموو ئەوە لە تورکیا بکاتەوە.

ئێرانێک کە چەندین ساڵ ماڵی هەموو کوردی باشووری کوردستان بووە بەخەڵک و بە ئەحزابەوە، بەڵام لە دوای پێکهاتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە باشوور، نەیتوانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەم هەرێمە لە سەقفی عەقڵیەتی قەرارگای ڕەمەزان بەرێتە سەرووتر.

بەڵام لەبەرامبەردا تورکیای ئەردۆغان هەنگاوی نەوعیی لەگەڵ کورد بۆ پێشەوە دەنا و ڕۆژ بەڕۆژ پراگماتیستانە لە کورد نزیکتر دەبووەوە.

ئێستا ئێران خوازیارە داعش بکاتە دەستکەلا و ئەو ناوبانگەی تورکیا بڕووشێنێ، کۆبانێش بکاتە سەرەڕمێک و هەموو ئەوەی کورد لەگەڵ تورکیا لە چەند ساڵی ڕابردوودا بونیادی ناوە بڕووخێنێ. دووریش نییە بۆ ئەمە حەزی درێژەکێشانی شەڕی داعش لە کۆبانێ، لەسەری ئێرانیەکاندا کەڵکەڵەی کردبێت. بەڵام من وای دەبینم ئەمە نایەتەدی و دەرەنجام تورکیا فریای هەموو ئەمە دەکەوێت و نایەڵێت ئەوەی بەچەندین ساڵ لەگەڵ کورد بونیادی ناوە بەچەند ڕۆژێک لەسایەی ئێران و لەبەرچاوی ڕای گشتی و لە ژێر پێی داعشدا، وردوخاش ببێت و دابڕمێ. هەر بەم هۆیەشەوە پێموایە تورکیا هەرگیز ڕێگە نادات داعش شەڕەکە بەرێتەوەو بچێتە نێو کۆبانێ. ئەگەرچی ئەوەش ڕوونە کە تورکیا دەیەوێت دەسکەوت لەم شەڕفرۆشتنەی داعش بە کۆبانێ بەرێتەوەو لانیکەم سەری بەشار ئەسەدی پێ بخوات. هەرچەندە لەخۆپێشاندانەکانی باکووردا بەدەیان خۆپێشاندەر شەهید بوون و سومعەی تورکیاش تا ئەوپەڕی لەناو ڕای گشتی کوردیدا لەکەدار بووە، بەڵام شەڕی کۆبانێ تەواو دەبێت و کۆبانێش ناکەوێتە دەستی داعش، بەمەش هەموو ئەوەی لەناو تورکیا و لەباکوور ڕوودەدات کۆتایی دێت. مەرجیش نییە سەردانەکەی ساڵح موسلیم بۆ ئیستەنبوڵ بەوشێوەیەش بێ دەرئەنجام بووبێت کە لە میدیاکاندا دەردەکەوێت، بەڵکو دەرئەنجامی شەڕ لەکۆبانێ نیشانی دەدات ئەو سەردانە تاچەندێک ستراتیژی بووە، یان مایەپووچ بووە.

ئێران و ڕژێمی بەشار ئەسەد و ڕوسیاش کە بەشێوەیەک لەشێوەکان پەیەدە دەکەوێتە ناوبازنەی ئەوانەوە، نەیانتوانی یان نەیانویست هیچ بۆ کۆبانێ بکەن، لەبەرامبەریشدا زمانی ڕەخنە و توانج و "مرگ بر" ڕووی لە تورکیایە بە تەنیاو کەس نازانێت بۆچی ئێران یان ڕوسیا تاکە فیشەکێک ڕەوانەی کۆبانێ ناکەن بۆ لەناوبردنی داعش؟

بانگەوازی پەیەدە لەچەند سەعاتی ڕابردوودا بەشێوەیەکی فەرمی و لەزاری خۆیانەوە بۆ هاوپەیمانیی دژە داعش کە لەداعش بدەن، بۆخۆی پێشهاتێکی گرنگە و لەوانەیە پێشهاتی گرنگتری بەدوادا بێت کە لەوانەیە هەندێکیان لەبەرژەوەندی تورکیا بێت. ئەو هەنگاوانەی تورکیا لەگەڵ کورد لەچەند ساڵی ڕابردوودا ناویەتی ئێران خەوی پێوە دەبینێت و ئیرەییش بەتورکیا دەبات لەسەر ئەو هەنگاوانە، بۆیە تورکیا دەبێت فریای ئەوە بکەوێت کە لەم چەند ساڵەدا لەگەڵ کورد بونیادی ناوە و بەکەمی نەزانێت.

بانگەوازی ئێران بۆ گفتوگۆ لەگەڵ پارتە کوردیە چەکدارەکانی بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامی لەوانەیە ژمارە سفری ئەزموونی ئەو هەنگاوانە بێت کە تورکیا لەگەڵ کوردی باکوور ناویەتی و ئێران دەیەوێت شوێن پێی هەڵگرێت.

ئەگەر ئێران و ڕوسیا و بەشار ئەسەد نەتوانن یان نەیانەوێت فریای کۆبانێ بکەون، کەواتە کوردی ڕۆژئاوا دەبێت بەدوای هاوپەیمانێکی ڕاستەقینەی وادا بگەڕێن کە لەهەر قەیرانێکی وەک ئەمەی داعشدا بتوانن پشتی پێ ببەستن.

ئایا بەبێ پاڵپشتێکی ڕاستەقینە کوردی ڕۆژئاوا دەتوانن کانتۆنەکانیان بپارێزن؟ ئەزموونی داعش زۆر بە ڕوونی ئەو وەڵامەی داینەوە کە کانتۆنەکان پێویستیان بە پشتیوانیی دەوڵەتیی هەیە و بەتەنیا بە پاڵپشتی جەماوەری لە پاوەو سنەو سلێمانی و هەولێر و ئامەدەوە ناپارێزرێن! ئەمە واقیع و لۆژیکی سیاسەتە و خاتروخۆتری تێدا نییە.

کەواتە لەمەودوا ئەو دەوڵەتەی یان ئەو دەوڵەتانەی کۆبانێ و کانتۆنەکان یان هەر شتێکی دیکە لە ڕۆژئاوای کوردستان دەپارێزێن، ئەوان هاوپەیمانی ڕاستەقینەی کوردی ڕۆژئاوان، نەک ئەو دەوڵەتانەی لە دوورەوە بۆ مەرامی خۆیان بەکاریاندێنن، یان ناتوانن بیانپارێزن لە میحنەتدا.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



# تافان دەبێتە چیرۆکی فیلمێکی سوێدی

12 «

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالّح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵلا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

SALE
GALLERIA
SAVE UP TO 70 %
STARTS TUESDAY SEPT 23
10:00 - 23:00 ENGLISH VILLAGE
ARA BLDG, NEXT TO NARANJ TEL:07502397080
هەولێر: گوندی ئینگلیزی، تەنیشت خواردنگەی نارنج

SIDAR AGENCY
for advertisement and media production
agency@sidarholding.com
www.sidarholding.com
+964 750 833 22 33
+964 750 833 44 33
+964 770 252 11 11

بۆ ڕێکلام کردن لە تۆڕی میدیایی
RÛDAW
RÛDAW FM & MUSIC



پەیوەندی بکە بە:

